# فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

یوسف عزەدین



کتێبی ژنەفتن

١٣

# فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

یوسف عزەدین

# فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

یوسف عزەدین

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتایدا
دانەر: یوسف عزەدین
بابەت: دیالۆگ و وتاری ئەدەبی
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، نیسانی ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٥٣ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

## پێڕست:

هەمووان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاتووینەتە دەرەوە........................٩

نزیکبوونەوە لە وێڵگەی گێڕانەوەکانی ڕۆڵفۆ......................................٢٤

کێ سالە شێتی کوشت......................................................................٤١

دەنگەکانی نێو بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر....................................٥٥

نەوا موکرجی خوێنەرە نموونەییەکەی ئولیس...................................٧٢

فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا.....................................................................٧٨

وەڵامی پرسیارەکانی کوردپرێس........................................................٩٥

هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە یەشار کەمال.............................................١٠٤

گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەی ڕووداو.........................................................١٣٣

## هەمووان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاتووینەتە دەرەوە

ئەو بوونەوەرانەی کە لە پشکنەری گشتی و دەروونە مردووەکانی گۆگۆڵدا لە بەرچاوماندا بەرجەســـتە دەبێت؛ هیچ نین، کە هیچیش نەبن، کەواتە هەموو شتێکن.

ئەمیل سیۆران[1]

گۆگۆڵ ئەو ئەدیبە کەپوو باریکە قژخاوە سەرنجڕاکێشەیە، وەک لە وێنەکانی گەنجێتیدا بە بزەیەکی شـــاراوەی ســـەر لێوەکانییەوە تێمان دەڕوانێ؛ گەر پێشـــتر نەزانین کە ئەوە هەوە، ڕەنگە بە ڕوخساریدا وا بزانین، یەکێکە لە نیگارکێشە وردبین و باشـەکانی یەکێک لە قوتابخانەکانی وێنەکێشـان. هەر بـۆیە ئەوانەی ئەویـان لە دنیـای گـێـڕانەوەدا بە نیگارکێشـێکی بە سـەلیقە و شـارەزای وێنەکردنی سـیما و ئاکارەکانی مرۆڤی تێکشکاو و تەریک و داماو ناسـاندووە، بەهەڵەدا نەچوون و بگرە دەتوانم بڵێم؛ گۆگۆڵ لە دنیـای

[1] وەهم و شوناس/یوسف عزەدین/ چاپخانەی یاد/سلێمانی ٢٠١٢، لاپەڕە١٥٣

گێڕانەوەدا جۆرە نیگارکێش و نەخشێنەرێکی تایبەتی پۆرترێتی کاراکتەرە ئەنتی هێرۆ-کانییەتی، لەگەڵ ئەو ڕیتمە تراژیدییە پەردەپۆشکراوەی کە لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوە بە ڕووکەش تەنز ئامێزەکانیدا لامان ڕۆشن دەبێتەوە، بێگومان تێکەڵ بە شێوازێکی خستنەڕووی ئیغتیرابی، بە ناو ڕیالیستی و کۆمیدی، بەڵام جودا و جیاواز و ترازاو لە زۆربەی چەشنە نووسینەکانی پێشووتری دنیای ئەدەبیاتی ڕووسی و بگرە جیهانیش!

مایەی پرسیاریشە کاتێک چەند بەیتە شیعرێکی پووشکین-م بیر دەکەوێتەوە؛ باس لەوە دەکات هەندێک بەیتە شیعر بۆ فڕێدانە نێو ئاگر دەنووسێت. واتە هێندە پڕە و لە ناخەوە بە دەیان فیکرە و دەربڕین و دەستەواژە و وێنەی شیعری ئێخەی پێ دەگرن؛ دەتوانێت هێندێک لەو گوزارشت و دەربڕین و وێنانەی کە لەنێو دێڕ و بەیتەکاندا دایاندەڕێژێت و دەیانووسێت، پێش ئەوەی کەس بیانبینێت هەڵیاندەداتە نێو ئاگرەوە. بۆیە دەبێت لاشمان سەیر نەبێت، کاتێک پاش خوێندنەوە و قاڵبوونەوەمان لە دنیای گۆگۆڵ-دا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هەردوو فیکرەی

تێکستی، پشکنەری گشتی و دەروونە مردووەکان-ی لە پووشکینەوە وەرگرتووە. یان با بڵێین پووشکین ویستوویەتی بەرەو ئاڕاستەی ئەو جۆرە نووسینەیدا بەرێت و لە کاتێکدا خۆی بە چەشن و شێوازێکی تر نووسیویەتی و ئەمەش بەشێکە لە بلیمەتی و داهێنانی لەبن نەهاتووی زاتێکی وەک پووشکین و هەر ئەویش بووە کە هەر لە سەرەتاوە بۆتە ناسێنەری سەرەکیی گۆگۆڵ و لە بواری نووسیندا دەستگیرۆیی کردووە و هەندێک لە بابەتەکانیشی بۆ بڵاوکردووەتەوە. هەر لە سەرەتاوە درکی بە بلیمەتی گۆگۆڵ لە بواری گێڕانەوەدا کردووە. هەر بۆیە کاتێک گۆگۆڵ تێکستی "پشکنەری گشتی" دەنووسێت، ئەوەی لەیاد ناچێت لە زاری کەسایەتیی سەرەکیی تێکستەکەیەوە کە ناوی خلیستیکۆف-ە، گەورەیی پووشکین نیشان بدات؛ کاتێک بۆ خۆ گەورەکردنی خۆی لای خەڵکە سادەکە، ئاماژە بەوە

دەدات کە لە پترسـبۆرگ تەنانەت هاوڕێی کەسـایەتییەکی مەزنی وەک پووشکینیشە.[2]

ئەوەی تا ئێسـتاش لەبارەی پێوەندیی پۆزەتیفانەی گۆگۆڵ و پووشکین-ەوە خراوەتە ڕوو، لەلایەن زۆربەی توێژەران و ئەدیبانی ڕووسـەوە سـەلمێنراوە، تەنها کەسـێک کە لەم یاسایە لا دەدا، دەرهێنەری بەناوبانگ –ئایزنشتین-ەو ئەو پێی وابووە گۆگۆڵ هەڵگری ئێرەیی و حەسـادەتێکی شـاراوە بووە بەرانبەر بە پووشـکین و هەر ئەوەشـە وای لێ کردووە، شـتێکی دژ و جودا بە شـێوازی نووسـینی ئەو دابهێنێت.[3]

بەڵام ئەم ڕاوبۆچوونەی ئایزنشـتین، تا ئێسـتا تەنها و تەریک ماوەتەوە و پێناچێت وا بەئاسـانی کەسـانێکی

---

[2] https://kitabat.com/2013/05/21/%D8%BA%D9%88%D8%BA%D9%88%D9%84-%D9%88%D8%A8%D9%88%D8%B4%D9%83%D9%8A%D9%86/

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو

ئەکادیمی و شــــارەزا، لە ئەدەبیاتی ڕووســــیدا؛ بچنە پاڵ ڕاست و دروستی ئەوەی وروووژاندوویەتی.

پێش ئەوەی بەتەواوی ڕۆبچینە نێو بابەتەکەمان و سەفەر لەتەک بەســــەرهاتی پاڵتۆکەی گۆگۆل-دا بکەین، دەشــێت کەمێک باســی ڕاســتکردنەوە، یان لابردن و جێکردنەوە و تەنــانەت ســــڕینەوەی هەنــدێــک وشــــەی نــاتەواو و دروستکراوی نێو دنیای ئەدەبیاتی کوردی بکەین.

هەژار-ی زمــانــزان و لــێـکـۆڵەر لە بەرایــی "هەمـبــانە بۆرینە"کەیـدا دەڵێت: "بە نـاوی کوردایەتی تۆخ، لە زمـانە بەســــتەزمـانەکەی، وا لاواز و پەرەوازە و بێ خودانمـان بوونە مێمڵ، قل بەقل و چڵ بەچڵی زۆر بەوردی دەپشکنن و هەر وشــەیەک بۆنی عارەبییەکی کۆنی یان فارســییەکی مردووی هەزار ساڵەی لێ بێت، ئەو زانا کوردپەروەرانەی پێ شـــێت دەبن. وەک دزێکیـان لەنێو کـادێن دا گرتبێ، دوشـمنی ڕای ئیمانت بێ، چی پێ دەکەن! هەروا چەقۆیە و لێی دەسوێن، دەیدەنە بەر پلار و جوێن، کارێکی بەسـەردا دەهێنن دۆم بەژنی خۆی نەکردبێ. ئـاوڕوی وێژەری وشـــەکەش بە مەردەی کاوڕای پیوازفرۆش ئەوەن! مەڵێ

قەڵەم! بێژە پێنوس.. مەێژە کـاغەز! بوێژە تێنوس.. نەبێژ دەفتەر! بڵێ پەڕاو..."

ئیتر هەر لە درێژەی ئەو ڕیتمی دەسـتکـاریکردن و ئاوەژووکردن و هەڵگێڕانەوە و شـێواندن و دروسـتکردنی زاراوە و وشـەی نوێی زوبانی کوردیەشدا، کەسێک دێت و مام + وەسـتا، لێک دەدات و دەیکاتە مامۆسـتا و بەبێ ئەوەی بیری لەوە کردبێتەوە، ئەی چۆن دەبێـت هەمـان وشـەش بۆ مێینەش بەکار بهێنرێت؟! کەچی داخەکەم بەبێ پرسـیارکردن و هەڵوێسـتە لەسـەرکردنێکی جدی وا سالانێکە سەپێنراوە و بەکار دەهێنرێت.

کەسـێک دێت و وشـەیەک بە ناوی ڕەخنە-وە فڕێ دەداتە نێوەندی نووسـینەوە و بەبێ ئەوەی ئەسـڵ و فەسـڵی وشـەکە ڕۆشـن بێت و لە زمانی کوردیدا شـوێنجێگەیەکی لەوەوپێشـی هەبووبێت، کەچی تا ئێسـتا بڕی کردووە و ئیدی دیار نییە، کەی دەتوانین شـتێکی نوێی لەجێ بەکار بهێنین.

سـەبارەت بە وشـەی -چی+ڕۆک-یشـەوە؛ پێدەچێت بابایەکی نیمچەحیکایەتباز، لە بەرواریێکی نەزانراودا هاتبێت

و وشەیەکی لێکدراوی لەچی + ناوەڕۆک دروست کردبێت و لەو ڕۆژەوە گێڕانەوەی حیکایەتی بە شێوە تەکنیکییەکەی ئێستای؛ ناو نابێت چی+ ڕۆک و نووسەرەکەشی ناو نابێت، چی- ڕۆک- نووس.

کوردێکی بەوبەختی خاوەن سەدان حیکایەت و سەرگوزشتە و ئەفسانە و داستان و بەسەرهاتە گێڕانەوە، بێیت ناوێکی لێکدراوی دروستکراوی ناقۆڵا بەسەر کاریگەرترین ژانرێکی ئەدەبیی نیمچە ئەنتۆلۆژییانەی ئەودا بسەپێنیت. کوردێک تەنها شوێنەوارێک لە مێژووەکەی ڕاشکاوانە مابێتەوە، زمانەکەیەتی و مانەوەی چەندین ساڵەی زمانەکەشی لە ڕێی گێڕانەوەکانییەوە بووە و دەبێت بۆ نەتوانێت وەک فارس؛ کورتە داستان و داستانی درێژ یان باڵا بەکار بهێنێت. یان گەر وشەی حیکایەت، بە جۆرە گێڕانەوەیەکی کۆن و تەقلیدی دێتە پێشچاو! خۆ دەکرا وشەیەکی کوردیی پڕ مەغزاو مانای وەک -بەسەرهات-ی لەجێی چی+ڕۆک بەکار هێنابا.

بۆیە وەک خۆم؛ دەمێکە پێم وایە گەڕانەوە بۆ خودی وشەی گێڕانەوە، سەرد- نێرێتیڤ دروستترە و لە زمانی

عەرەبیشـــــدا بۆ تێکســـــتە نوێیەکـانی ئەم دواییـانەی نووسـەرانیان زیاتر سـەرد و بۆ نووسـەرەکەشـی سـارید بەکار دەهێنرێت و ئێمەش دەتوانین گێڕانەوە و گێڕەڕەوە یان ئینگلیزییەکەی بەکار بهێنین، دەشـــێت ژانرە ئەدەبییە ســـەردییەکانیش لە کورتە نێرەیتیڤ و نۆڤلێت و نۆڤێللاو ڕۆمان-دا بناسـینرێت، یان بەهەر شـێوازێکی تر کە جودا بێت لەوەی سالانێکە سەپێنراوە.

ڕەخنەگری ئەمریکی - جودیت لایبوفیتز- لە کتێبی (سـەرد و مەبەســـتداریێتی لە نۆڤێللادا) ئـامـاژە بە تێکەڵ کردنی نۆڤلێت و نۆڤێللا و کورتەڕۆمـان و بەکـارهێنـانیـان وەک ئەوەی یەک شـــت بن دەکـات! لە کـاتێکدا کورتەڕۆمـان کورتکراوەی ڕۆمـــانە و نۆڤلێـت درێژکراوەی کورتە نێرێتیڤە، بەڵام نۆڤێللا ژانرێکی تـایبەت بەخۆیەتی و زیـاتریش لە ئەدەبیـاتی ئەوروپیـدا نـاســـراوترە وەک لە ئەدەبیاتی شـوێنانی ترو تایبەتە بە ڕووداوە کارەساتبار و بابەتە سـەرنجڕاکێشـە کاریگەرەکان، بەدەر لەو درێژدادڕی و فێڵ و تەڵەکەیەی لە نووسـینی ڕۆماندا بەکار دەهێنرێت،

بە مەبەسـتی درێژکردنەوەی؛ بە شـێوەیەک کە دەبێتە حەشووکردن و داگیرکردنی قەبارەی زیاتر!

نۆڤێللا لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی؛ (هنریک ڤۆن کلیست و گێرهارت هۆبتمان و تۆماس مان و کافکا)، گەیشتە ئاستێکی باڵا و لە نموونەی نۆڤێللاش؛ مەسخی کافکا و لەبارەی پیاوان و مشکەکانی جۆن شتاینبێک و مەزرای ئاژەڵانی جۆرج ئۆرویل و پیرەمێرد و دەریای هەمەنگوایی و کۆلۆنێل کەسی نییە نامەی بۆ بنێرێتی گابریل گارسیا مارکیز، شایانی ئاماژە پێدانن.

بە هەرحاڵ با لێرەوە بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکمان، سەبارەت بە گۆگۆڵ و دەشێت بڵێین، ئەوێکی بە ڕەگەز ئۆکرانی، هەر لە سەرەتای نووسینەکانییەوە و تا دوایییەکانی تەمەنیشی زۆر تۆختر هەست بەوە دەکرێت، پرسیارگەل و پڕۆبلمە ئینسانی و ئیشکالە فەلسەفی و ئەنتۆلۆژییەکان لە دنیای ئەودا؛ بە پلەی یەکەم جێی خۆیان کردووەتەوە و بە تایبەتیش پاش فەشەل هێنانی لە بڵاوکردنەوەی قەسیدەڕۆمانی هانزکولگارتن- و کڕینەوەی سەرجەم نوسخەکانی و

هەڵهـاتنی بۆ دەرەوەی وڵات و پـاشــــان گەڕانەوەیی و بڵاوکردنەوەی کتێبی؛ شــــەوانە ئاهەنگ لە مەزرای نزیک دیکـانکـای هەڵهێنجراو لە فۆلکلۆری ئۆکرانی و بەپشــــت بەســــتن بە زۆر لە گێڕانەوە حیکـایەتەکـانی دایکی. بەم کتێبەشـی توانی شـکسـتی پێشـووتری لە بواری نووسـیندا بســــڕێتەوە و جدییانە جێی خۆی بکاتەوە و ئیدی لێرەوە ئیدامە بە کارەکانی داهاتووی خۆشی بدات.

دەگمەنن؛ ئەو ئەدیبانەی کە توانیویانە لە تەمەنێکی کورتدا وەک گۆگۆڵ، بگەنە ئاســـت داهێنانی شـــێوازێکی نوێ لە نووســـینێکی ڕیالیســـتییانەی تژی لە تەنز و کۆمێدیایەکی هاوتا لەگەڵ بێتامبوون و وێرانبوونی زیندەگیی بنیادەمان و نغرۆبوونی لە ڕۆتیناتی دووبارەبوونەوە و سـووڕانەوە لەنێو بـازنەکـانی بیرۆکراتییەت و ڕەهـایی دەســـەڵاتە تۆتالیتارەکاندا.

کاراکتەری ئەنتی هێرۆی نێریتیڤی پاڵتۆی گۆگۆڵ، ئەکاکی ئەکـاکیڤیچ-ی فەرمـانبەر، لە بوونە کۆمەڵایەتییەکەدا وەک نەبوو ئەژمار دەکرێت و هەر لە ســـەرەتای بەســـەرهاتی لەدایکبوونییەوە کێشـــەیەکی زۆر لە چییەتیی ناونانییەوە

پەیدا دەبێت و پاش هەڵدانەوەی تەقویمی ئەرسۆزکسی بە مەبەستی دۆزینەوەی ناوێکی گونجاو بۆی، کەچی ناو بۆ ئەو دەبێتە قاتی و لەنێو کۆمەڵێک ناوی ناقۆلای وەک؛ تریڤللاو دلاوڤارکاش و بافیکاخی و فاختیسی، بڕیار دەدرێت جارێکی تر ناوی باوکی لێ بنرێتەوە و بەمەش ناوی دەبێتە ئەکاکی ئەکاکیفیچ و لە ڕووسیشدا بە پیسایی دەوترێت ئەکاکی و هەروەها نازناوی خێزانەکەشی باشمچکین، وەک لە خودی گێڕانەوەی پاڵتۆدا ئاماژەی پێ دراوە: بەڕوونی و ئاشکرایی دیارە لە وشەی باشمک-ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای پێڵاو دێت لە ڕووسیدا.[4]

کاتێک ئەم کەسایەتییە لە تێکستە گێڕانەوەی پاڵتۆدا بەتەواوی دەخرێتە نێو زەلکاوی هیچ بوون و پەراوێزە و ئیدی ئاکاکی ئەکاکیڤیچ بە جۆرێک لە جۆرەکان ون دەبێت و پاڵتۆ دەبێتە کاراکتەری سەرەکی و ناکرێت لەنێو ئەو سەرما کوشندەیەی ڕووسیادا هیچ شتێک لە پاڵتۆ گرنگتر و بەئەهمیەتتر و جوانتر و گەرمتر و بەقیمەتتر بێت، ئەو

---

[4] المعطف و الانف/ ترجمة الدكتور محمد الخزاعى/بحرين ٢٠١٣

هەموو شـــتێکەو تەنانەت کاتێک بیترۆڤیچ-ی بەرگدروو، پـاڵتۆکە بۆ ئەکـاکی ئەکاکیڤیچ دەدروویێت و پـاش پرۆڤە پێکردن و تەواوبوون و لەبەرکردنی لەلایەن ئەکاکی-یەوە دوور و نزیک وەدووی دەکەوێت و بەشـــاگەشـــکەییەوە دەڕوانێتە ئەو توحفەیەی کە پاڵتۆیە و خۆشـــی وەســـتا بەرگدرووەکەیەتی.

ئیدی هەر ئەم پاڵتۆیەشـە دەبێتە سـەبەبکاری داوەتکردنی زۆرەملێیانەی بۆ داوەتێکی شەوانەی یەکێک لە کەسایەتییە هەبووەکـانی نێو فەرمـانگەکەیی و دواجـار گەڕانەوەی درەنگ وەختی و دزرانی پاڵتۆکەی لە کۆڵانێکی تاریکدا.

پـاش دیمەنی دزرانی پـاڵتۆکە؛ خوێنەر خۆی لێ دەبێتە کاراکتەرە بێ پاڵتۆکە و بەو سەرمایە هاوار بە چواردەوری خۆیدا دەکات و ناڵە و ســـەدای دەگاتە هەر گوێیەک کە مەبەســـتی بێت، گوێڕادێرێت بۆ ئـازاری قووڵی هەموو ئەوانەی وەک ئەکاکی ئەکاکیڤیچ، چ پاش دەردەســەرییەکی زۆر دەتوانن ببنە خاوەن پاڵتۆیەکی نوێی شـــایســـتە و چ ناشـتوانن لەنێو شـلۆقی یاسـاکانی دەوڵەت و خافڵبوون و گوێپێنەدانی پۆلیس و پاســـەوانەکاندا، نەهێڵن پاڵتۆکەیان

بدزرێت! کاتێکیش بێ پاڵتۆ دەمێنێتەوە و بە مەبەستی دۆزینەوەی دەگاتە لای –کەسایەتییە گرنگەکە- و ئەویش بە جۆرێک تێی دەخووڕێت و دەری دەکات، کە ئیدی هیچ هیوایەکی بۆ نامێنێتەوە، جگە لە مەرگ و بۆیە دەمرێت و پاش مردنیشی دەبێتە تارماییی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ و پاڵتۆ لەبەر بنیادەمان دادەکەنێت و تا دەگاتە ئەوەی حەقی خۆی لە –کەسایەتییە گرنگەکە-ش دەکاتەوە و پاڵتۆکەی بەری دادەکەنێت.

هەمووان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵ-وە هاتووینەتە دەرەوە!؟

یەکێکە لەو گوزاشتە زۆر کاریگەر و دێرینانەی کە ئەوەی خوێنەری ئەدەبیاتی ڕووسی بووبێت، بێشک گوێبیستی بووە، بەڵام ساغکردنەوەی ئەسڵی بێژەرەکەی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، جێگەی مشتومڕ و قسەوباسە و هەر بۆیە کەسایەتییەکی شارەزا و پسپۆڕ لە ئەدەبیاتی ڕووسیدا وەک دکتۆر؛ جەودەت هۆشیار[5]، پاش قووڵبوونەوەی لەنێو

[5] - https:/www.facebook.com/jawdat.heshyar

کۆمەڵێک سەرچاوەی کۆن و نوێدا، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە هیچ کام لە ڤیۆدۆر دۆستۆیڤسکی و ئیڤان تۆرگنێف و دیمتری گریگۆرڤیچ، خاوەنی ئەو گوزارشتە نین و پێی وایە نووسەر و دیپلۆماسی فەڕەنسی - یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆی سەفیری فەڕەنسا لە پترسبۆرگی پایتەختی ئەو دەمی ڕووسیای تزاری و لەمیانی وتار و نووسین و کتێبەکانییەوە، ئەو گوتەزایەی کە دەڵێت هەمووان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاوتووینەتە دەرەوە، داویەتە پاڵ نووسەری ڕۆمانی –لانەوازان- بەبێ ناوهێنانی ئەوەی کە نووسەرەکەی دۆستۆیڤسکی-یە و لەڕاستیشدا دۆستۆیڤسکی فیکرەی ڕۆمانەکەی لەپاڵتۆ-ەوە وەرگرتووەو بە شێوازێکی جودا مامەڵەیەکی داهێنەرانەی لەگەڵ کردووەو لە دیمەنێکیدا کاراکتەری –لانەوازان- دیفوشکین، نێرێتیڤی پاڵتۆ دەخوێنێتەوە.

یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆ، لەنیسانی ١٩٠٩ لەیادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی گۆگۆڵ لە مۆسکۆ لە وتارێکیدا دەڵێت:

"هەموو ئەم نەوانەی ئەدەبیـات؛ لە پـاڵتۆکەی گۆگۆڵ هاتوونەتە دەرەوە، پاڵتۆکەی ئەکاکی ئەکاکیڤیچ".[6]

بۆ زیاتر ناسـینی دنیای ئەدەبیاتی ناوازەی ئەو گێڕەڕەوە بەنامێییەش؛ لە جوانترین گوزارشـتێکیدا - ئەمیل سـیۆران- سـەبـارەت بەگۆگۆڵ وتویەتی: واقیعییەتەکەی هێنـدە گەورەیە تا ئەو ڕادەیەی ئەو کەسـایەتییانەی کە هەڵیان دەسـوورێنێـت دەبنە نەبوو، بەڵکوو دەبنە ڕمووزاتی جووڵاو کە بەتەواویی ئێمەی تێداین، کەسـایەتییەکانی ئەو شکست ناهێنن و ناکەون، چونکە لە سەرەتاوە شکستیان هێناوە و کەوتوون. ئەوەی ئێمە لەودا خۆشـمان دەوێت؛ ئەو ڕکەیەتی بۆ خەڵکی.. توندوتیژییەتی.. چەشنی بینینیەتی بۆ دنیایەکی تاوانبار.[7]

سـەرنـج: لە ئەدەب و هـونەریـی کـوردسـتـانـی نوێ/ژ:٨٢٢٦/١٩/١١/٢٠٢٠بڵاو بووەتەوە.

---

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[7] وەهم و شوناس، چاپخانەی یاد/٢٠١٢/ لاپەڕە ١٥٤

## نزیکبوونەوە لە ویڵگەی گێڕانەوەکانی ڕۆڵفۆ

"خوان ڕۆڵفۆ بە سێ سەد لاپەڕە توانی بگاتە ئاستی سۆفۆکلیس"

گابریل گارسیا مارکیز

پێدەچێت شـــیاو بێت بڵێین؛ زۆرێک لەو تێکســـتانەی بە درێژاییی مێژووی نووســـین و خوێندنەوە، خوێنەرانیان ســـەرســـام کردووە و توانیوویانە پێ بە پێی زەمەنە جیاوازەکان، لە ئاست خوێندنەوە و تەئویلی نوێدا بن، ئەو جۆرە تێکســـتانەن کە کورت و پوخت و تۆکمە بونیاد نراون، تەنانەت پارادۆکســـە فەلســـەفی و فیکرییەکانیش؛ ئەوانەی دەکرێت لە دێڕێکی کاریگەردا جێیان ببێتەوە، دواتر هەر ئەو دێڕەشە لەمیانی سەدان لاپەڕە لێکۆڵینەوە و نووســـین، هەوڵی یەکالاکردنەوە و لێ حاڵیبوونی دەدرێت.

کــاریگەرترین وتەیەکی مەولانــا جەلالەدینی ڕۆمی کە کرۆکی فەلسەفە سۆفیگەرییەکەیەتی، دەفەرمووێت:

هەرچییەکیت ببە؛ بەڵام وەرە.

ئیدی ئەم بانگهێشــتەیە، گەر من و تۆ؛ بەرەوڕووی بچین، دەتوانین لەمیــانییەوە پێ بنێینە نێو مەودایەکی نوێی تێڕوانین و چەشــنێکی جودا و نوێ لە مامەڵەکردن لەتەک ئیگۆی خۆمان و دواجار گەیشــــتنە جۆرێک لە تێڕوانینی باڵا و شایستە؛ بۆ خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێی هەموو ئەو شتگەلانەی لە دەرەوەڕا ئابڵووقەیان داوین.

پرســــیارێک کە ئێخەی زۆربەی خوێنەرانی تێکســــتە درێژەکان دەگرێت؛ ئاخۆ لە کاتێکدا کافکا لە هەفتا هەشــتا لاپەڕەیەکدا باشــــترین شــــاکارێکی، مەســــخەکەی جێ دەکـاتەوە. یـان خوان ڕۆڵفۆ لە ســــەد لاپەڕەدا یـاخوود کەمتردا، پیدرۆ پارامۆکەی لە بەرزترین ئاسـتی تەکنیکی و فانتازی و بە تازەترین شــــێوازێکی گێڕانەوەی ناتەقلیدی دەنووســــێتەوە؛ بە چەشــنێک هەموو خوێنەرە جدییەکانی ئەو نێرێتیڤەی ســــەرســــام کردووە، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ســەرســامکردنەشــی پەیوەســت بێت بە

ئەتمۆسفێرە میتافیزیکییە ناتەقلیدییەکەی. دەشێت خوێنەری جدی؛ لەمیانی وەسف و دەنگ و خشپە و چرپە و سامی گێڕەڕەوە مردووەکانەوە، بێ هیچ زانیارییەکی پێش وەختیش، بزانێت مامەڵە لەگەڵ نێرێتیڤێکی سەیروسەمەرەی کەم وێنەدا دەکات.

بەهەرحاڵ گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان؛ ئەی بۆ دەبێت توخمێک لە نووسەران هەبن، بەتایبەتیش ڕۆماننووسان، هیچ ڕێچکە و ڕێگەیەکی درێژدادڕی و ڕێکخستنی قسەوباسی بێسەرەوبەرە و گێڕانەوەی بێتام نامێنێت پەنای بۆ نەبەن. بۆ دەبێت خوێنەری نموونەیی پاش خوێندنەوەی چەند سەد لاپەڕەیەکی ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی پێشتر ڕیکلام بۆکراوی گەورەکراو، بگاتە هیچ؛ بگاتە ئەو ڕاستییەی کە لەپشت ئەو هەموو دێڕە سەقەتانەوە، کەسێک لەپشت هالەی گەورەکردنەوە خۆی مەڵاس داوە و دەیەوێت زۆرترین پانتایی بە بێکەڵکترین باس و خواسی زیادە پڕ بکاتەوە! چ ئەمە بەشێکە لەو سادییەتەی ئەو جۆرە نووسەرانە دەرئەنجامی کەموکووڕییە سایکۆلۆژییەکانیان پەنای بۆ دەبەن. چ خۆ

فووتێکردن و خۆ زل پیشـــــان دان بەشـــێکە لەو چەکە بایۆلۆژییە دێرینەی هەندێک لە ئاژەڵان پەنای بۆ دەبەن و مەبەســــتیانە گیانەوەرانی لەخۆ گەورەتر و بەهێزتری پێ بترسێنن.

هەر بۆ نموونە؛ ڕۆماننووسێکی زۆر ناسراوی شایستە بە ڕێز و خۆشــەویســتی بەندە، لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا تا ڕاددەی بـێـزارکـردنـی خـوێـنـەر بــاس لە حـیـکــایـەت و بگرەوبەردەی فەرشــــفرۆشـــێک دەکات. یان بە باســـی کــاراکتەرێکی زۆر خۆری نەگبەت؛ خەریکە لە پێســـتی خۆتت دێنێتە دەرەوە. یان لە شـــوێنیکی تردا بەحیســـاب باســـی کۆمەڵێک پیاوکوژ، یان ژنکوژت بۆ دەکات، جا واز لەوەش بێنە، هەیانە خەریکی عەتر دروســتکردنە و ڕەبەن ئاسا لە قۆناغی پاکبوونەوەیەدا. بەڵام لە هەمووی هەزەلیتر هەر یەکێک لەم پیاوکوژانە شــوێن دەســتی کوشــتنەکانی جیـاوازە لەوەی تر و ئیتر بە چەشــــنی فیلمی کۆمیـدی عەســـابە و بەتایبەتیش جۆری ئەنیمەیشــنەکەی، یەکێکیان ڕاســـــت و چەپ فیشــــەک دەنێت بە کوژراوەکانییەوە و یەکێکی تریـان نـازانم دەینێت بە کوێیەوە و ئیتر خوێنەر

نازانیت پێبکەنێت یان بگری. خۆ ئەم نووســــەرە بەڕێزە هەر ئەبوو شــــتێک زانیاری لەبارەی فیشـــەک تەقاندن و چۆنییەتی کوشت و کوشتار و ئەو جۆرە بگرەو بەردانەی ئیغتیالاتەوە بزانێت. وەک چۆن گابریل گارسـیا مارکیز، لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات چۆن فیدڵ کاســـترۆ باســی هەڵەیەکی نێو ڕۆمانێکی خۆی بۆ کردووە، لەبارەی مەودای پێکانی ئەو چەکەی کە ئەم لە ڕۆمانێکیدا باســـی کردووە. جا ئەوەی بڵێت، ئەدەبی فانتازی و جادووگەری و ئەفســووناوی و هاوشــێوەکانی ئەم جۆرە وردەکارییە واقیعییانە لەخۆ ناگرێت، وەڵامەکە ئەوەیە ســـەرەتا ئەو تێکســـتەی من بە نموونە هێناومەتەوە چەند خاتریشـــی بگریت؛ هەر ڕیالیســـتییە؟! لەوەش زیاتر تەنها لە ئەدەبە ســوریالییە بەرزەفڕەکاندا دەشــێت بە چەشــنی ســەیر و سەمەرەیی خەونەکان هەموو ئەوەی لەنێو نێرێتیڤێکدا ڕوو دەدات شــیاوی وەرگرتن بێت، ئەمیش تائەو ڕاددەیەی کە نەبێتە فیلمی کـارتۆنی منـداڵان.. لەوەش گرنگتر کـاتێـک دەقێکی جادوویی وەک "فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا" کە باس لە فڕینی کەســـایەتییەکی واقیعیت بۆ دەکات و دەزانیت لە حەقیقەتدا ئەمە ناشـــێت و کاری کردە نییە.. بەڵام کاتێک

پیدرۆ دەفڕێت؛ هەر بەڕاســتی وەک کەســێک دەفڕێت کە توانای فڕینی پێ بەخشــرابێت، ئەویش بەکەمبوونەوەی کێشــی، یان کەمبوونەوەی هێزی ڕاکێشــانی زەمین بۆ کەســەکە. هەموو ئەمانەش گەر لەنێو فیزیا و تێڕوانینە فیزیاییەکاندا جێشــی نەبێتەوە، بەڵام لە پانتایی و مەودایی ئەو ئەدەبە تــایــبەت و بــاڵایەدا جــێــی دەبــێــتەوە.. ســەرنجڕاکێشــترین دیمەنێکی نێرەتیڤەکەش بەســتنەوەی لاقی پیدرۆیە بە گوریســێکەوە بۆ ئەوەی تەواو لە حەوادا ون نەبێت و لەژێر کۆنترۆڵدا بمێنێتەوە. چەند ســەیرە کەســێک وەک ئەوەی چەشــنە نەخۆشــییەکی ناوازەی گرتبێت؛ یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر؛ ئەم توانای فڕین و بەرزبوونەوەیەی لا دروســت دەبێت و دواجاریش دەبێتە ئەو پیاوەی کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

لێرەدا دەبێــت ئەوەش بڵێین، هەبوونی وردەکــاری لە تێکســتدا؛ جیاوازە لە حەشــووکردن و درێژدادڕی و پڕکردنەوە و زیادەڕەوی بە نیازی هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر. چونکە زۆربڵێیی و حەشووکردن و درێژدادڕی، گوزارشتە لە نەتوانینی نووســەر بەئیدامەدانێکی دیالێکتیکانە، بەوەی

مەبەستییەتی بیگێڕێتەوە. ئەمە جگە لەونکردنی سەرەداوی بنەڕەتی گێڕانەوەکان؛ زۆربەی کاتیش نووســــەرانی ئەو جۆرە درێژدادڕییە حەیران ئـاســــایە، لە توانـایـانـدا نییە بابەتێکی فرەجەمســــەری پەلوپۆ بڵاو، کورت و پوخت لە داڕژگەی تەکنیکێکی ڕاکێشەرانەدا چڕ بکەنەوە.

گەورەتـریـن تـوانســــتـێکی کـاریگەرانەی گـێـڕانەوەی کەمەندکێشــــانەی گابریل گارســــیا مارکیز لە ڕۆمانی؛ کۆڵۆڵۆنێـڵ کەســــی نییە نـامەی بۆ بنووســــێـت-دا دەردەکەوێت، هەروەک بۆ خۆشــــی ئاماژە بەوە دەدات کە بۆیە ڕۆمانی ســەد ســاڵ لە تەنهایی نووســیووە، تاوەکوو خوێنەران ڕۆمانی کۆڵۆنێڵەکەی بخوێننەوە.

هەر پەیوەســت بە قســەوباس دەربارەی حەشــووکردن و درێژدادڕی، زاتێکی نەرجسی مەشرەبی خۆشەویست کە بە حیسـاب ڕۆماننووســە، کار دەگاتە ئەوەی لە ڕۆمانێکیدا زیـاد لە چـل پەنجـا لاپەڕەی بە بڵاوکردنەوەی بـابەتی وەرگێڕاوی نێو ویکیپیدیای ئەم نووسەر و ئەو نووسەر پڕ بکـاتەوە و لەوانە وەرگێڕانی زانیـارییەکـانی دەقـاودەقی ویکیپیدیای جۆرج ســیمینۆن-ەو وەک ئەوەی زانیارییەکان

هی خۆی و دەرئەنجامی خوێندنەوەی قووڵی بێت، ئاوا ترنجانوویەتییە نێو بەشی دووردوودرێژی زنجیرە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی و لە هەمووشی سەیرتر خودی بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەی لە هەردوو ڕۆمانی سێبەری باو، گەمەی فریشتە-ی کارلۆس ڕویز زافۆن-ەوە دزییەوە، پێشتریش زۆربەی ئەو نێرێتیڤانەی بۆرخیس سالانێکی دوور و درێژی تەمەنی لە نووسینیدا سەرف کردبوو، ئەو بێ سڵەمینەوە و شەرمکردن؛ پاش گەمەپێکردنێکی ئیبلیسییانەی زۆر وەستایانە و پێش و پاش خستنێکی کارامانەی ماتماتیکی و کەمێک دەستکاریی حیلەبازانە، زۆربەی تێکستەکانی ئەو زاتەی بەهەڵەوگێڕاوی و سەقەتی، کردە داهێنانی خۆی و کەسیفانە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە بێدەنگی جێی خۆی کردۆتەوە. وەک چۆن لە هەندێک وتار و دیالۆگەکانی پێشووتریشدا ئاماژەم پێ داوە؛ دزین جیایە لەکەوتنە ژێر کاریگەری، یان ئیلهام وەرگرتن لە نووسەرانی تر و زۆر شێوازی تری ڕێگەپێدراوی ئاشکرا، وەک تەوزیفکردنەوەی فیکرەیەک بە ئاماژەکردن بە ئەسڵ و فەسڵی سکچڕاڵە نێرێتیڤەکەی و دانەرەکەی. بەڵام نەشیاوە تۆ ڕۆحی نووسەرەکە بدزیت

و بە تەمسـیل کردن و تەقەمووس خۆت لێ ببێتە ئەو. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کەسانێک هەبن جا بە ڕاست یان بە درۆ باوەڕ بەوە بهێنن کە تۆ هەر ئەویت. چ هەزەلیاتێکە حاڵی ئەو نووسەرانەی کە چەشەبوون بەدزینی ئەدەبیاتی گەلان و تا بشنووسن هەر دەدزن.

چەند جوانە کاتێک گۆستاڤ فلۆبێر- لە نووسینێکیدا باس لەوە دەکات، پێش ئەوەی بەتەواوی فێری خوێندنەوە ببێت، زۆربەی ڕۆمانی دۆنکیخۆتەی سێرڤانتیسی ئەزبەرەکردووە و تەنانەت لە نووسینی؛ مەدام بۆڤاری- یشدا زۆر سوودی لە شێوازی نووسینی دۆن کیخۆتە وەرگرتووە.

با بێینەوە سەر باسی خوان ڕۆڵفۆو بڵێین ئەو جیاواز لەو نووسەرە دیکتاتۆرە سادییانەی، چێژ لە درێژدادڕی و حەشووکردنی تێکست و ئەشکەنجەدانی خوێنەر دەبینن، مەبەستێتی بەکورتی و پوختی و بەکەمترین گوزارشت و ئاماژە، بتخاتە نێو وێڵگەی گێڕانەوەکانییەوە. مارکیز سەبارەت بە سەرسامبوونی خۆی بە پیدرۆ پارامۆ دەنووسێت: "ئەلفارۆ مۆتیس؛ بە هەنگاوە فراوانەکانی

شـــەش نهۆمی بڕی و بە باوەشـــێک کتێبەوە خۆی کرد بە شـــــووقەکەمدا و لەنێو هەموویاندا کورترین و بچووکترین کتێبی جیا کردووە و بە پێکەنینەوە پێی وتم؛ ئەم نەفرەتییە بخوێنەرەوە تا فێر ببیت. ئەو کتێبە ڕۆمانی پیدرۆ پارامۆ بوو، هەر ئەو شـــــەوە تا بۆ دووەمجار لە خوێندنەوەی نەبوومەوە، نەمتوانی بخەوم."

کاتێک ڕۆلفۆ ڕۆمانی پیدرۆ پارامۆ دەنووسێت، سەرەتا لە دووســــەد و پەنجا لاپەڕەدا جێی دەکاتەوە و بەڵام دواتر پاش پێداچوونەوە و پاکنووسکردنی سەد و پەنجا لاپەڕەی لێ فڕێدەدات و تەنها ســـەد لاپەڕەیەکی دەهێڵێتەوە. ڕەنگە ئەمەش هۆکارێکی تری جوانی و جدییەتی ئەم تێکســـــتە بێت، چ کارەســــــاتێک دەبوو ئەگەر لەجێی لابردنی ئەو کۆمەڵە لاپەڕەیە، ئەوەندەی تریشی بخستایەتە سەر!؟

ئەمە لەکاتێکدا تراژیدیای ســــەرجەم مرۆڤەکانی ئەمریکای لاتین؛ بەتایبەتیش مەکسیک بە ئێستاشەوە بێکۆتا گێڕانەوە و بەسەرهات لەخۆ دەگرێت، سەرباری کێشەی شوناس و ناسنامە و ئینتیمایان، کەمێک هاوشێوەی کورد؛ بە جۆرێکە ڕوون نییە لە ڕابردوودا چی بوون؟! لە ئێســتاشــدا چین و

لە داهاتووشدا دەبنە چی؟! هەردەم نادیارییەک لە سەرتاپای بوونیاندا هەیە، بێدەسەڵاتی و سەقامگیربوون و مەنگییان، لە هەندێک کاتدا تا ئەو پەڕێتی و کەچی دڕبوون و کوشندەیی و توانای لە ناوبردنی بەرامبەریان، لەکاتی چاوەڕواننەکراودا، هەر بە هەمان شێوە تا ئەوپەڕێتی.

خوان ڕۆڵفۆ لەبارەی جووتیارە سادە و ساکارە مەکسیکییەکانەوە دەڵێت: "کاتێک لەگەڵیان دەدوێت، وادێت بە خەیاڵتدا کە توانای کوشتنی مێشێکیان نییە، خەڵکانێک تا ئەوپەڕی لەسەرەخۆو هێمنن... جۆرێک لەو جووتیارانەی لەگەڵ ئەوەی فێڵباز و تەڵەکەباز و لەئامادەباشیدان، بەڵام نیەتیان پاکە؛ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەپشت هەر پیاوێکیانەوە کۆمەڵێک کاری تاوانکاری شاردراوەتەوە، ئیدی ئیشەکەت لێ تێکەڵ دەبێت.. نازانیت لەگەڵ کێ مامەڵە دەکەیت، لەگەڵ بکوژێکی پڕۆفیشناڵ، یان لەگەڵ جووتیارێکی سادە و ساکار."

خوان ڕۆڵفۆ ساڵی ١٩١٨ لە ئەپۆلکۆ-سایۆلای سەر بە ناوچەی خالیسکۆ-ی مەکسیک هاتۆتە دنیاوە، زێدی نووسەر شوێنێکی وشک و برنگ و وێرانەخاکە،

خەڵکەکەی لەبەر ئەم هۆکـارە و لەبەر هەڵگیرســـــانی شـــۆڕشـــەکانی ناوچەکەش، بە ناچاری ڕوویانکردووەتە شـوێنانی تر.. خانەوادەکەی ڕۆڵفۆش پاش لەدایکبوونی بە چەند ساڵێک؛ ڕوویانکردۆتە سان گابرێل و کەچی لەوێش ئاشووب و نەهامەتی دەستبەرداریيان نەبووە. ساڵی ١٩٢٦ شۆڕشی لۆس کریستیرۆس بەرپا دەبێت و بۆ سێ ساڵ بەردەوام دەبێت و دەبێتە مایەی کوژرانی باوک و هەموو مامەکانی ڕۆڵفۆ.. لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: "منداڵیم گەلێک ســـەخت و دژوار بوو.. تەواوی ئەندامانی خانەوادەکەمان، پـاش کوژرانیـان؛ لاشـــــەکانیـان لێرە و لەوێ فڕێـدران.. ناتوانین هەموو ئەمە بخەینە ئەســـتۆی شـــۆڕش، چونکە ئەوە شــتێکە ڕەگ و ڕیشـــەی لە قووڵایییەکانی ڕابردوودا داکوتیووە، شــتێکی قەدەری نالۆژیکییانەیە.. تا ئەمڕۆ یەک هۆکار و بەڵگە نادۆزمەوە کە بووە هۆکاری کوشــتنی ئەو کۆمەڵە کەســەی خانەوادەکەمان؛ بەو شــێوەیە و هەروەها هەموو ئەو کوشت و بڕ و لەناوبردنانەی دیکەش."

ڕۆڵفۆ بۆ بەدەســـــتهێنانی بژێوی ژیانی؛ چەندین ئیش و کاری جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە، ڕەنگە دیارترینیشــیان

کـارکردنی بوویێـت لەکـارگەی دروســـتکردنی تـایەی ئۆتۆمبێلدا و لە نامەکانیشیدا بۆ هاوسەرەکەی ئەو دەمەی دەسـتگیران بوون، بەسـەرهاتی ئەو سـەردەمانەی ژیانی، ڕەنگی داوەتەوە و هەر دواتریش ئەم نـامـانە لەدووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو کراونەتەوە.

هەرچەند تێکسـتە ئەدەبییەکانی ڕۆلفۆ زانراون؛ بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی دۆزینەوەی کۆمەڵە نووســـینێکی نوێی ڕۆلفۆ؛ دواجـار دەرکەوت بـابەتەکـان بریتیین، لەو موحـازەرانەی لێرە و لەوێی ئەم کۆڕ و ئەو ســـیمینـار پێشکەشی کردوون، لەگەڵ هەندێک وتاری بڵاونەکراوەش، بەڵام ئەوەی زانراوە ڕۆلفۆ سـاڵی ١٩٥٣ کۆمەڵە نێرەتیڤی (پێدەشـــت دەســـووتێت) بڵاو دەکاتەوە و ١٩٥٥ ڕۆمانی پیدرۆ پارامۆ و پاش یانزە سـاڵیش لە بێدەنگی تێکسـتێکی بەناوی لاکۆردییرا تەواو دەکات و لەنێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٨یشـــدا (کەڵەشـــێرێک لە ئاڵتوون)ی نووســـیووە و ١٩٨٠دا بە چاپێکی زۆر خراپی پڕ لە هەڵە بڵاوکراوەتەوە و دواتر لە سـاڵی ٢٠١٠دا پاش ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکانی پێشووتر، بە شێوازێکی باشتر چاپ کراوەتەوە.

بەڵام ئەو زیاتر بە پیدرۆ پارامۆکەی دەناسـرێتەوە و پێی دەگاتە ئاسـتی نووسـەرە باشـەکانی جیهان و وەک بۆرخیسـیش لەبارەیەوە وتوویەتی:"پیدرۆ پارامۆ یەکێکە لەباشـترین ڕۆمانەکانی ئەدەبی ئیسـپانی و بگرە ئەدەبی جیهانیش".

زۆر جـاران ڕۆڵفۆ ئەوەی دووبـارە کردۆتەوە، ئەو لە خوێنەربوونیدا پڕۆفیشناڵە، بەڵام لە نووسەر بوونیدا تەنها ئـارەزوومەنـدێکە. لە وتـارەکـانیـدا بەتـایبەتیش ئەوانەی لەژیـانیـدا بڵاو نەکرابوونەوە. کۆمەڵێـک وردەکـاری و زانیاریی کاریگەر دەدۆزینەوە، ئاوڕ لە هەندێک نووسـەری جدی و کارامەی کەمتر ناسـراوی نێو دنیای میدیاتیکی دەداتەوە، بە ڕاوبۆچوونی ئەو لەباشـترینەکانن لە بواری نووسـینی نێرەتیڤ و ڕۆماندا وەک؛ فرانسـیسـکۆ ڕۆخاس گۆنزەنلیز، ئەندەریس ئینسبستروسا، ڕۆزا یوکاستیانوس، ڕۆمۆن ڕۆبین، ئیراکیلیۆ زیبیـدا.. هەروەهـا لە وتـارێکی بڵاونەکراوەیدا باس لە نێرێتیڤێکی نووسـەرێک بە ناوی فیرناندۆ ئیسکۆ بینێچی دەکات کە گوایە لە باخا کالیفۆرنیا نیشتەجێیە و یەکێکە لە دیارترین گێڕەڕەوەکانی مەکسیک.

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦دا نووسەرێکی نیشتەجێی هەمان شوێن بە ناوی دانێڵ سادا لەبارەی ئەو نووسەرەی ڕۆڵفۆ ئاماژەی پێ داوە، وتی؛ هیچ کەسێک نییە دوور و نزیک هیچ شتێک لەبارەی ئەو نووسەرەوە بزانێت.

لە ڕوویەکی تریشەوە قسەوباسی گەرم و گوڕ تا هەنووکەش لەنێوان هەوادارانی ئەدەبیاتی ڕۆڵفۆدا بەردەوامە، کە بۆچی هاوشێوەی نووسەرانی تر بە زنجیرەیەک لە ڕۆمان و نێریتیڤی بەردەوام درێژەی بە بڵاوکردنەوەی کتێب نەداوە، هەر بۆ نموونە هاوشێوەی ئەو ڕۆماننووسانەی کە ساڵانە یان چەند ساڵ جارێک لانی کەم ڕۆمانێک بڵاو دەکەنەوە؟

پێدەچێت زۆر هۆکار هەبن، بەڵام سەیرترینیان ئەو شوبهاندنەی گەورە نووسەری هیندۆراسی؛ ئۆگۆستۆ مۆنتیرۆسۆ- ی هاوڕێی ڕۆڵفۆیە لە نێریتیڤێکیدا و لەکتێبی (بەرانە ڕەشەکەو حیکایەتی تریش)دا بڵاو کراوەتەوە.. کاراکتەری نێریتیڤەکە ڕێوییەکە پاش ئەوەی هەست بە بێزاری و بێوازی دەکات، بڕیار دەدات ببێتە نووسەر، هەر بۆیە نێریتیڤێک دەنووسێت و دەبێتە مایەی سەرسامبوونی

خوێنەرانێکی زۆر، ئیتر وێڕای دەستخۆشی و پێداهەڵدانی داوای تێکستێکی نوێی لێ دەکەن و ئەویش تێکستی دووهەمیش دەنووسێت و وەک جاری پێشوو مەدح و سەنایەکی زۆر دەکرێت و ئینجا داوای تێکستێکی تریشی لێ دەکەن و ئیتر لێرەدا ڕێوی لەبەر ئەوەی ڕێوییە؛ لەگەمەی چواردەورەکەی تێدەگات و دەزانێت ئەم هەموو داواکاری بەردەوامبوونە لێی؛ بۆ ئەوەیە بە نووسینی دەقێکی خراپ تێ بکەوێت و تا ئەو دەم هەر ئەم موعجیبانەی لە ئێستادا پێیدا هەڵدەدەن؛ لە لووتکەی ناوبانگ و شۆرەتییەوە فڕێیدەنە خوارەوە.

**سەرچاوەکان:**


بیدروبارامو/خوان رولفو/ترجمە؛صالح علمانی/سعودیە-الدمام٢٠١٣

السهل یحترق/خوان رولفو/ترجمە؛علی عبدالرؤوف البمبی/القاهرە٢٠١٣

*https://hafryat.com/ar/blog/%D8%A8%D9%8A%D8%AF%D8%B1%D9%88-%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%85%D9%88-%D9%84%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86-%D8%B1%D9%88%D9%84%D9%81%D9%88-

%D8%AA%D8%A7%D8%B1%D9%8A%D8%AE-
%D8%A8%D8%A3%D9%83%D9%85%D9%84%D9%87-
%D9%81%D9%8A-%D9%85%D8%A6%D8%A9-
%D8%B5%D9%81%D8%AD%D8%A9-
%D9%85%D8%AF%D9%87%D8%B4%D8%A9

http://dipnotkitap.net/OYKU_ve_NOVELLA/Pedro_Paramo.htm

سەرنج: لەئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە ٨٥٧٨- ٢٠٢٢بڵاو بۆتەوە.

# کێ سالە شێتی کوشت

## گێڕانەوەیەکی نیمچە بێکۆتا لە جوگرافیای گێڕانەوەی کوردیدا

"مەنووسن؛ بە نووسین دەچنە نێو دنیایەکی پڕ لە نەهامەتی و تەنهاییەوە، هەروەها جۆرێکیش لە خۆشاردنەوە لە دنیا.. کردەی نووسین وەک ئەوە وایە لەگروپێکی ئایینییەوە فەرمان وەربگریت.. بەکورتی و پوختی نووسین دەردە..."

پۆڵ ئۆستەر

عەلی کەریم دانەری ڕۆمانی 'کێ سالە شێتی کوشت'، لە دواییەکانی تەمەنیدا بە قەولی پۆڵ ئۆستەر، دەچێتە نێو دنیا پڕ لە نەهامەتی و دەردئامێزەکەی نووسینەوە و لەپەنجا و نۆ ساڵیدا لە مۆسکۆ دەبێتە هاوڕێی عومەر بابەکر سەلیم و هەر ئەویش لە پێشەکی بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی: بەهۆی تامەزرۆییم لە خوێندنەوەی کوردی و کۆڕی شیعری لەو کاتانەدا

باسەکان هێنایانە سەر ڕۆمانەکەی دکتۆر عەلی و پێی وتم کە بێتاقەتی شتێکی نووسیوە و حەز دەکات بیخوێنمەوە و بزانم چۆنە، هەر لەم خاڵەوە تا ٢٠١١ ئەگەر بڵێم ئەم ڕۆمانە زیاتر لە ٣٠ جار نووسراوەتەوە و گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە لەلایەن خودی دکتۆر عەلی-یەوەو بۆ خۆشم دەیان جار تۆماری دەنگیم بۆ کردووە تا لە ڕستەکان و دەربڕینەکان دڵنیاببمەوە و دەربڕینەکان سادە و بێ کێشە بن. هەر کاتێک تێبینییەکم دەدایە، ئەو نەدەهات ئەو خاڵە ڕاست بکاتەوە یان بیگۆڕێت، بەڵکوو لە سەرەتاوە ڕۆمانەکەی دەنووسییەوە، تا هەستم پێ کرد، ئیتر وازم لە تێبینییەکان هێنا و تا تەواوی نەکرد پێیدا نەچوومەوە و تەنها وشە عەرەبییەکانم کە هەندێک جار هەبوون، لە ڕستەکاندا دەگۆڕینەوە بە وشە کوردییەکان".

جێگەی ئاماژە پێدانیشە، کە نامەیەکی عەلی کەمال بۆ عومەر بابەکر سەلیم، لەپێشەکی بەرگی یەکەمدا بڵاو کراوەتەوە و تێیدا هاتووە: "یەکەم.. باسی کوشتنی سالە شێت؛ لە کۆتاییی بەرگی دووهەمدا تەواو دەبێت.. لە بەرگی سێهەمدا سالە لە ئاسمانە و بووە بە مەلائیکەت لە

بەهەشت، لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکدا ڕۆحی سالە پەیا ئەبێت، بۆ یارمەتی دانیشـتووانی سـلێمانی.... کاک عومەر، بڕوام پێبکە بەرگی سـێهەم ئەمەندە بەرزە خۆم سـەرم لێ دەرنـاچێ، چۆن شـــتی واخۆش و پڕ لەنوکتەو پێکەنینم بەخەیاڵدا هاتووە.."

لەم ســـەرەتـایەوە، ئەگەر منی نووســـەری ئەم کورتە خوێندنەوەیەش شـــتێکی ئەوتۆ نەدرکێنم؛ ئەوە خوێنەری زیرەک دەتوانێت هێدی هێدی لە پەنهان و نهێنی کۆدەکانی ئەم دانەرە و هـاوڕێکەی بگـات و کەمێک لە مـاجەراکـانی پشـــت کەوالیســـی کردەی گێڕانەوەی 'کێ ســـالە شـــێتی کوشت' حاڵی ببێت.

هەروەها دەشـــێت خوێنەر، چەندین پرســـیاری تریشـــی لا دروســـت ببێت و ئیدی ئەوەی ئێمەش لێرەدا مەبەســـتمانە وەک خوێنەرێکی ئەم گێڕانەوە تولانییە، ورووژانــدنی چەشنە پرسیارێکە؛ دوور بێت لە شارچێتی و بەرزکردنەوە و پێـداهەڵـدانی کوێرانە، یـان لێـدان و دژایەتی کردنێکی بێمانا.

حەقیقەتی ئەم گێڕانەوەیە؛ دواجار قابیل بە هەموو جۆرە خوێندنەوە و تێڕوانین و بگرە و بەردە و قووڵ بوونەوە و گرتنەخۆ و ڕەتکردنەوە و هەڵوەشـــاندنەوەی ســـەرجەم چەمکە ئەبستمۆلۆژی و تەفکیکییەکانە.. سەرباری پێویست بوون بە هەڵســەنگاندێکی جدی و کاریگەر. چونکە ناکرێت مـانـدووبوون و هەوڵـدانی بەردەوامی دانەرەکەی لە دواییبیەکانی تەمەنیدا بەهەند وەرنەگیرێت و زۆر بەوردی لەوە تێنەگەین بۆ ئەم پیاوە، لەو کاتەوە کەدەزانێت کەسێک گوێگریەتی یـان بـا بڵێین خوێنەرێتی، بە فیعلی هەوڵی نووســـینەوەی گێڕانەوەیەکی نیمچەبێکۆتـا دەدات وەک عومەر بابەکر سەلیم-ی هاوڕێی ئاماژەی پێ دەدات: "هەر کاتێک تێبینییەکم دەدایە، ئەو نەدەهات ئەو خاڵە ڕاســـت بکاتەوە یان بیگۆڕێت، بەڵکوو لە ســـەرەتاوە ڕۆمانەکەی دەنووسییەوە، تا هەستم پێ کرد، ئیتر وازم لە تێبینییەکان هێنا و تا تەواوی نەکرد پێیدا نەچوومەوە."

کەواتە دانەر لە تەمەنێکدا کە زۆرێک لە خەڵکی لەو تەمەندا، تووشـــی لە بیرچوونەوە و ئەزهایمەر دەبن، کەچی ئەم بەپـێـچەوانەوە لە بەرزتـریـن ئـاســـتـی گەنـجـێـتـی

یــادەوەرییەکــانیــدا بووە و بە زیــادەوە هەموو ئەوەی ســــاڵانێک لە زاکیرەی خۆیدا پاراســــتوونی؛ لەمیانی گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا هەڵیڕشتوون. بەڵام ئاخۆ ئەم هەڵڕشتنە، لەو جۆرە تێکستانەی هێناوەتە بوون کە تەنها لە قاڵبێکدا ڕادەوەستن؛ ئیتر ناشێت دەستکارییان بکەیت و دەبێت لەو فۆرمەدا پارێزراو بن و گونجاو نییە بە شێوەیەکی تر ئەندێشەیان بکەیت. یان پێچەوانەکەیەتی و ئاشــــکراشـــــە هەر لە پێشــــەکی ڕۆمانەکەوە دیارە کە پێچەوانەکەیەتی.

دەکرێت ئەم ڕۆمانە وەک تێکستێکی دەرەوەی گێڕانەوەی تا ئێســـتا بڵاوکراوەی نێو ئەدەبیاتی کوردی، بخوێنرێتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە جۆری چەشــــنی تەنز و گاڵتەوگەپ و قۆشـــــمەچێتییەکی هاوشـــێوەی 'ڕشـــــتەی مرواری' و 'قووتووی عەتار' و زۆرێک لە شـــــیعرەکانی 'شێخ ڕەزا' و کۆمەڵێک لە نوکتە و قسە و باسە نووسراو و نەنووسراوە سێکسییەکانە. وەک پۆلێنکردنیش هەن ئەم جۆرە تێســـــکتانە دەخەنە نێو کایەی ئەدەبیاتی میللییەوە؛ ئەگەر دروست بێت وای ناو بنرێت یان.

پۆڵ ئۆستەر دەڵێت؛ کەمجار خۆم وەک نۆڤێللانووس دێتە پێشچاو و زیاتر خۆم بە گێڕەڕەوەی حیکایەتەکان و خۆم بە حیکایەتخوان دەزانم.

دەشێت بەسانایی لەم تێڕوانینەی پۆڵ ئۆستەر-ەوە بگەینە گرنگی و بەرزی توانستی گێڕانەوە و بوون بە گێڕەڕەوە، کەواتە ناو هێنانی ئەم تێکست و ئەو تێکست بە هەر ناوبراوێک، لەکورتە نێرەیتیڤ- سەرد- ەوە تا نۆڤێڵ و نۆڤێللا و ڕۆمان هیچ نین، ئەگەر توانای گێڕانەوە و ڕاکێشانی خوێنەر نەگاتە پلەیەکی باڵا، ئەلحەقی ئەمەش بەتەواوی و بەتایبەتیش لە بەرگی یەکەمی کێ سالە شێتی کوشت-دا، بە ئاشکرا زاڵە و دەزانیت؛ گێڕەڕەوەکەی بە فیترەت گێڕەڕەوەیە و ئیدی ئامادەیە هەموو کەرستەکانی جەزبکردنی خوێنەر بەکار بهێنێت، ئەگەر بەمەش زمان بهێنێتەوە ئاست زمانی بازاڕ و لگاوخانە و مەلها و گوزەری نێربازان و چەقۆکێشەکان و خوێڕی و نامەرد و ناکەس بەچەکانیش.. بەم ئاماژەیەشمان؛ نە مەبەستمانە ئەم دوو بەرگی ڕۆمانە حەوا بدەین و نەگەرەکیشمانە لە هەڵدێر هەڵیدەینە خوارەوە. بەڵکوو دەشێت بڵێین ئەوەی

عەلی کەریم کردوویەتی، وەک نووســــەرێکی دەرەوەی نووســــەرە پرۆفیشــــناڵ و تەقلیـدییەکـان، بەتەواوی نووســــینەوەیە بە زمانی خەڵکی ئاســــایی ڕەشــــۆک و نەخوێندەوار و ســــادە و ســــاکارەوە، بە ڕیتمی "ڕشــــتەی مرواری" و هـاوچەشــــنەکانی کە بەمەش بە نـاچاری لە زۆربەی جومگەکانی ڕۆمانەکەدا لەپێناو نەدۆڕاندنی ئاستی بازاڕێتیی ئاخافتن و دیالۆگەکاندا، قوربانی بە تەکنیک و بەهـای ڕۆمـانەکەی داوە. چونکە هەر لە ســــەرەتـاوە مەبەســـتی نووســــەر خســـتنەپێکەنینی خوێنەر-ەو وەک لە پێشەکییە ئاماژە پێدراوەکەماندا هاتووە:

(کاک عومەر، بڕوام پێبکە بەرگی ســــێهەم ئەمەندە بەرزە خۆم ســــەرم لێ دەرناچێ، چۆن وا شــــتی خۆش و پڕ لە نوکتە و پێکەنینم بە خەیاڵدا هاتووە)

باشـە ڕەنگە یەکێک بپرسـێت، ئەی ناشـێت ئێمەش ڕۆمانی هەزەلی و کۆمێـدیی هـاوشــــێوەی گێڕانەوە میللیەکـانی هەندێک لە میللەتانمان هەبێت!؟ بێگومان دنیای نووســــین فراوان و دەرکەی نووســــینیش والآیە. ئەم زاتە دانەرە؛ لە کاتی نووســــینەوەی ڕۆمانەکەیدا و بەهەڵهێنجان لە بینینی

فیلم و خوێندنەوەی گێڕانەوە پۆلیسـییەکانی سـەردەمانی گەنجێتی خۆی؛ هەر لە شـێرلۆک هۆڵمز-ەوە بۆ ئەجاسـا کریستی و ئەوانەی تر، بە تایبەتیش ماجەرەکانی شێرلۆک هۆڵمز-ی نووسـەری ئۆسـکۆتلەندی -ئارسـەر کۆنان دوێل- کە بە ئاشـکرا و شـاراوە، بە شـێوازێکی تر و ئیشـپێکردنێکی خۆماڵییەوە هێناویەتە نێو ڕۆمانەکەیەوە و هەرچەندە مەبەسـتی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە کە بڵێین ئەم جۆرە ئەدەبە کەمایەسـییە لەچاو ژانرەکانی دیکەی دنیای گێڕانەوە و نووسـینی کورتە نێرێتیڤو نۆڤێڵ و نۆڤێللا و ڕۆماندا. بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، ساڵانێکی دوور و درێژی ئەم زاتە لە یەکێتیی سـۆڤێتی جاران، ئەگەر خوێنەرێکی جدی بووایە، ئەوە بێگومان دەیتوانی لەڕێی خوێندنەوە و دیراسـەکردنی هەندێک نموونەی ئەدەبیاتی تەنزئامێزی نووسـەرانی ڕووسـەوە، بە تایبەتیش گۆگۆڵ-ەوە؛ هەمان بەسـەرهات و سـەرگوزشـتەی سالە شێت و خەڵکەکانی ترمان لەنێو ئەندازەسـازییەکی دیکەی تەکنیکە گێڕانەوەیەکی ئەدەبیانەی باڵادا بخاتە پێشچاو.

نووسەری ڕۆمانی ناوبراو، زۆر خۆڕسکانە و لە تەمەنێکی هەڵکشاوی نزیکە کۆتاییدا، دەکەوێتە جۆرە گێڕانەوەیەکی جیاواز و جودا لەگەڵ چەشن و شێوازی گێڕانەوەی باوی ئەدەبیاتدا و لە هەمووشی گرنگتر توانای تەواویەتی لە بەکارهێنان و دروستکردنی دیالۆگی بەردەوامدا! بالانەبوون و پتەونەبوونی دیالۆگ؛ کەموکوڕییەکی زۆربەی گێڕانەوەکانی پێشووتری ئەدەبیاتی کوردی بووە. واتە ئەدەبیاتی سەردی- نێرەیتیڤ-ی کوردی زیاتر وەسفی بووە و کەمجار توانیویەتی لەڕێی دیالۆگی لۆژیکی و جالیبەوە خوێنەر کەمەندکێش بکات. ئەم جۆرە دیالۆگەی کە نووسەر لە دوو بەرگی بەردەستی ڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە، زیاتر لە سیناریۆ دەچێت و زێدەتریش هەر لەو ڕێیەوە دنیایەک بەسەرهاتی بێکۆتا و لەبن نەهاتووت بۆ دەگێڕێتەوە و ئەمەش ڕاستییەکە و ناکرێت نکوولی لێبکرێت، ئەگەر زۆر هەڵە و کەموکوڕیش لەخۆ بگرێت. بەڵام دواجار زیندوویەتیی دەق لەوەدایە قابیل بە جەدەل و بگرە و بەردە بێت، بە جیا لە پێداهەڵدان و لێدان و بەرزکردنەوەی، شتێکی تر بێت.

بەڕاستی ڕۆمانی کێ سالە شێتی کوشت؟! بە هەموو ئەو بێزارییەی کە وەک خوێنەرێک لە خوێندنەوەیەدا ڕووبەڕووی بوومەوە، یاخود لەگەڵ زۆر دیمەن و بەسەرهاتی کاڵوکرچ و نەشاز و بێماناى تێکترنجاوی نێو ڕۆمانەکە نامۆ و تەریک مامەوە. بەڵام ناشێت توانای گێڕانەوەی نیمچە بێکۆتای دانەرەکەی نەبینین. دانەر؛ لە توخمی ئەو حیکایەتخوانانەیە، کە بە منداڵی لە بە ساڵاچووەکانەوە بیستبووم، کە چۆن چۆنی لێرە و لەوێی هەندێک لە شوێنەکاندا هەبوون و تەنانەت هەندێکیان لە فڵانە قاوەخانە و فیسارە مەجلیسدا بوونی نیمچە بەردەوامیان هەبووە. ئیتر وەک بۆیان دەگێڕامەوە، هەبوون ئەوەندە ڕۆچوونەتە نێو دنیای گێڕانەوەکان و هێندە بەرجەستەی کەسایەتییەکانیان کردووە. کە جار جارە گێڕانەوە و نواندنیان تێکەڵ کردووە و جار هەبووە دارعەساکەی دەستیان لێبۆتەوە شمشێر و لە کاتی وەشاندنیاندا گۆزە و شەربەئاوێکی نزیکەدەستیان شکاندووە.

ئێمە لێرەدا خوێنەرین و ڕەنگە بتوانین بەپێی ئەم خوێندنەوەی ئێستامان ئەمەی ئێستای لەبارەوە بڵێین و دەشێت لە خوێندنەوەکانی تریشماندا بۆ هەمان ڕۆمان ئەگەر کاتمان بۆ ڕەخسا، شتی نوێ و جیاوازتر بڵێین. کەواتە ئەوەی خوێنەر دەیڵێت، ناشێت وەستاو بێت و وەک سوێندی خواردبێت؛ تاسەر و دوای چەندین خوێندنەوە هەر ئەوە بێت. چونکە ئەم جۆرە دەمارگیرییە لە سەپاندنی ڕاوبۆچوونێکی دیاریکراودا، دۆگمایە و هەر ئەمەشە حاڵی ئەدەبیاتی میلۆدرامییانەی کوردی. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە؛ بۆ دەبێت لە دنیای گێڕانەوەدا، هەر ئەوانە هەبن کەهەن و هەر ئەوانەش بخوێنرێنەوە و ناویشیان وەک بەسامترین و جوانترین و گەورەترین گێڕەڕەوەی کورد بهێنرێت و چەند دام و دەزگایەکیش کار بۆ ناساندن و ڕیکلامکردن بۆ ئەو جۆرە نووسەرە پێشتر هەڵبژێردراو و دیاریکراوانە بکەن.

ئەوەتا عەلی کەریم؛ ئەم نەخشەیە دەشێوێنێت و بە تەمەنێکی گەورە و لە دەرەوەی ئەم دنیای ڕیکلام و گەورەکردنەی ئێستای واقیعی چاپ و بڵاوکردنەوەی

کوردییەوە، دێت و بە چەشـــن و شـــێوازێکی جودا، جۆرە گێڕانەوەیەکی تر دەهێنێتە نێو دنیای ئەدەبیاتی گێڕانەوەی کوردییەوە. هەرچەند ئێمەی خوێنەر ناتوانین، هیچ زیاد و کەمێک بخەینە سەر ئەم تێکستە نووسراوە ناوبراوە. بەڵام دەشێت هەندێک تەمەننامان هەبێت و بتوانین بڵێین خۆزگە دانەر، بە چەشـــــنی گۆگۆڵ، بابەتێکی زۆر ســـــانای وەک پێداویستی کاراکتەری تێکستی پاڵتۆ-ئەکاکی ئەکاکیڤیچ-ی بۆ پاڵتۆیەک کردبایەتە بابەتێکی تەفکیکی زۆر کاریگەر.

بێگومـان بمـانەوێـت و نەمـانەوێـت کۆمێـدیـا تەڵخەکەی گۆگۆڵ؛ دیوەکەی ئەودیوی شـــتەکانمان پیشـــان دەدات و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسـیاری ویژدانی و ئەخلاقی زۆر کاریگەرمان دەکاتەوە. بەڵام لە ڕۆمانی کێ ساڵە شـــێتی کوشـــت؛ وەک نووســـەرەکەشـــی ئاماژەی پێ دەدات و بۆ خســـتنەپێکەنینی خوێنەرە. باشـــە خۆ دەشـــێت خوێنەر، بە خوێندنەوەی تێکســـــتە گێڕانەوەکانی عەزیز نەســـین-یش پێبکەنێت. بەڵام ئاخۆ ئەو تێکســـــتانەی ئەو تا چەند لە کۆمەڵە جومگەیەکـدا دەبنەوە بە یەکپـارچە گێڕانەوەی ســـــەرزارەکی کـاڵوکرچ!؟ بێگومـان نـابن و هیچ زیـاد و کەمییەک لە بەکارهێنانی وشـــەو دەســـتەواژە و دیمەن و درێژکردنەوە و یـان کورتکردنەوەی گێڕانەوەکـانـدا نییە،

گێلەپیاو-ەکەی عەزیزنەســـین و زووربەی تێکســـتەکانی تریشـــی. کـاتێک دەتخەنە پێکەنین و وات لێ دەکەن لە پێکەنیندا دەســـت بکەیتە گریان، پێویســـتیان بەوە نییە، ئەدەب دابەزێنە ئاست نوکتەبازاڕییە سێکسییەکان، یاخود زمانی نووســـین پڕ بکەن لە جوێن و جۆرێک لە بەکەم زانین و سـووک سـەیرکردنی ئەوانی تر. ڕاسـتە؛ گەر ئەم ڕۆمـانەی 'عەلی کەریم' یـادەوەری بووایە، ئەوە لەڕووی مێژووییەوە، گواســـتنەوەی ئەو هەموو جوێن و دزێوی و شزوز و ناشیرینییە، بە جۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بەڵام مەســـەلەکە لێرەدا، ناوهێنانی هەزار و دووســـەد و قســـوور لاپەڕەی ئەم دوو بەرگەیە بە ڕۆمـان و دیـارە بەرگی سێیەمی تەواوکراو یان نەکراویش؛ درێژەی هەمان گێڕانەوەی دانەرە.

لە کۆتاییی ئەم کورتەخوێندنەوە ســـادەیەشـــماندا دەڵێین؛ ئەوەی لێرەدا وتومـانە، نە بۆ هێنانە خوارەوەی ئاســـتی ڕۆمانی کێ سـالە شـێتی کوشـت-و نە بۆ بەرزکردنەوەی بێ زەمینەو لەخۆڕاشـــیەتی. یـان بـا بڵێین، نـاشـــێت خوێندنەوەی ڕاســـتەقینە و جدی بۆ هیچ کـام لەم دوو مەرامە بێـت؛ بەڵکوو خوێنـدنەوە هەر ئەوەیە کە تۆی خوێنەر لەماوەیەکی دیاریکراوی خوێندنەوەی خۆتدا پێی

دەگەیت و نە ڕاستە و نە هەڵەشـە، نە عەلی کەریم-یش لە نووســــینەوەی زنجیرە گێڕانەوەکـانیـدا بەهەڵەدا چووە. بەڵکوو ئەوەی ئەو نووســـیویەتی، جۆرە گێڕانەوەیەکی نیمچە بێکۆتای نێو جوگرافیای گێڕانەوەی کوردییە و وەک پۆڵ ئۆســـتەر-یش دەڵێت؛ ئەگەر پاڵنەرێکی توند و پتەوت بۆ نووسین نەبێت، ئەو دەم پێویست ناکات بنووسیت.

ژێدەر: کێ ســاله شــێتی کوشــت/ ڕۆمان ٢بەرگ/ لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی وشە/٢٠١٩

ســــەرنج: لەئەدەب و هونەری کوردســـــتانی نوێ ژمارە ٨٢١١ی ٢٠٢٠/١٠/٢٩ بڵاوبۆتەوە.

## دەنگەکانی نێو بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر

(دەنگی ئەقڵ؛ هێمن و خامۆشە)

زیگمۆند فرۆید

چ سـەیرە گەورە بیرمەند و فەیلەسـووفێکی بەنامێی وەک ئەڕستۆ، خوڵقێنەری پرسیارە پڕ ئیشکال و ورووژێنەری پارادۆکسـە مەعریفییەکان، زۆر ڕاشکاوانە و بە زوبانێکی بێگرێ و گۆڵ بڵێت؛ کۆیلەداری و بەکۆیلەکردنی ئەوانی دیکە لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە و حەتمەن پاساوی بۆ ئەمەش لەو دۆگمایەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە خەڵکانێک بە خانەدانی دێنە دنیا و خەڵکانیکی تریش بۆیە دێنە دنیا تا ببنە کۆیلە و مامەڵەیەکی هاوشـێوەی ئاژەڵان یان بگرە لەوان کەمتریشیان لەگەڵ بکرێت.

خودی ئەو ئەڕستۆیەی کە بە یەکەمین ئوستاد ناسراوە، پێی وابووە شاڵاوە سەربازییە داگیرکارییەکانی خاوەن کۆیلەکان، بە تایبەتیش گریکەکان بۆ بەدەستهێنانی کۆیلە،

شــەرعی و ڕێگەپێدراوە؛ هەروەک چۆن ڕاوکردنی ئاژەڵان شــەرعی و ڕێگەپێدراوە. چەمکی ئازادی لای ئەو بە واتای مـانەوەی خـاوەن کۆیلەکـان لە دەســــەڵاتی ڕەهـایـانـدا و هەروەهـا مـانەوەی کۆیلەکانیش لە کۆیلەبوونیاندایە کە بە بۆچوونی ئەڕســتۆ ئەوپەڕی چاکەکارییە کاتێک کۆیلەیەک دەکرێتە کۆیلە و بەمەش بەختیــار دەبێــت لە ژیــانێکی ئـازادانەی تـایبەت بە خۆیـدا؛ چونکە ئەو تەنهـا بۆ ئەوە هاتۆتە دنیاوە، تا ببێتە کۆیلە. هەر بۆیە ســەیر نییە، کاتێک دەزانین لە هەنــدێــک جــارانــدا، ڕێژەی کۆیلەکــان لە سـەداهەشـتای دانیشـتووانی ئەسـینای پێکهێناوە و جگە لە سـیاسـەتکردن و بەشـداریکردن لە حوکم و دەسـەڵاتدا کە قەدەغە بووە لێیــان. لە زۆرێــک کــاری جۆراوجۆردا بەکارهێنراون وبەڕای ئەڕســـتۆش باشــــترین جۆرەکانی کۆیلەش، لە ڕەگەزە ئاسیایی و نەتەوەکانی تری جیاواز لە ڕەگەزی گریکیدا هەڵدەکەون و هەموو ئەو ڕەگەز و توخمە مرۆڤە غەیرە گریکییانەشی بە بەڕبەڕ ناوبردووە.

باشــــترین نموونەیەکی زیندووش بۆ بەرجەســـتەبوون و پڕاکتیزەکردنی بیرۆکەی بەکۆیلەکردنی میللەتـانی تر، لە

خودی کار و کردەوەی داگیرکارییانەی، ئەسکەندەری مەکەدۆنی؛ شاگردەکەی ئەرستۆدا دەبینینەوە.

بەسەرهاتی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ و قۆناغی کۆیلەداری لەڕووی مێژووییەوە، زۆر پێش ئەسکەندەری مەکەدۆنی دەستی پێ کردووە و پاش چەندین سەدەی یەک لەدوای یەکیش ئیدامەی هەبووە و لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر و تراژیدیتر، داهێنانێکی ئیبلیسیانەی مرۆڤ بووە، بۆ خەساندنی کۆیلەکان؛ نەک هەر هاوشێوەی ئاژەڵان، بەڵکوو زۆر لەوانیش خراپتر!

سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین، سیستمی کۆیلەداری لای سۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیادا دەبینرێتەوە و پاشان ئاشوورییەکان یەکێک بوون لەو دەسەڵاتدارە دڵڕەقانەی بەنامێ بوون لە خەساندنی کۆیلەکانیاندا، هەروەها فیرعەونییەکان، چینییەکان و ...

پێناچێت بە درێژایی مێژوو، هیچ حوکم و دەسەڵاتدارییەک بەخستنەگەڕی ئەقڵانییەت و جێبەجێکردنی نەرم و نیانی، توانیبێتی درێژە بەتەمەنی حوکمی خۆی بدات و ڕەنگە

ئەستەمیش بێت، دەسەڵاتێکی لەو چەشنە ڕاشکاوانە لەماوەیەکی زەمەنی بەرچاودا ببینرێتەوە.

ئیدی مێژووی کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکان و بەکارهێنانیان بە درێژاییی مێژوو بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە سەردەمی دەسەڵاتدارە ئەمەویی و عەباسیی و سەلجووقی و دواجار لای عوسمانییەکان لە شێوازێکی پەرەپێدراو و سیستەماتیکدا، دەبێتە دەزگەیەکی تایبەتی گرنگ لە حوکمداری سوڵتانە یەک لە دوای یەکەکاندا. ئەو منداڵە خەسێنراوانەی کە زۆربەیان لەلایەن باندەکانی ڕفاندن و خەساندنەوە دابین دەکران و پاش کڕینەوەیان لەلایەن کاربەدەستانەوە، دوای چەندین جۆر مەشق پێکردن و شێوازی فێرکارییانە، تێکەڵ بە حاشیەی کۆشکی سوڵتان و شوێنە هەستیارەکان دەکران؛ بە تایبەتیش شوێنی تایبەتی مانەوە و گوزەرانی ژن و کەنیزەکەکانی سوڵتان و دەسەڵاتداران. حەتمەن لە زۆر کاروباری جۆراوجۆردا بەکار دەهێنران، لەوانە بەتاڵکردنەوەی ئارەزووە سێکسییە هۆمۆسێکچەڵەکانی سوڵتان و پایەدارەکانی دەوڵەت، تا دەگەیشتە کاروبارە موخابەراتی و سیاسی و

سەربازییەکانیش، هەر بۆ نموونە سوڵتان مەحموود یەکێک لەکۆیلەخەسێنراوە باوەڕپێکراوەکانی خۆی گەیاندە بەرزترین پلەی سەربازی و کاروبارێکی زۆری دەوڵەتی دایە دەست و پلەی پاشاشی پێ بەخشی.

ئەوەی مێژووشی خوێندبێتەوە، دەزانێت چۆن کافوری ئەخشیدی لە کۆیلەیەکی خەسێنراوەوە گەیشتە بەرزترین پلەکانی حوکم و دەسەڵاتدارێتی سەردەمەکەی خۆی.

تەنانەت لای خانەوادە چینییە هەژارەکان، لە سەردەمانی قۆناغی کۆیلەداری و حوکمی ئیمپراتۆرەکاندا، بە ویستی خۆیان و بگرە بە کۆشش و هەوڵێکی زۆر منداڵێک یان چەند منداڵێکی نێرینەیان دەنارده کۆشک تاببێتە کۆیلەیەکی خەسێنراو، بێگومان بە هەمان شێوەش خانەوادە نەدارەکان منداڵی مێینەشیان دەنارد تا ببێتە کەنیزەک. جێگەی سەرنجە کاتێک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ئاماژە بە بەکارهێنانی منداڵانی ڕەش پێستی کۆیلەی خەسێنراو لە خزمەتکردنی دێر و کڵێساکاندا کراوە و بەتایبەتیش ئەو شوێنە تایبەتانەی کە ڕاهیبەکانی تێدا ماونەتەوە.

دکتۆرێکی فەرەنسی بە ناوی دکتۆر کلۆت کە لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشـــادا، لە نیوەی یەکەمی ســـەدەی نۆزدەیەمدا پزیشک و بەڕێوەبەری سێکتۆری تەندروستی بووە، لە کتێبێکی ناوازە و گرنگیدا کە پێشکەش بە خودی محەمەد عەلی پاشـــای کردووە؛ بە ناوی ناســـاندن یان خســـتنەڕوویەکی تـایبەت بەمیســـر.. لەلایەن محەمەد مەســـعودی کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی میســـری لە نیوەی یەکەمی ســـەدەی بیســـتدا کراوەتە عەرەبی و لە ل٦٣٠ی کتێبەکەدا* دکتۆر کلۆت، ســـەبارەت بەکردەی بەردەوامی خەساندن لە میسردا دەنووسێت: "لە ئێستادا کردەی خەســـاندن تەنها لە میســـردا ماوە و ئێرە بۆتە ســـەرچاوەی ناردنی کۆیلە خەســـێنراوەکان بۆ شـــوێنانی تری دنیا، هەردوو شـاری ئەسیووت و جورجا تاقانەن لە مانەوەی ئەم کردەیە تێیاندا و کێش باوەڕ دەکات؛ سەرانی ئەم کردەیە نەک هەر کۆمەڵیک مەسیحیین، بەڵکوو پیاوانی ئەکلیرۆســـی قیبتیین کە بوونەتە مایەی شـــەرمەزاری بۆ ئایین و پەڵەیەکی ڕەش بەتەوێڵی مرۆڤایەتییەوە.... ئەوانە ســـالانە ٣٠٠ کەس دەخەســـێنن؛ بریتیین لە منداڵانێک تەمەنیان لە مابەینی ٦-٩ ساڵاندایە.."

هەروەهــا دكـتـۆر كـلـۆت لە هەمــان ســــەرچــاوەی ئاماژەپێكراوماندا دەڵێت: "بەو پێیەی پێیان وایە پاییزان لە بارترین وەرزە بۆ خەســاندن، لە پاییزدا دەخەســێنرێن و خەســــــاندنیش تەنها بڕینەوەی ئەندامی نێرینە، چووك ناگرێتەوە، بەڵكو گەڵ و گونەكەشی لەبنڕا لەگەڵ دەبڕنەوە و بە خێراییی ڕۆنی قرچاوو دەكەن بەســــەر شـــوێنی بڕینەوەكەدا. پاشـــــان خەنەی تێدەگرن و ئینجا منداڵە ئەشــكەنجەدراوەكە تا ئاســت ســـەر ورگی لەنێو عەرددا دەنێژن و پاش بیســت و چوار ســـەعات لەنێو عەردەكەی دەردەهێننەوە و شوێنی برینەكەی بە قووڕی ئەبلیزو ڕۆن چەور دەكەن.. بەم كردەیەش چواریەكی ئەو منـدالانەی دەخەســێنرێن دەمرن و ئەوانەی دەشـمێنن، ژیانی لەوەو دوایان لە بێدەسەلاتی و ئازاردا دەگوزەرێنن".

بەســەرهاتی خەسـێنراوەكان؛ سـامناكترین بەســەرهاتێكی تراژیـدییە كە دەلالەتێكی ڕوونە بۆ بێ ســــنووربوونی دڕندەیی هەموو ئەوانەی بەدرێژایی مێژووی ئەو كردەیە بەشداری ئەكتیڤ و ڕاستەوخۆیان كردووە و ئەوەی وای

لێ کردین ئەم کورتەپێشـــەکییەش بخەینە ڕوو، بەشـــێکی کتێبی بیرەوەرییەکانم-ی موسا عەنتەرە**

لەبەشـــی (ئاغای حەرەم و ســـومبول ئاغا) لەلاپەڕە ٥١٩-٥٢٠دا هـاتووە: "خـانی دایکی گەورە لە ئیســـــتـانبووڵ، بـازاڕێکی گەورەی کڕین و فرۆشـــــتنی کۆیلە بوو، من خۆشـم شـوێنەکەم بینیووە، کاتی خۆیشـی لەوێ، لەسـەر سـەکۆیەکی وەک سـەکۆی شـانۆگەری کۆیلەکانیان نمایش دەکرد، بەڵام ئەو کاتەی من بینیم کۆیلەی لێ نەدەفرۆشرا. ســـــاڵی ١٩٢٣، کاتێک کۆشـــکی عەبدولمەجیدی دوایین سوڵتانی عوسمانی بێ خاوەن دەمێنێتەوە و پەرش و بڵاو دەبێ، دوای ئەوەی ســـــوڵتـان بەرەو ئەورووپـا دەرکرا. کۆیلەکان بێ خاوەن مانەوە، ئەوسـا لە کۆشـک دوو جۆر کۆیلە و جارییەی ڕەش و سـپی هەبوو. کۆیلە ڕەشـــەکان ئەوانە بوون کە لە ئەفریقاوە بەدەســـــت هـاتبوون، بەڵام سـپی پێسـتەکان ئەوانە بوون کە لە ئەوروپا و قەفقاسـیا هێنرابوونە ئیســـــتـانبووڵ، لە ســــەردەمەکـانی کۆتـاییی دەسـەڵاتدارێتی عوسـمانی کۆیلە لە ئەورووپاوە نەدەهێنران، بەڵکوو زیاتر لە قەفقاســـــیاوە کۆیلە دەهـات و زۆربەیان

چەرکەس و جۆرجی بوون، چونکە خەڵکی وڵاتانی قەفقاس زۆر جوانن. تا ئەو ئاستەی لەوێ شوێنیان بۆ پێگەیاندنی کۆیلە کردبۆوە. دەڵێن پیاوە دەوڵەمەندەکان بایی پێویستی خۆیان زیاتر، کەنیزەکی جوان جوانیان دەکڕی، هیچ یەکێکیشیان لە٢٠-٣٠ دانە کەمتریان نەدەکڕی، جگە لەو کەنیزەکانە ٢-٣ دانە کۆیلەی گەنجی قۆزیشیان دەکڕی، ئینجا ئەوانەیان بەیەکەوە جووت دەکردو ئەو منداڵانەی لەوانە دەکەوتنەوە، وەکوو بەرخ دەیانفرۆشتن.

ساڵی ١٩٤١ کە هاتمە ئیستانبووڵ، ٣٥ دانە لەو کەنیزەک و کۆیلە و خەدەم و حەشەمانە لە ژیان مابوون. ئەو کۆیلە و کەنیزەکانە کاتیک کۆشکی دوایین سوڵتانی عوسمانی نامێنێت، دەکەونە کوچە و کۆڵانەکان هەریەکە و لەلایەک بە سەدەقە و زەکاتی دەوڵەمەندەکان خۆیان بە ژیانەوە هەڵواسیبوو... دەربارەی ئەو ژیانە کولەمەرگییەیان ڕۆژێک کاک فالیح ڕیفقی بەسەرهاتێکی ئاوای بۆ گێڕامەوە:

ئەو قوڕبەسەرانە پەرێشان ببوون، چونکە کابرا لەنێو کۆشک گەورە بووە، بۆیە زۆربەیان کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون، منیش ئێوارەیەک دۆخی ژیانیانم بۆ

ئەتاتورک باس کرد، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەی گوتی: "نانا شـــتی وا چۆن دەبێت" بەڵام بە ڕووداوەکە نیگەران بوو، بۆیە فەرمانی دەرکرد تا داهاتی خانی گەورەی سیرکەجی ئیستانبووڵ بدرێتە ئەوان کە لە سوڵتانەکانەوە جێماوە، لە کادیکۆیش کۆشـکێکی سـوڵتانەکان هەیە، با هەموویان بە درێژاییی تەمەنیان لەوێ بژین، وەک دیاریشـــە کەســـیان منـداڵیـان نییە، بۆیە کە مردن شـــوێنەکـانیـان دووبـارە ڕادەستی دەوڵەت دەکرێتەوە. فەرمانەکەی ئەتاتورک دوای دەرچوونی جێبەجێ کرا، بۆیە من بیرم دێ دوای ئەوە ژیانێکی ئیسراحەتیان بەسەربرد".

ئاشـکرایە سـەرتاپای کتێبی بیرەوەرییەکانی موسـا عەنتەر شـایانی هەڵوێسـتەکردن و لێخوردبوونەوە و تاوتوێکردن و لێکۆلینەوەیە. بەو شـێوازە سـادەوسـاکارە خۆڕسکەی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، ڕاســتگۆیانە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری ئەنتۆلۆژی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ســایکۆلۆژیت دەکاتەوە! ئەم چەشــنە لە نووســینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بێ وێنە و تایبەتە، بەدڵنیایشەوە کەمن ئەوانەی توانیویانە ئاوا بەڕاشـکاویی و ڕاسـتگۆیانە

ئەوەی دەیـانەوێـت لەمیـانی زنجیرە گێڕانەوەکـانیـانەوە بەرجەسـتەی بکەن. ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت، کە هیچ بن دێڕ و واتـای شـاراوە و پەنهـان لەنێو کتێبی بیرەوەرییەکـانی ئەو زاتەدا نییە و هەروا هەر چییەکی لەهەگبەدا بووە هەڵیڕشـتووە. نەخێر وەک پێشـتر ئاماژەم پێدا؛ ئەم چەشنە لە نووسینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بێ وێنە و تایبەتە، واتە گێڕانەوەکانی تەنها ماتەڕیاڵێک نین بۆ درامـا و فیلم و نێرێتیڤ و ڕۆمـان و ژانرەکـانی تری ئەدەب کەبێگومان دەشێت لەو ڕووانەشـەوە سوودی لێ وەربگیرێت و بکرێتە سـەرچاوە. بەڵکوو دەتوانین بڵێین ئەم پیـاوە لەپشـت نـاونـانی کتێبەکەی بەکتێبی بیرەوەرییەکانم و پێبەخشـینی خەسـڵەت و سـیمایەکی ئەدەبی سـادەو سـاکار، ویسـتوویەتی جێگە بۆ نهێنییە مێژووییە گەورەکان بکاتەوە، لەوانە گەر خوێنەر لاپەڕە ٥٥٧ تـا لاپەڕە ٥٥٩ی کتێبەکە بخوێنێتەوە، ڕاسـتی ئەو ئەرشیفکردن و درکاندنی زانیارییە تایبەت و نهێنییانەی بۆ دەردەکەوێت.

موســـا عەنتەر پیاوی ســـەدەکەی خۆیەتی و یەکێکە لەو مەزنانەی کە ناشێت لە داهاتوودا؛ بەبێ ناسین و ناساندن و کـارکردن لەســـەر تێڕوانینە فیکری و کلتووری و سیاسـییەکانی، هەنگاوێکی ڕاسـت و دروسـت بنرێت. ئەم پیـاوە پێش ئەوەی بکوژرێت، زۆربەی ئەوەی ویســـتی گوتی؛ جا چ بە شـێوازە ئۆڕێنتاڵەکەی کە کەسە نزیکەکانی لێی ئاگادارن و چ بە شـێوازە نووسـراوەکەشـی وەک ئەم کتێبەی کە پێشـــتر بە تورکییەکەی خوێنـدبوومەوە و دواجـاریـش بەم وەرگـێـڕانە کـوردیـیە جـدی و جوانەی"محەمەد عزەدین" شادمان بووم.

جا هەر بۆیە وەک خۆم مەبەســتم بوو، زیاتر هەڵوێســتە لەســـەر ئەو بەشـــە تـایبەتەی بکەم کە تێیـدا دوایین بەســـەرهـاتی تراژیـدی کۆیلە و خەســـێنراوەکـانی عوسمانییەکانمان پێ دەناسێنێت!؟ بابەتێکی زۆر تایبەت و گرنگی مێژووییە، دەرکەیەکی کراوەی خوێنـدنەوەی ماجەڕای ڕووداوە مێژووییەکانە بە شـێوەیەکی بابەتییانە، چونکە هەر لەپاڵ ئەم جۆرە شەرعیەتدانە بە بازرگانیکردن بە کۆیلە و مـامەڵەپێکردنیـانەوە لە قەڵەمڕەوی حوکمی

عوسـمـانییەکـانـدا، لە هەمـان کـاتیشـدا لەڕووی تەلارسـازییانەوە وەک لە وتارێکی سـاڵانێک لەمەوپێشـمدا ئاماژەم پێدابوو، شـوێن و جێگە هێلانەی باڵندەیان لە دیزاینی کۆشـک و باڵەخانەکانیاندا جێ کردۆتەوە. یان دەشـێت بڵێین مێژوو یەک ئاسـت و یەک ئاڕاسـتە نییەو دەتوانرێت لەزۆر ڕووی ترەوە بڕوانرێتە هەمان مێژووی ساڵانێکی دووردرێژی عوسمانییەکان.

جوانی نووسـینەوەی مێژوو ئەوەیە لە ڕک و کینەوە هەڵنەقوولێت.. هەروەک چۆن موسـا عەنتەر بەو پەڕی ئاگاییەوە سـەرنجمان بۆ ئەو هەڵوێسـتە مێژووییەی ئەتـاتورک ڕادەکێشـێت و تێمـان دەگەیەنێت ئەو وەک سەرۆکی دەوڵەتێک، لەئاست گرفتێکی پێشتر خووڵقێنراوی دەسـەڵاتێکی پێشووتردا، دەستەوسـان و خەم سـارد نابێت و بەڵکوو بەوپەڕی گرنگییەوە مشـووری بۆ دەخوا. بۆیە پێویستە وەک خوێنەرێکی جدی بپرسین، بۆ موسا عەنتەر دەیەوێت ڕوویەکی تری ئەو زاتەمان پیشـان بدات. ڕاسـتە ئەوەی لەزاری فـالیح ڕیفقییەوە دەیگێڕێتەوە، حەقیقەتێکی مێژووییە، بەڵام دەشـیا خۆی لێ ببوێرێت و نەیگێڕێتەوە؟

بێگوومـــان ئەمە یەکێکە لەو پـــارادۆکســـــە جوانـــانەی گێڕانەوەکانی موسا عەنتەر و خوێنەری بەسەلیقە و جدی پەلکێشـــی دنیایەک پرســـیار و هەڵدانەوەی ســـەرلەنوێی پەڕەکانی مێژوو دەکات.

هەروەک چۆن لێکۆڵەرێکی کـاریگەری ئەڵمـانی بە ڕەگەز هیندی***، پسـپۆڕ لە مێژووی عوسـمانییەکاندا بە ناوی ســـورەیـا فـاروقی، بە شـــێوازێکی نوێی لێکۆڵینەوە و وەدەرخســـتنی مێژووی نـاڕەســـمی و شـــاراوە، زۆر حەقیقەتی نوێی کەمتر ئاوڕلێدراوەی هێنایە ڕوو، بەشـێکی نهێنیی کـارکردنە مێژووییەکەشـــی پەیوەســـــت بوو بەدەســـتبردنی بۆ ئەو بەڵگەو نووســـین و نامانەی دیلە ڕۆژئـاواییەکـان نووســـیبوویـان کەتێیـانـدا هەیە پێش ئازادبوونی ســـاڵانێکی دوورودرێژی وەک دیلێک لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بەسەر بردبوو.

لەو ســـەرچاوانە نووســـینەکانی دیلێکی ئەڵمانییە بە ناوی میخائیل هیری(١٥٦٠-١٦٢٣) کە بۆ ماوەی دەســـاڵ وەک ســـەوڵ لێدەری پـاپۆڕەکـان ڕەتێنـدراوەتەوە و دەڵێـت جـارێکیـان کـاتێـک خـاوەنی ئەو پـاپۆڕەی تێیـدا وەک

کۆیلەیەک کارمان تێیدا دەکرد، داوای لە کاپتنی پاپۆڕەکە کرد کە زیاتر بە قامچی پشـــتمان ســـوور بکاتەوە و تا دەست و برد بکەین و چالاک بین، کەچی لە وەڵامدا کاپتن بەگژیدا دەچێتەوە و دەڵێت ئەم گیراوو دیلانە پێویســـتیان بە خۆراکی زیاترە نەک لێدان و تەنانەت پێیدا هەڵدەشاخێت و دەڵێت؛ ئەوانیش وەک تۆ مرۆڤن و دەبێت وەک مرۆڤ مــامەڵەیــان لەگەڵــدا بکەیــت.. نەک وەک ئــاژەڵ. بەپێی گێڕانەوەکەی میخــائیــل هیری دواجــار کــاتێــک خــاوەن پاپۆڕەکە دەبینێت، ســـەرجەم دیل و شـــاگردەکانی کاپتن پاڵپشتیی دەکەن، هیچی پێ ناکرێت و ئەمەو زۆر نموونەی کاریگەریی مرۆڤ دۆستانەی ئینسـانەکان، کەلێرەدا جێیان نابێتەوە.

شـایانی باسـە موسـا عەنتەر لە سـەرجەمی گێڕانەوەکانیدا، پێناچێت مەبەســـتی بووبێت خۆیمان لابکاتە پاڵەوان، بگرە مامەڵەیەکی ئەنتی هێرۆش لەگەڵ خۆیدا دەکات! بەتایبەت کاتێک دەبینین ئەو موســـــایەی چەند جارێک دەگیرێت و ئەشکەنجە دەدرێت، کەچی دواجار دەتوانێت لەگەڵ زۆرێک لە پیاوانی دەوڵەتدا هاوڕێ بێت و تەنانەت لەگەڵیشـــیان

بخواتەوە و گاڵتە و گەپیشـیان لەگەڵ بکات. یان لە کاتێکدا کە لەلایەن بەشـێکی زۆری خەڵکە ئاسـایی و کەسـایەتییە ئاینییەکانەوە وەک کۆمۆنیستێک ناسراوە، کەچی دەتوانێت لەمیانی سـەردان و بەسـەرکردنەوە و دیدارەکانیدا لە کات و شـوێنی پێویسـتدا وەک دینداریێک نوێژ بکات و بەشـدار بێت لە مەراسـیم و بۆنە ئاینییەکاندا. لە هەمان کاتیشـدا دەتوانێت تێکەڵ بەکەشـی ئاینی جوولەکەکان بێت و ببێتە پـارچەیەک لەوان و جێ متمـانەیـان. بۆیە دەتوانین بڵێین موسـا عەنتەر ئاوێنەیەکی پێکهاتووە لە چەندین پارچەی شکاوی جیاجیای کۆکراوە و کەسێکە دەگات بەو ئاواتەی کە مەبەسـتی بووە؛ هاوشـانی شـێخ سـەعیدی پیران و سەیدڕەزا و قازی محەمەد، دەبێتە ناوێکی نەمر.

پاش کوژرانیشـی لە ماڵەکەی خۆیدا و بەرانبەر بەو دار چنارەی کە زۆری خۆشـدەویسـت؛ خرایە ژێر خاک و هاوکات هەمان شـوێنیش کرایە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە وێنە و کتێب و کەلوپەلە تایبەتییەکانی و تەنانەت گۆرەوییە خوێناویەکانیشـی وەک تـابلۆو شـایەتحاڵێک لەوێدا هەڵواسراون و گرنگترین وتەیەکی عەنتەریش لە کتێبەکەیدا

ســـــەبـارەت بەکۆیلەکـانە کە دەڵێـت: "بە بۆچوونی من، شــەهیدی ڕاســت و دروســـتی مرۆڤایەتیش ئەو کۆیلە و کەنیزەکانەن، ئەگەر نا ئەوانەی لە جەنگ خەڵک دەکوژن و دەکوژرێنەوە شەهید نینە".

**سەرچاوەکان:**

*https://www.kutubpdfbook.com/book/%D8%AA%D8%AD%D9%85%D9%8A%D9%84-%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%84%D9%85%D8%AD%D8%A9-%D8%B9%D8%A7%D9%85%D8%A9-%D8%A5%D9%84%D9%89-%D9%85%D8%B5%D8%B1-%D8%A3-%D8%A8-%D9%83%D9%84%D9%88%D8%AA-%D8%A8%D9%83.html

**بیرەوەرییەکـانم/مـوســـــا عەنتەر/ لەتورکییەوە مـحەمەد عزەدین/دەزگای فام٢٠٢١

*** https://alaalam.org/ar/society-and-culture-ar/item/445-622071216

سەرنج: بە دوو بەش لەکوردستانی نوێ/٢٠٢١بلاّو بۆتەوە

## نەوا موکرجی خوێنەرە نموونەییەکەی ئولیس

لە دەرەوەی مەدارەکـانی زۆرێـک لەو تێکسـتـانەی خوێندنەوەیان سانا و بەردەست و فامکراو و چێژبەخشـە، بە درێژاییی دیرۆکی نووسـین جۆرێک لەو تێکسـتانە نووسـراوون کە نەیانوویسـتووە ئاسـان خۆیان بدەن بەدەسـتەوە و تەنانەت لە ئاسـت خوێندنەوەی خوێنەرە جدییەکانیشـدا، هەر دەتوانن تا ڕاددەیەکی زۆر بەشـێک لە پەنهان و سەخت فامکردنیان بپارێزن.

ئیتر ئەو جۆرە خوێنەرانەی کە مەبەسـتیـانە بچنە نێو قووڵاییەکانی ئەو جۆرە تێکسـتانەو دەرکە داخراوەکانی ئاوەڵا بکەن، مەگەر لەڕێی ململانێ و کێشـمانکێشـێکی مەعریفی و فیکرییەوە بگەنە ئەنجام. چونکە هەمیشـە پاش خوێندنەوەی چەند دێڕ و پەرەگراف و لاپەڕەیەک ناچاری گەڕانەوە دەبن بۆ سـەرەتـا و بەمەش کەمن ئەوانەی دەتوانن پاش وزەلێبڕان و دەهریبوون و منجڕی تێکستەکە دەست بەرداری نەبن.

جەیمس جۆیس وەک یەکێـک لە کـاراکتەرە ئەدەبییە پڕ ئیشـکالەکانی سـەدەی بیسـتەم، کەسـێکی ناسـاغ لەڕووی بینایی و بینینەوە، گرفتار بە کۆمەڵێک نەخۆشـــی لەوانە سـوزەنک، نەبوو و نابووت لەڕووی مادی و دەسـتکەوتی دارایـیـیـەوە، مەنـبـوز لەلایەن کـۆمەڵـگە و مەرجەعە ئاینییەکانەوە، دێت و لە ترۆپکی هەوڵدانێکی چەند سـاڵەیدا تێکستی ئولیس دەنووسێت؛ تێکستێکی سەخت و داخراو و تـا ڕاددەیەکی زۆر ئەسـتەم لە ئـاسـت خوێندنەوەدا. بێشوومار زاراوە و وشەی داهێنراو و سەیر و سەمەرەی تێـدەترجێنێـت، زوبـانی نووسـین دەگەیەنێتە ئەوپەڕی ئاڵۆزبوون.

شاین لیزلی لەبارەی ئولیسەوە وتوویەتی: "بۆڵشەفیزمێکی ئەدەبـییە، ئەزمـوونگەریـیە، دژ بە تەقلـیـدییەتە، دژ بە مەسـیحییەتە، ئانارشـیسـتییە، بە تەواویش لە دەرەوەی مۆڕاڵەوەیە"

هەروەهـا ڤێرجینیـا وۆڵف-یش لەبـارەیەوە وتوویەتی: "ڕۆمـانی ئولیس کـارەسـاتێکی لەبیرنەکراوەی تژییە بە بوێری".

کاتێک ئۆلیس لەســــاڵی ١٩٢٢دا چاپ دەکرێت، ئێرلەندا و بەریتانیا چاپ و بڵاوکردنەوەی قەدەغە دەکەن، دەزگەی سانسۆری ئەمریکیش نووسخە گەیشتووەکانی بۆ نێو ئەمریکا دەسووتێنن. گەورەترین تاوانێکیش کە خرایە پاڵ ڕۆمانەکە؛ ئەو وێناندنە نائاساییە پۆرنۆگرافیانەی نێوی بوون. بەڵام لای فرۆید ڕۆمانی ئۆلیس کردنەوەی دەرکەیەکی سایکۆلۆژی بوو بۆ نیو دنیای ڕۆماننووسین. جەیمس جۆیس بە سوودوەرگرتن لە قووڵاییەکانی خەون و زیندەخەون و ئاستەکانی خوار نەستەوە، لەڕێی مۆنۆلۆگەوە و بە شێوەیەکی کەمتر بەکارهێنراو بە بەراورد لەگەڵ نووسینگەلێکی سەردەمەکەی خۆی، توانی تێکستێکی ڕکبزووێنی نائاسایی ئەنتی هێرۆی، ئەنتی، بە ئۆنتۆلۆژیا و سۆسیێتە و بەها ئەنتێلکتوێلەکان بنووسێت، بە جۆرێک لەوێدا هەموو شتێک لەنێو زەلکاودایە و هیچ بەهایەک نامێنێت پەنای بۆ بەرین و سەرجەم موقەدەسەکان ڕەنگ و دەنگی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئەمە جگە لەوەی ئولیس لەو جۆرە تێکستانەیە کە نایەوێت بگۆڕدرێتە سەر زوبانێکی تر و مەبەستییەتی وەک خۆی

و لەنێو خۆیدا پارێزگاری لە بونیادی تۆکمەی خۆی بکات. بە درێژاییی دیرۆکی نووســـینیش نموونەی ئەم جۆرە نووســـینـانە هەبوون؛ بەپێچەوانەی ئەو نووســـینـانەی نووســەرەکەی بە مەبەسـتی وەرگێڕان دەینووسـێت و بۆ ئەمەش بەردەوام لەکاتی نووسینیدا ئاسانکاری بۆ وەرگێڕ و وەرگێڕە چاوەڕوانکراوەکانی دەکات، وەک ئەو شێوازەی ئۆرهــان پــامووک گرتوویەتییەبەر، هــاوکــات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تێکســتەکانی بە تورکی بە زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی تریش بڵاو دەکرێتەوە". بۆیە ئاشکرایە کاتێک نووســـەر بە مەبەســـتی وەرگێڕان دەنووســـێت؛ ناچارە تاڕاددەیەکی بەرچاو تۆکمەیی دەق و بەرزی ئاستی زوبان و ڕەوانبێژی و کۆمەڵێک تەکنیکی دیکە بکاتە قوربانی.

وەک وتمـان ئولیس لەو جۆرە تێکســـتـانەیە، نـایەوێـت بگۆڕدرێتە ســـەر زمانەکانی تر و ئاشـــکراشـــە ئەوانەی مەبەســـتیــان بووە وەریبگێڕن تەواو بە وەرگێڕانییەوە گرفتـار و نـاڕەحەت بوون، لەوانەش دەتوانین وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بە نموونە بهێنینەوە؛ دکتۆر تەهـا مەحمود تەها پاش شـــەش، حەوت ســـاڵێک لە بگرە و بەردەی

چۆنیەتیی وەرگێڕان و بەدەستهێنانی زانیاری و کەرستەی تایبەت بە وەرگێڕانەکەی، لە ساڵی ١٩٦٤ەوە دەست دەکات بە وەرگێڕانی ئۆلیس و لە١٩٧٨دا تەواوی دەکات و پاش بەردەوامبوون لە پێداچوونەوە و چاککردنیدا لە ساڵی١٩٨٢دا لەیادی سەدساڵەی لەدایکبوونی جەیمس جۆیسدا ڕۆمانەکە بە چاپکراوی بڵاو دەکاتەوە.

لای خۆشمان بەکۆشش و هەوڵێکی کەم وێنەی گەنجێکی جدی شارەکەمان، ڕێزدار کاک نەوا موکرجی، توانرا لە یادی سەد ساڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەدا، بەرگی یەکەمی بە کوردی و بە پی دی ئێف و لە٥٢٩ لاپەڕەدا بڵاو ببێتەوە.

کەواتە ئەوەی ئەم خوێنەر و وەرگێڕە جدییەی ئۆلیس کردوویەتی، هەوڵدانێکی باڵای مامەڵەکردنە لەپێناو گوێزانەوەی ڕۆمانەکە؛ لەڕێی بەکارهێنانی زمانی کوردییەوە وەک پردێک. ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراوە، یان با بڵێین بەرگی یەکەمی؛ ڕاستییەکە هەیە و بە وتەی عەلی حەربیش: "ئەوانەی لە کاتێکدا بەسیفەتی کەسێکی پارێزەری شوناس و یادەوەری و تێکست هەڵسوکەوت

دەکەن، لە ڕاستیدا وەک سندوقێکی داخراو مامەڵە لەگەڵ ڕاستیدا دەکەن، وەک ژوورێکی تاریک، بەڵام بەبێ چوونە نێو ئەو ژوورە تاریکە و هەڵوەشاندنەوەی سندووقەکە، مەحاڵە دنیایەکی نوێ لە مانا و بیرکردنەوە چێ ببێ...(وەهم و شوناس، لا ١٤٦-١٤٧)

لەم بەرگەی وەرگێڕانە کوردییەکەدا، وەرگێڕ هەوڵی داوە نەک هەر خۆی، بەڵکوو خوێنەرە جدییەکانی ئولیسیش، هاوشانی خۆی، لەمیانی خوێندنەوەوە، بباتە نێو ژوورە تاریکەکان و لەوێشەوە بیانباتە سەر سندووقە داخراوەکان و ئیدی بێ هەڵوەشاندنەوەی سندووقەکانیش، مەحاڵە ڕۆمانی ئولیس لەڕووی مەعریفییەوە فام بکرێت. لە ناخەوە دەست خۆشی لە نەوا موکرجی دەکەم و هیوادارم تۆکمەتر و بەگوڕتر بەردەوام بێت، بەڕاستی ئەوەی کردوویەتی مایەی سەرسامبوون و ستایشی هەر کەسێکی خوێنەرە کە بزانێت وەرگێڕانی ئولیس چەندە کارێکی نزیکە ئەستەم و بەسامە.

سەرنج: لەچەند سایتێکدا بڵاوبۆتەوە.

# فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

## کورتە ئەنەلەیز و وەرگێڕانی تێکستی فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

"نووسەر ئەوە دەنووسێت کە دەتوانێت و خوێنەریش ئەوە دەخوێنێتەوە کە دەیەوێت"

بۆرخیس

ئەم تێکستە گێڕانەوەیەی نووسەری ئەرژەنتینی ئەنریک ئەندرسن ئەمبێرت، بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کە با لەگەڵ خۆی بردی، تێکستێکە دەیەوێت قەناعەتت پێ بکات کە هەر بەڕاستی کەسێک هەیە و ناوی پیدرۆیە و پاش تووش بوونی بە نەخۆشییەکی نەناسراو و دەستنیشاننەکراو لەڕووی زانستییەوە، هێدی هێدی کێشی بەرەو کەم بوون و دابەزین دەچێت و تا دواجار وەک پەڕی باڵندە یان باڵۆنێک با دەتوانێت بەرزی بکاتەوە و لەگەڵ خۆی بیبات.

دانەری ئەم تێکسـتە لەگەڵ شـاراوەترین و کاریگەرترین خەونی دێرینی بنیادەماندا مامەڵە دەکات؛ ئەویش حەز و خولیای فڕینە. توانیوویەتی ناوازەترین تێکستێکی ڕیالیزمی جـادوویمـان بۆ بخووڵقێنێـت و لە فەزایەکی فراوان و بەرینی داهێنەرانەدا، فڕینی پیـدرۆ بکـاتە ڕووداوێکی نامەئلوف و سامناک.

دەکرا خودی نووسـەر، ئەم بیرۆکە ناوازە و سـەیر و سـەمەرەیەی کە بە دابەزین و کەمبوونەوەی کێشـی پیدرۆ دەست پێ دەکات و دواجار دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەو فڕینی؛ لە نووسـینەوەی نۆڤلێت و نۆڤێللا و ڕۆمـانێکدا بەکـار بهێنێت، بەڵام ئەنریـک ئەنـدرسـن ئەمبێرت وای نەکردووە و ئەگەر کەسـێکیش بیەوێـت ئەم بیرۆکەیە بـدزێـت و لە ژانرێکی ئەدەبیـدا تەوزیفی بکـات، بەبێ ئاماژەدان و کەشـفکرنی سـەرچاوەی دزییەکەی، تەسـەور دەکەم پێش هەر شـتێک، بێ ئەدەبی و بێ ڕێزی بەرانبەر بە خوێنەرانی خۆی کردووە. کەواتە هەرگیز نەیویسـتووە بۆ ئەو خوێنەرە نموونەییە بنووسـێت کە ئیمبێرتۆ ئیکۆ باسی لێوەکردووە. یان تەسەووری نەکردووە، خوێنەرێکی

زیرەک هەبێت و دزییەکەی کەشـــف بکات و ئیتر لێرەوە هەموو دیوارەکانی ئەو کۆشـــکەی ســـاڵانێکە بە دزینی ئەدەبیاتی جیهانی پێکەوەی ناوە، وەک پوولی دۆمینۆ یەک لەدوای یەک دەڕووخێت.

ئاشکراشە دزین جیایە لەکەوتنە ژێر کاریگەری، یان ئیلهام وەرگرتن لە نووســـەرانی تر و یان زۆر شـــێوازی تری ڕێگەپێدراوی ئاشکرا، وەک تەوزیفکردنەوەی فیکرەیەک بە ئاماژەکردن بە ئەسڵ و فەسڵی سکچڕاڵە نێرێتیڤەکەی و دانەرەکەی.. وەک جەلالەددینی ڕۆمی دەفەرمووێت: هەرچییەک فێر بووین بە هەڵەکانیشـــمانەوە، لە عەتارەوە فێر بووین. مەبەستی لە عاریف و شاعیر؛ عەتاری دانەری لۆژیکی باڵندەیە.

ئەنریک ئەندرسـن ئەمبێرت، زۆر بەسـادەیی و بێ گرێ و گۆڵ، بە خولقاندنی فانتازیایەکی تایبەت و تا ڕاددەیەک هاوشـێوەی ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسـەر کەسایەتیی گریگۆری سـامسـای کەسـایەتی نۆڤێللای مەسـخ- ی کافکادا دێت، ئاڵوگۆڕێکی تایبەت بەسـەر پیدرۆی کەسایەتیی سـەرەکیی کورتە نێرێتیڤی، فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا دێت. هەرچەند

پیدرۆ وەک گریگۆری سـامسـا، نابێتە قالۆنچە. بەڵکوو پیدرۆ هەر پیدرۆیە، لە شـکڵ و شـێوە بنیادەمییەکەی خۆیـدایە و گەورەترین گرفتیشـی دابەزینی بەردەوامی کێشـیەتی، تا کار دەگاتە بەرزبوونەوە و فڕینی. ئیتر بە ناچاری پیدرۆ داوا لە ژنەکەی دەکات: "– هیبە؛ بێزەحمەت لاقم بە دۆلابی کتێبەکانەوە ببەستەرەوە، تا پزیشکەکە دێت و چارەیەک بۆ ئەم دەردەی من دەبینێتەوە.

هیبە گوریسـێکی قەوی و پەیژەیەکی هێنـا، بە تونـدی گوریسـەکەی بە لاقییەوە گرێ دا و تونـد بەرەوخوار ڕایکێشا.. جەستەی لە بنمیچەکە جودا بۆوەو وەک باڵۆنێک بەنێو ژوورەکەدا فڕی و پاشان نیشتەوە".

ئەو گەمەیەی ئەم نووسـەرە ئەرژەنتینییە لەگەڵ خوێنەری دەکات، جیاوازە لەگەڵ زۆر شـێوازی دیکەی نووسـینی ئەدەبیات، کە کەم تا زۆر و لە زۆر کاتدا بەمەبەسـتی درێژکردنەوەی مەودای تێکست، کۆمەڵێک وەسفی بێکەڵک و پەرەگرافی زیـادە و دیـالۆگی بەزیـاد تێ ئـاخنراو و هەندێک شـتی تری تێکەڵ دەکرێت؛ تا هێندەی نووسـەر مەبەستییەتی درێژ ببێتەوە!

لەم تێکســـتە و تێکســـتە نێرێتیڤەکانی تریشـــیدا، ئەنریک ئەندرسن ئەمبێرت لە پانتاییەکی زۆر بەرتەسک و لەمیانی کەمترین وشــــە و دەربڕینــدا؛ فراوانترین و بەرینترین شـێوازەکانی گێڕانەوە دەخوولقێنێت، ئەمە جگە لەوەی لەم تێکســـتەدا، پیدرۆ تا ئەوپەڕی فڕین؛ لە بێکۆتادا دەفڕێت و کۆتاییی تێکسـتەکەش دەبێتە سـەرەتا و دەسـپێکێکی تری گێڕانەوەکە و بە تەواوی خوێنەر ڕووبەڕووی چەنــدین پرسیاری دیکە دەکاتەوە.

ئەلبێرتۆ مـانگوێـل دەڵێت: "کـاتێـک کیبلێـنگ بە گەنجی لە هیندســــتان، هەوەڵین نێرێتیڤەکانی خۆی نووســــی، دەبا پەیوەسـت بایە بەو مەودایەی کە ڕۆژنامەیەک بۆی دیاری دەکرد. با بڵێین ڕۆژنامەکە ڕێی داوە لە نووســــینەکەیدا هەزار وشـە تێپەڕ نەکات؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سـەرکەوتوو بوو لە نووسـینی ئەو تێکســتە ناوازانەدا، کاتێک پانتاییی نووســـین بەرتەســـک کرایەوە، واتای ئەوە نییە ناتوانیت بنووسیت".

کەواتە هەرچەنــد درێـژدادڕی و زۆربـڵـێی قەوارەیەکـی بەرچـاو لە دنیـای ئەدەبیـاتی گێڕانەوەدا داگیر دەکـات،

بەتایبەتیش لە ئێستادا، بەڵام هەمیشە کەم تا زۆر کۆمەڵێک نووسەری زۆر باش لە دنیای ئەدەبیاتدا هەبوون، کە توانیویانە لەمەودای کۆمەڵێک وشە و پەرەگرافی دیاریکراودا، فەزایەکی زۆر گەورەتر و کاریگەرتر لە فەزای زۆرێک لە ڕۆمانە درێژەکان بخوولقێنن! ئەنریک ئەندرسن ئەمبێرت، یەکێکە لەو گێڕەرەوە دەگمەنانەی کەبەمەبەست و لەپێناو دروستکردنی شێوازێکی نوێی گێڕانەوەی ئەنتی؛ بە هەر درێژدادڕی و زۆربڵێییەک، جۆرێک لە کورت و چڕ و پوختکردنەوەی هاوچەرخانەی لە دنیای گێڕانەوەدا داهێناوە کە هەر لە سەرەتاوە هەڵتدەداتە دەریایەکی بێکۆتا لە مانا و دەلالەت و سیمبۆل و خوێندنەوەیەکی نوێی کەڵچەریانە، بۆ هەموو ئەوەی لە دنیادا دەگوزەرێ.

چەند سەیرە هێدی هێدی پیاوێک کێشی کەم بکات و دواجار بفڕێت!؟ چەند سەیرە پێویست بکات وەک باڵۆنێک بە پەتێک بە شوێنێکەوە شەتەکی بدەیت، یان بە دەستتەوە بیگریت و بترسیت لەوەی کە نابێت پەتەکەت لەدەست دەربچێت، چونکە بوونی ئەو پەتە لە دەستدا گرەنتی

مـــانەوەی ئەو کەســــــەیە لای تۆ و لەنێو خـــانەوادە و کۆمەڵەکەیدا.

دەشـێت خوێندنەوەیەکی سـەرپێی تێکسـتی فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا، بەتایبەت ئەگەر خوێنەرەکەی وریاو بەڵەد نەبێت لە دۆزینەوەی کۆدەکاندا، بەلارێدا بمانبات و نەزانین ئەم تێکســــتە چەند ســــامناکە و بگرە زۆر ســــامناکترە لەو بەیانییەی کەگریگۆری ســــامســــای تێدا دەبێتە قالۆنچە و دواتر چۆن دەنگی دەگۆڕێت و چۆن چۆنی لە شــــەرماندا لەپشــــت کەلوپەلەکانی ژوورەکەیدا خۆی دەشــــارێتەوە و چۆن چۆنی وامـان لێ دەکـات، وەک خۆی هەســــــت بە نامۆبوون و ترازانە ئەنتۆلۆژی و کولتووری و ژیارییەکان بکەین.

پیــدرۆ لە جوگرافیــایەکی بەرفراوانتر بە بەراورد لەگەڵ پانتاییی ژوورەکەی کەسایەتیی سـەرەکیی نۆڤێللای مەسخ هەڵدەســــووڕێت. بەڵام ســــامناکیی کێش ســــووک بوونی بەردەوامی و ترســــــی لە فڕین، بە جۆرێکە کە خوێنەر دەزانێت، فڕین لای ئەو کارەسات و نەگبەتی و بەربوونەوە و خزان و هەڵدێرانە بۆ نێو بۆشاییەکی بێکۆتا.

نووسـەری ئەم تێکستە لە ساڵی ١٩١٠دا هاتۆتە دنیاوە و لە ٢٠٠٠دا کۆچی دوایی کردووە و لە دنیـای ئەدەبیـاتی جیهانیدا نووســــەرێکی بەنامێیە و تێکســـت و کتێبەکانی لەوانە کتێبی (میتۆدەکانی هەڵسـەنگاندنی ئەدەبی)و (کورتە نێرێتیڤ / تیۆر و تەکنیک) وەرگێڕدراونەتە سـەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا.

لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی ئوسـتادی ئەدەبیات بووەو لە سـالی ١٩٦٧دا بۆتە ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی و لە سـالی ١٩٨٧یشـدا بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیاتی ئەرژەنتین.

***

## فڕینی پیدرۆ لە بێکۆتادا

دوو مانگە وەک خۆیەتی، تا ئەو پەڕی مەترسـیداربوون دەردەدارە، پزیشکەکەی لەم حاڵەی بێزارە، چونکە هێشتاکە نەخۆشـییەکەی پیدرۆ، جۆرێکی پەنهان و نەناسـراوە؛ هەر بۆیە نەیتوانی چـارەسـەری بکـات و چـاکبوونەوەی

نەخۆشـەکەشـی دایە دەسـت قەدەر و ئەویش وردە وردە، ئارامی دڵ و دەروون و ئەو سووکنایەتییەی کە لە دەستی دابوو، بەدەسـت هێنایەوە.. بەڵام زۆر لەڕو لاواز بوو بوو، ئەمەش هەموو شـــتێک بوو.. پاش چەند هەفتەیەک لەخۆ مەلاسدانی لەنێو جێگەدا، بەتەواوی شیفای بۆ هات و چاک بۆوە.. هەوڵی دەدا بیر لە لەڕ و لاوازییەکەی نەکـاتەوە، بەڵام کاتێک گەیشتە ئەوەی هەست بەکێشی خۆی نەکات، بە ژنەکەی وت:

- هەسـت دەکەم ڕندو تەندروسـتیم باشـە.. بەڵام نـازانم بۆ وا هەسـت دەکەم، ڕواڵەت و شـێوەم هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نەبێت!! کێشـم سـووک و لۆژە لۆژ هەر دەڵێی خەریکە ڕۆحم جەستەم جێ بهێڵێت.

- پیربوویت! (لەوەڵادا ژنەکەی وتی)

لە ئێستادا پێدەچێت وابێت.-

لە سەرەخۆیی خۆی پاراست و لە پانتاییی خانووەکەیدا لە جموجۆڵدا بەردەوام بوو.. خواردنی دایە مریشـکان و

ئـالیکی لە بەردەم بەرازانـدا ڕۆکرد، پـاشـــــان قەفەزی چۆلەکەکانی بەڕەنگێکی کەســـک بۆیە کرد، دواتر دار و تەختەکەی بڕیەوە و بە عەرەبانەیەکی یەک چەرخەیی کە لە گەراجەکەوە هێنابووی گواستییەوە.

ڕۆژان دەڕوا و جەســـتەی پیدرۆ تا دێت ســـووکەڵەتر دەبێت.. شـتێکی زۆر نامۆیە.. چاڵ و کلۆریی و بۆشـاییەک لە ناوەوەڕا، وای لێ کردبوو هەســت بە خاوبوونەوەیەکی بێزارکەر بکات. ئەم خاوبوونەوەیەی بە باڵۆن و بڵقەهەوا دەچوو.

بە توانسـتێکی باڵا؛ توانی باز هەڵبداتە سـەر دیوارەکە و بە پەڕاندنی پێنج پلە، بەسـەر پەیژەکەدا سـەرکەوێت و بە خۆ هەڵدانێک سێوێکی لە بەرزاییی درەختەکە کردەوە.

- خاســبوونەوەت لە نەخۆشــی، لە جاران زێدەتر دەچێتە پێش!

پیدرۆ زۆر ترسـا، خێراییی جموجۆڵی؛ تووشـی دڵەڕاوکێی کرد، چونکە بەلای ئەوەوە ئەو خێراییی جموجۆڵەی کە

هەیبوو شتێکی ئاسایی نەبوو.. بەبێ ویستی خۆی لەسەر ئەم ڕیتمە بەردەوام بوو.. ڕۆژێکیان لە بازدانێکدا سەرکەوتوو بوو کە بەسەر پانتاییی مەیدانی خانووەکەیانەوە، لە هەوادا بە هەڵواسراوی مایەوە.. ئەمە شتێکی نائاسایی بوو، بەڵام جێگەی سەرسامی نەبوو.

ئەو سەیر و سەمەرەیەی کە بەسەریدا هات، لەو بەیانییەدا بوو کە وەک هەر بەیانییەکی تر، ڕاهاتبوو بە وریایی و ئاگاییەوە هەنگاو بەرەو تەویلەی ئەسپەکان بنێت. چونکە دەیزانی یەک پێداکێشانی بنەپێی بە عەرددا، بەس بوو بۆ ئەوەی هەڵبەزێتەوە و بە درێژاییی هۆڵی تەویلەی ئەسپەکان بە هەوادا بفڕێت. هەر بۆیە قۆڵی لێ هەڵکرد و پاش ئەوەی خۆی دایە پاڵ قەدی درەختەکە، دەستی دایە تەورەکە و لەناکاو خۆی بەفڕێدراوی دوور لە تەورەکە بینییەوە.. تەورەکە هەڵیخەڵەتاند. هەستی کرد کە ئیدی دەفڕێت.. تاوێک ڕاوەستا، تا بڕوانێتە جێگیربوونی تەورەکە؛ ئینجا هێندەی بەرزاییی بنمیچەکە لە هەوادا بەرز بۆوە، وەک پەڕێک هەوای پانکە بەرزی کردبێتەوە، کەوتەفڕین و پاشان بە هێوری گەڕایەوە و جارێکی تر لە

شـوێنجێگەیەکی سـەر عەردە ڕەق و تەقەکە ئۆقرەی گرت. بەدەنەی کەوتەلەرزین و کـاتێـک بـاوەشـــی بەقەدی درەختەکەدا کردبوو، ڕەنگی مردووان لە ڕووکاری نیشت.

خێرا ژنەکەی گەیشتە لای..

- هیبە؛ هەڵگەڕامەوە و بەرەو ئاسمان فڕیم!

- قســـەی پڕوپووچ! هیچ بنیادەمێک نییە بەرەو ئاســـمان هەڵگەڕێتەوە.. چیت لێ بەسەرهاتووە!؟

پیدرۆ دەســتی کرد بەباس و خواســی ئەوەی بەســەریدا هـاتبوو، تـا قەنـاعەتی پێبهێنێت.. بەڵام ژنەکەی باوەڕی بە ڕوودانی ئەو موعجیزەیە نەکرد و سەرکۆنەی کرد و وتی:

- ئەمەت بۆیە بەســەردا هات، چونکە هەمیشــە بیر لەوە دەکەیتەوە ببیتە یاریزانێکی سـێرک.. چاوەڕێی ئەمەم لێ دەکردیت.. ئەزیزەکەم یەک بازی لەم جۆرە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ملت دەشکێنێت.

- نا.. نا.. (پیدرۆ جەختی کردەوە).. من ئێستا لێرەوە دەخزام و ئاسمان لەلای من وەک هەڵدێرێکی لێهاتبوو!

پیدرۆ دەستی لەنێو قەدی ئەو درەختە بەردا کە خۆی پێ ڕاگیرکردبوو، باوەشی کرد بە ژنەکەیدا و لە ڕێگەی بەرەو ماڵەوەیاندا، کردییە کۆڵەکەی خۆڕاگیرکردنی.

-مێردە خۆشەویستەکەم (هیبە وتی)

لە کاتێکدا باوەشی بەجەستەیدا کردبوو، وەک ئەوەی حەیوانێکی بچووک بێت، ئاوا دەیگوشی.. خوازیار بوو، بەرەو مێرگەکە هەڵبێت و لەوێندەر خۆی حەشار بدات.

-پیاوەکە؛ تۆ منیش لەگەڵ خۆتدا ڕادەکێشیت.. ئەوەتا بە مەبستی هەڵفڕین، هەڵدەبەزیتەوە!

-دەبینیت، چەند ترسناکە لە مەداکانی بینین بترازێیت، هیبە تەنها یەک جووڵەی سانا و سەفەری ئاسمان دەست پێ دەکات!

دەمەو عەسـر، پیدرۆ بەهێمنی دانیشـتبوو، گاڵتەوگەپەکانی ڕۆژنامەیەکی دەخوێندەوە، لەناکاو لەناخەوە توند پێکەنی. ئەم پێکەنینە ڕۆچووە نێو هەنـاوییەوە و پـاشــــان وەک بڵقێک، بە چەشنی خستنەکاری بزووێنەری مەکینەیەک، لە هەڵکشـانی بەرەو سـەریدا تەقەی لێهەڵسـا.. خۆشنوودی و شادییەکەی، بەفڕینی؛ بووە ترس و هاوارکردن.

هیبە بە خێرایی فریای کەوت و توانی لایەکی پانتۆڵەکەی بگرێت و بەرەو زەمین ڕایکێشێت.

ئیدی هیچ گومـانێکی نەمـا. گیرفـانەکـانی پڕ لە بـارســـتە قورسـایی؛ بزماری گەورە و وردە ئاسـن و قوڕقوشـم و بەرد کرد.

بە هەرحاڵ، ئەم سەنگ و قورساییانە، کێشێکی زۆریان بۆ جەســـتەی زیـادکرد.. خواروخێچ بەپلیکـانەکـانـدا بەرەو ژوورەکەی ڕێی کرد.

بە نـاڕەحەتی توانی جلەکـانی لەبەر خۆی دابکەنێـت.. ژنەکەی گیرفانەکانی لەسـەنگ و قورسـایی خاڵی کردەوە.. پیدرۆ لەسـەر جێگەکەی ڕاکشـا، بەڵام چۆن ئەم دیوو ئەو

دیو بکات لەپێخەفەکەیدا!؟ لەکاتێکدا دەســـــتی بەکۆڵەکەی سیسەمەکەوە گرتبوو، بەژنەکەی وت:

-هیبە.. دەبێت بەجێگیری بمێنمەوە، نـامـاقوولە بە نووسـاوی بە بنمیچی ژوورەکەوە بخەوم. سـبەینێ بەیانی بانگهێشتی پزیشکەکە بکە، تا بزانێ چیمە؟! تا سـەقامگیر و جێگیر بم؛ هیچم لێ بەسەرنایەت.. بەڵام کەمترین جووڵە و لەرزین دەمخاتە فڕین.

-حەز دەکەیت کەمێک بەرەوسەر بەرزت بکەمەوە؟

-ناسپاس ئاوا باشە.

- هیوادارم شەوێکی شاد بەڕێ بکەن.

- هیبە گڵۆپەکە بکوژێنەرەوە.

بەیانی کاتێک هیبە چاوی کردەوە، پیدرۆی بە نووســــاوی بە بنمیچەکەوە بینی، وەک باڵۆن یان زارۆکێک بە باوەش هەڵگیرابێت خەفتبوو!!

-پیدرۆ (هاواری کرد) لە بنمیچەکە وەرە خوارێ.

پیدرۆ بە ترس و تۆقینەوە وەخەبەر هات.. گشت بەشەکانی جەستەی دەئێشـان.. پێش ئەوەی بخەوێت، ماوەیەکی زۆر لەژێر پەتۆکەدا ئەملاو ئەولای کردبوو.. ویسـتبووی خۆی ئاوەژوو بکاتەوە.. هەوڵیدابوو بەرەوسـەر خۆی هەڵبدات، بەڵکوو بکەوێتە خوارەوە، بەڵام پەتۆکەی سـەری بەرەو خوارەوە ڕایکێشابوو.

-هیبە.. بێزەحمەت لاقم بەدۆلابی کتێبەکـانەوە ببەسـتەرەوە.. تا پزیشـکەکە دێت و چارەیەک بۆ ئەم دەردەی من دەبینێتەوە.

هیبە گوریسـێکی قەوی و پەیژەیەکی هێنـا، بەتونـدی گوریسەکەی بە لاقییەوە گرێداو توند بەرەوخوار ڕایکێشا.. جەسـتەی لە بنمیچەکە جودا بۆوەو وەک باڵۆنێک بەنێو ژوورەکەدا فڕی و پاشان نیشتەوە.

دەرکەی ژوورەکە کراوەبوو، تەوژمێکی هەوا جەسـتە سـووکەڵەکەی پیدرۆی گسـک داو وەک پەڕێک بەرەو پەنجەرەکە بەرزی کردەوە؛ هەموو ئەمە بە خێراییەکی سەرسامکەر ڕوویدا.

کاتێک گوریســەکە لەنێو دەســتی خلیســکا، هیبە قیژاندی.. دەیبینی چۆن مێردەکەی بە پەنجەرەکەدا چووە دەرێ و لۆژە لۆژ وەک باڵۆنێکی ڕەنگاوڕەنگ، بە ئاســـمانی ئەو بەیــانـیـیەدا، تـونــدو خـێـرا بەرەو ســـەر بەرزبـۆوە.. دوورکەوتەوە تا بووە خاڵێک و پاشـــان لەبەر چاوان بزر بوو.

ژێدەر :

1 - ســــــەرچـــــاوەی وەرگــــێـــــڕانەکەمـــــان https://www.almothaqaf.com/index.php?option=com_content&view=article&id=62942&catid=162&Itemid=305

2 - سەرچاوەی نێرێتیڤەکە بەزمانی زگماکی نووسەرەکەی

https://ciudadseva.com/texto/el-leve-pedro/

ســـەرنج: لەئەدەب و هونەری کوردســـتانی نوێ ژمارە (١١٧٢) بەرواری ٢٢-٤-٢٠٢١دا بڵاو بۆتەوە.

# وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری کوردپرێس

سازدانی: ئەفشین غوڵامی

ئەفشین غوڵامی: تاڕادەیەکی بەرچاو ئەوەی بەدی دەکرێت، لەوەسەتی ئەدەبیاتی کوردیدا بەگشتی و لە باشووریشدا بەتایبەت، جۆرێک لە هێرشکردنی شەخسی و پرۆسەی ناشیرینکردنی بەردەوام هەیە بۆ نووسەرە جدییەکانی، ئیتر بە ناوی ڕاستەقینە یان خوازراوەوە لەڕێی سایت و فەیسبووک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە یان بە شێوازی تر؟

یوسف عزەدین: لە جێی وەڵامی ڕاستەوخۆ، حیکایەتی کەسایەتییەکی واقیعیت بۆ دەگێڕمەوە کە ناوی "تیۆدۆر لینت" بووە، ئەم زاتە هیچ بەهرەیەکی بۆ ناوبانگ و خۆدەرخستن نەبووە و هەمیشە زانیویەتی لە دنیای کەسە ناسراوەکاندا هیچە! بۆیە لەپێناو خۆدەرخستندا چووە ئافرەتێکی ڕموزنی تیسکنی زیاتر لە ئاژەڵ چووی بە ناوی "جولیا باسترانا" دۆزیوەتەوە و کردوویەتییە هاوسەری خۆی و بەم هۆیەشەوە توانیویەتی لە هەموو

ســـــێرکەکانی دنیادا ژنەکەی خۆی نمایش بکات، نەک بۆ ئەوەی ئەو بناسێنێت بەڵکوو بۆ ئەوەی خەڵک خۆی بناسن و لەم ڕێیەوە بەناوبانگ بێت.. بەمەشـــەوە نەوەســـتاوە لەم ڕمووزنە سەیرە منداڵێکی هاوشێوەی دایکەکەی لێ دەبێت و بۆ بەدبەختی هەر کە لەدایک دەبێت منداڵەکە دەمرێت و پاش پێنج ڕۆژیش ژنەکەی دەمرێت.. ئیدی "تیۆدۆر لینت" لە جێی ئەوەی بیـانێژێـت هەردووکیـان مۆمیـا دەکـات و لەنێو تابووتێکی شـــووشـــەیدا و لەپشـــتی عەرەبانەیەکدا هەموو کوچە و کۆڵانەکانی ئۆروپایان دەگەڕێنێت.. دواجار ئەم پیـــاوە هـــاوشـــــێوەیەکی تری ژنەکەی پێشـــــووی دەدۆزێتەوە و ئەویش مارە دەکات و هەمان کاری ئەوەی پێشتری پێ دەکات، ئیتر لە خاڵێکدا ئەم پیاوە پاش ناسران و ناوبانگ دەرکردنی شـێت دەبێت و دەخرێتە شـێتخانەوە و تا مردنی لەساڵی ١٨٨٤دا تێیدا دەمێنێتەوە.

کاری ئەم کەسـە نەخۆشـانەی لای خۆشـمان کە حیکایەتی هەڵبەســـتراو و قســـەی ناشـــیرین دەرحەق بە کەســـە بەتوانـاکـان دەکەن.. بـابەت یـان کۆمێنـت لەژێر بـابەتی سـایتەکان و فەیسـبووک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و یان بە شێوازی تر بڵاو دەکەنەوە، نەک هەر لە کارەکەی "تیۆدۆر

لینـت" دەچێـت، بەڵکوو ئەوەی ئەو تێپەڕ دەکەن، چونکە ئەوەی ئەو مەعســـوومـانە و بێزیـان بووە، لە ڕێیەکی شـــەرعییەوە ژنی هێناوە و ئافرەتە ڕمووزنە تیسـکنەکەی خۆشی کردۆتە هۆکاری خۆدەرخستن و ناسرانی... بەڵام ئەوانەی لای ئێمە، ڕێچکەو ڕێگەی وا نـاپـاکـانە بەکـار دەهێنن، پێناچێت لە فەرهەنگی کارە خراپەکانی ئیبلیس-یشدا جێی بێتەوە!.

ئەفشـــین غولامی: خـاتوو "بوشـــرا کەســـنەزانی" لە دیراسەیەکیدا بە ناوی"کاراکتەر لە چیرۆک و ڕۆمانی پاش ڕاپەڕیندا" کە لە ژمارە٤٠-٤١ی گۆڤاری هەنـار- دا بڵاو بۆتەوە و لە لاپەڕە ٣١دا دەڵێت: (یوسف عزەدین لە ڕێگای سـەلمانی ناسـراوەوە چەندین سـەلمانی گەردانکراوی دیکە دەخولقێنێت و بەزەمەندا پەخشـــیان دەکات و شـــوێنیان دەگۆڕێت.. ئەگەرچی ئەم ســـەلمانانە دواجار یاخی نابن لەیەکە وێنەی ســـەلمانە ڕەســـەنەکە؛ "هەرچەند لەلایەن خودی نووســـەرەوە گۆڕاوە" بە هەموویان یەک ماجەراو ڕووداو دروســـت دەکەن وەک لە ناونیشـانەکەشـــیەوە

دیارە"ماجەراکانی سەلمانی فارسی" نەک"ماجەراکانی سەلمانەکان".. ماجەرا کراوە بەکۆ و سەلمان هەمان سەلمانە، ڕووداو وادەکات وێنەکان بگۆڕێن) ئەوە جگە لەوەی لە درێژەی دیراسەکەیدا شتی زۆر گرنگتری دەربارەی رۆمانەکانتان وتووە.. ئێوە ڕاتان چییە؟

یوسف عزەدین: بێگومان خاوەن خوێندنەوە و دیراسەکان دەرحەق بە تێکستە جۆرا و جۆرەکان هەمیشە ئازادن لە خوێندنەوە و چۆنیەتیی تێڕوانین و دواتریش خستەڕووی ئەو دنیایەی کە کەشفی دەکەن، بەو چەشنەی کە مەبەستیانە.

ئەفشین غولامی: ئەی خۆتان چۆن دەڕواننە ناونانی کاراکتەری ڕۆمانەکانتان؟

یوسف عزەدین: هەموو جۆرە مامەڵە و ناونانێکی ناوی کاراکتەر، هێندەی ئەوەی شیاو و دروستە هێندەش جێگەی پرسیارە؟ دەشکرێت کاراکتەر هەر ناو نەنرێت! هەروەک چۆن "بلزاک" کاراکتەری یەکێک لە کارە

سـەرەكییەكانی ناو نانێت و تا كۆتا بە"سـفری كۆمەڵایەتی" لە كاراكتەرەكانی دیكەی جیا دەكاتەوە.

ئەفشـــین غوڵامی: هۆكـاری بینینەوەی بێهوودەیی لە سەرجەم ڕۆمانەكانتاندا چییە؟

یوســـف عزەدین: هەردەم بێهوودەیی بوونمـان لە ژیـان ســـەرجەم پێودانگەكان تێپەڕ دەكات و ڕەنگە هەر ئەمەش یەكێك بێت لە هۆكارەكانی ڕانەوەســـتانمان لە ئاســـت تەقلیدییەتی تان و پۆ و ئەتمۆســـفێر و كیمیای خوڵقاندنی ماجەراكان.. ئەو ماجەرایانەی چەند پەیوەســـت بێت بە ژیـانەوە هێنـدە ڕۆچوونە بۆ نێو قووڵاییە واقیعـی و غەیبییەكـانی مەرگەوە. ئیـدی ئەوە ئێمە خۆمـانین لە یادەوەرییەكانی خۆمانداو یان ئەوانن لە یادەوەرییەكانی ئێمەداو ئێمەین لە یـادەوەرییەكـانی ئەوانـدا.. ئەی ئـاخۆ بەدەر لە یـادەوەری یـان ئەو دیوی یـادەوەرییەكـان هیچ هەیە؟ ئەی كە نەبوو چ عەبەســـێكە نووســـینەوەی هەموو ئەوەی كە دەینووسینەوە!

ئەفشـــین غوڵامی: خوێندنەوە و نووســـین، کامیان زیاتر کاتتان داگیر دەکات و ئەهمیەتی سەرەکی دەدەنێ؟

یوســـف عزەدین: بێگومان خوێندنەوە و هەر لەمنداڵییەوە ئەمە پیشـــە و کـاریکی بەردەوامی ڕۆژانەمە و نـاتوانم دەستبەرداری بم.

ئەفشـــین غوڵامی: هەر بۆیە کەمتر دەنووســـن، هەن لە نەوەی خۆتان زۆر زیاتریان لە ئێوە نووسـیوە و تەنانەت هەیانە ڕۆژانە لێرەو لەوێ شتێک بڵاو دەکاتەوە؟

یوســـف عزەدین: ئاســـاییە و دەشـــێت.. ئیدی هەر کەس ئازادە، بەڵام خودی ئەو کردەی نووســـینە خوڵقێنەرانەی تێکستی زیندوو دەهێنێتە بوون، شتێکی ترە!

ئەفشین غوڵامی: دیالۆگ لە ڕۆماندا دەبێت چۆن بێت؟

یوسف عزەدین: واباشە دیالۆگ لەو چەشنە بێت کە"بیکیت" لە تێکستەکانیدا بەکاری هێناوە. هەرچەند سـادە و سـاکار دێتە پێشـــچـاو، بەڵام بۆ هەتـا هەتـایە لە یـادەوەریـدا

دەمێنێتەوە.. یان واباشە لەو چەشنە بێت کە"هێرمان هیسە" لە ڕۆمانی"کنۆڵب"دا بەکاری هێناوە.. هەر بۆ نموونە بڕوانە لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا دەنگێکی غەیبی دەڵێت: (نەدەکرا بە شـــێوەیەکی جیاوازتر لەمە بەکارتان بهێنم).. هەر بەمەش جــارێکی تر دەچینەوە نێو نەهــامەتییەکــانی ژیــانی کەسایەتییەکە و داخڵ بە ڕۆمانەکە دەبینەوە.

ئەفشین غولامی: ڕۆمان چی پێ دەکرێت؟

یوســـــف عزەدین: ڕەنگە لەڕووە عەمەلییەکەوە هیچی پێ نەکرێت، بەڵام لەڕوویەکی ترەوە دەکرێت هەندێک شـــــتی پێ بکـرێـت، وەک تەفکیکی بونیــادی کۆمەڵایەتی و کولتووری و فیکری و ســـیاســـی ئەمەش لەڕێی زمانەوە وەک ئۆرگــانێکی پێکهێنــانی ســــەرەکیی ڕۆمــان. بە تێپەڕبوونی بە گەمەکردنێکی مەجازیدا کە دەشـــێت پاڵنەر بێت بۆ هەوڵدانمان، بۆ کەشفکردن و وتنی ئەو شتانەی کە ڕاســـتەوخۆ وتنیان ڕێگر دەبێت لە بەردەم ڕۆچوونمان بۆ نێو قووڵاییییەکان.

ئەفشین غولامی: درێژی و کورتی ڕۆمان چ کاریگەرییەکی هەیە؟

یوسف عزەدین: پێدەچێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت. گرنک ئەو ئەندازەکارییە سەرد- ییەیە کە فەزایەکی ئازادانەی دینامیکیانە دەخوولقێنێت. ئەگەر مەبەستیشتان کاریگەری لەسەر خوێنەر بێت، ئەوە ڕەنگە ڕۆمانە کورتەکان کاریگەرییان زیاتر بێت، بۆ نموونە ڕۆمانی"کنۆڵب"ی "هێرمان هیسە" یەکێکە لە ڕۆمانە کورتە جوانەکان.

ئەفشین غولامی: چەند پاڵەوانی ئیجابی لە ڕۆمانەکانتاندا بوونی هەیە و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان چییە؟

یوسف عزەدین: لە ئێستای دنیادا پێناچێت شوێنێک بۆ پاڵەوانی ئیجابی و تەقلیدی مابێتەوە.. ئەوەی هەیە "ئەنتی هیرۆ"یە و سیفاتی پاڵەوانە ئیجابییە تەقلیدییەکانی جارانی نییە.

ئەفشـــین غولامی: ســـوپاس بۆ ئەم کورتە گفتوگۆیە و وەڵامەکانتان.

یوسف عزەدین: سوپاس بۆ ئێوەش.

*لەسایتی کوردپرێس- / ساڵی ٢٠١٥ بڵاو کراوەتەوە.

## هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە یەشار کەمال

یەشار کەمال؛ یەکێکە لەو نووسەرە جیهانییانەی خوێنەری کورد وەک زۆربەی خوێنەرانی دنیـا، بە خوێنـدنەوەی کتێبەکانی سەرسامە و لەبەر ئەوەی کە کوردیشە هێندەی تر لای ئێمە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانە، هەر بۆیە دەبوو لە ڕێی شـارەزایەکی زمانی تورکی و کەسـێکی ئەدیب و ڕۆمـاننووسـەوە، هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵێک وەڵام و زانینی کۆمەڵێک نهێنی ئەو نووسـەرە بدەین، بۆیە بۆ ئەم مەبەسـتە ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ ڕۆماننووس و لێکۆڵەر؛ یوسف عزەدین سازکرد.

سازدانی: وریا باقر

وریا باقر: چۆن دەڕواننە ئەو نووســـەرانەی توانیویانە بە زمـانێکی تری بێجگە لە زمـانی دایـک، بنووســـن و لەو ڕێیەشەوە خێراتر لە دنیادا بناسرێن؛ وەک یەشار کەمال ؟

یوســف عزەدین: وتەیەکی ئەمیل ســیۆران هەیە کەدەڵێت: (مرۆڤ لە وڵاتدا نیشتەجێ نییە؛ بەڵکو لەزماندا نیشتەجێیە و هەر ئەویشـــە وڵاتمان و بێجگە لەوەش هیچ شـــتێکی ترمـان نییە!) بەڵام هەر خودی ئەم نووســـەرەی زمـان دەکاتە جوگرافیایەک بۆ نیشتەجێ بوونمان! هەر خۆشیەتی کە توانیویەتی دەســـتبەرداری زمـانی زگمـاکی خۆی، لە نووســـیندا ببێت و بە زمانی فەڕەنســـی، واتە بە زمانی دووەم زۆر شارەزایانە باشترین و کاریگەرترین کتێبەکانی خۆی بنووسێتەوە. لێرەشەوە ئەو ئیشکالە دروست دەبێت، ئاخۆ ئەوەی نووســـیویەتی لەبەر ئەوەی خۆی بە ڕەگەز خەڵکی ڕۆمانیایە، دەســـتکەوتێکە بۆ کولتوور و ئەدەبیاتی ڕۆمانی، یان وەک هەر نووســـەرێکی فەڕەنســـی ئەوەی نـووســـیویەتی لە خزمەت کـولـتـوور و ئەدەبـیـاتـی فەڕەنسـیدایە؟ یاخود هیچیان نییە و زمان تەنها هۆکارێکە و مەبەســـتی ســـەرەکی لە نووســـین، تەنها گەیاندنی

نووســراوە بە خوێنەرانی زمانی نووســراو و لێرەشــەوە وەرگێڕان دەبێتە ئەو پردەی کە پێوەندی لەنێوان سەرجەم مەعریفە و کولتوور و تێفکرین و ئـاڵوگۆڕە فەلســـەفییە جیاوازەکاندا دروست دەکات!

وریا باقر: ئەی سەبارەت بە یەشار کەمال ڕاتان چۆنە؟

یوســـف عزەدین: ئەو کێشـــەمانکێشـــە کرتیکییەی ئەمیل سـیۆران و هاوشـێوەکانی دەگرێتەوە، سـەلیم بەرەکات و جان دۆسـت و یەشـار کەمال-یش دەگرێتەوە، چونکە هەم کوردن و هەم بە زمانی دووەمیش نووســیویانە. بەشـــی هەرە زۆری ناوبانگ و ناســـینیشـــیان، دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەرانی زمانی دووەم کە وەک غەوارە تێی نەڕوانیوون و بەڵکوو باوەشــیشـــی بۆ کردوونەتەوە! هەروەها زمانی دووەم وەک پردی پەڕینەوەی تێکســـتەکانیـان، لەمیـانی وەرگێڕانەوە بەرەو خوێنەرانی زمـانەکـانی دیکە ڕۆڵێکی سەرەکی بینیووە.

وریا باقر: ئێوە پێتان وایە؛ نەدەبوو یەشار کەمال بە زمانی دووەم بنووسێت؟

یوسف عزەدین: کاتێک لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا بە زنجیرە چەند بەشێکی ڕۆمانی "ئینجە مەمەد - حەمەدۆک" لە ڕۆژنامەی جمهورییەتدا بڵاو دەبێتەوە، لەسەروو تایتڵی ڕۆمانەکە و ناوی یەشار کەمال-ەوە نووسراوە؛ (حیکایەتی تورکی) و یەشار-یش، هیچ کاتێک نەیوتووە ئەوەی نووسیوویەتی کەم تا زۆر لە بەسەرهات و داستان و گێڕانەوە کوردییەکانەوە هەڵیهێنجاوە.. لە کاتێکدا نکوولّی لە کاریگەریی زمان و ئەدەبیات و داستان و ئەفسانەی تورکی و میللەتان و گروپە ئیتنیکییەکانی تری ناوچەکەی نەکردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی بالابوونێک بە ئەدەبیاتی کرمانجیی دەڤەرەکەی خۆی بدات، دەشێت بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی و لەپێش وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی لە ئەڵمانیا، یان پێش بڵاوکردنەوەی کتێبە وەرگێڕدراوەکانی و چوونی بەپیر بانگهێشت و مەحفەل و کۆڕ و سیمینارە کاریگەرە جیهانییە تایبەتەکان؛ بە بارودۆخی دیموکراسیی تورکیا، باس و خواسێکی سەبارەت بە دۆزی کورد ورووژاندبێت.

بەڵام بەئـاشــــکرا لە پـرۆگـرامـی "ئەکلـَن یـۆلـو" کە پێشـکەشـکارەکەی ئاشـنا و هاوڕێی نزیکی یەشـار کەمال بووە و دیارە لە دنیای میدیاتیکی تورکیدا (زولفو لیوانلو) هونەرمەند و نووسەر و پێشکەشکاری سەنگینی پرۆگرامە و کەسێکی ناسراوە و ماوەیەک لە پارتی جەهەبە و لەگەڵ "دەنیز بایکاڵ" کاری کردووە. جا یەشــار کەمال لە یەکێک لە پرۆگرامەکانی ئەو پرۆگرامە کولتوورییەدا بە ئاشـــکرا دەڵێـت: "وڵاتێـک حەزرەتی مســـتەفـا کەمـال پـاشـــا ئەتاتوورک"ی هەبێت، بەئاســـانی ناڕووخێت." و هەر لە هەمان پرۆگرامدا ئەســـڵی باوانی لە باوکەوە دەباتەوە بۆ تورکمەنی "تەرەکەمە" و گوایە لە قەفقاســـیاوە هاتوونەتە بورســـا و پـاشــــان هـاتوونەتە ڤـان و لەوێش لەڕێی ژنخواستنەوە تێکەڵ بە کورد بوون و ئیتر ئەو سولالەیەی لێ دروســت بووە کە دواجار باوکی و خانەوادەکەی پێش لەدایکبوونی یەشــــار، پاش هێرشـــەکانی ســـپای تزاری ڕووســیا بۆ ســەر ناوچەکە و بەتایبەتیش ڤان، لەگەرمەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەمـانیش هەڵدێن و یەکێک لە دیمەنە کاریگەرەکانیش کە دواتر دوای لەدایکبوونی یەشار کەمال و گەورەبوونی تا ڕادەی فامکردن بۆی دەگێڕنەوە،

بەسەرهاتی تراژیدیانەی باوکی بووە کە بە درێژاییی سەفەرە دوور و درێژەکەیان، تا گوندی حەمیدی ناوچەی چقورئۆوا زۆربەی کات دایکی بەکۆڵ هەڵگرتووە.. هەر ئەمەشە دواتر لای یەشار کەمال ئەو دیمەنە کاریگەرەی نێو ڕۆمانی کاریتەی لێ دروست دەبێت.

وریا باقر: ئەم وەڵامەتان خوێنەر تووشی شۆک دەکات. بەتایبەت ئەوەی لەو پرۆگرامەدا وتوویەتی، چونکە لای خوێنەری خۆمان بە جۆرێکی تر ناسراوە؟

یوسف عزەدین: ڕاستییەکەی دەبێت لەوە بگەین، چۆن یەشار کەمال توانی ئەو هاوکێشە جێگیرەی نێو دنیای نووسینی پێشووتری تورکی هەڵگێڕێتەوە، بە تایبەتیش لەبواری نێرێتیڤ و ڕۆمانووسیندا! چونکە پێشتر زۆربەی ئەو نووسەرانەی هەبوون لە ئەسڵ و فەسڵێکی ئۆرۆستۆکراتی و خوێنەواری زمانزانی نێو ئیستانبووڵ و شارە سەرەکییەکان دەهاتنە نێو دنیای نووسینەوە و هەر ئەوانیش بوون جارێکی تر لە نووسینەکانیاندا ڕووداو و بەسەرهات و واقیعی ژیانی گوندنشینەکانیان دەکردە

بابەتی گێڕانەوەکانیان؛ بۆ نمونە ڕۆماننووس کەمال تاهیر لە ئیستانبووڵ لەدایک بووە و هەر لەوێشدا وەفاتی کردووە، بەڵام زۆربەی بابەتەکانی باسی ڕووداو و بەسەرهاتی گوند و گوندنشینەکان دەکات. یەشار کەمال ئەو هاوکێشەیە پێچەوانە دەکاتەوە و لە قووڵاییی داستان و ئەفسانە و گێڕانەوە و حیکایەتەکانی گوندەکانی ئەنادۆڵەوە دێتەدەرو بۆ یەکەمجار کەسێکی گوندی لە زاری خۆیەوە کارەسات و بەسەرهاتی بنیادەمانی گوند و گوندنشینان دەگێڕێتەوە و بەپێی هەلومەرجی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکیا لەو کاتەدا ئەو دەرکەوتنەی یەشار کەمال لە پەنجاکانەوە و بە تایبەتیش کاتێک ڕۆمانی (حەمە دۆک) لە نێوەڕاستی دەیەی شەشەمی سەدەی پێشوودا وەک کتێب بڵاو دەکاتەوە و پاشان لەلایەن (یاڕڵک دەرگیسی) بەکۆی دەنگی حەوت کەسی لیژنەکە لە کۆی نۆ دەنگ خەڵات دەکرێت. جێگەی باسیشە لە ئەندامانی لیژنەکە لەوانەی دەنگ بە خەڵاتکردنی دەدەن؛ ڕوووناکبیران و نووسەرانی وەک یاقوب قەدری و سەلاحەددین باتۆ و یەشار گولتەکین-یان تێدا بووە.

یەشـــــار کەمــال هەر بە منــداڵی دوو کــارەســــــات، شــوێنجێگەیەکی قووڵ لە دەروونیدا جێ دەهێڵن، یەکێکیان کـاتێـک تەمەنی ســــێ ســــاڵ و نیو بووە؛ وەختــایەک ڕوانیوویەتە ســــەربڕینی ئــاژەڵێــک و دوور و نزیــک، ویســــتویەتی لە بابەتەکە بگات و بە جۆرێک لە جۆرەکان تێیدا بەشـــدار ببێت. بەپێی جیاوازیی گێڕانەوەکان، هەن دەڵێن چەقۆکە، لە دەســـتی بـاوکی یـاخود دەوترێـت لە دەســتی مێردی پوورێکی، چاوی ڕاســتی دەکاتە نیشــان.. ئیــدی هەن دەڵێن تێی دەچەقێــت و هەن دەڵێن بەری دەکەوێت. بەڵام بەهەر جۆر و شــــێوازێک بووبێت، لەو ســاتەوەختە زۆر هەســتیارەی تەمەنییەوە چاوی ڕاســتی کوێر دەبێت.

بەســەرهاتی دووەمیش پاش ســاڵێک یان ســاڵ و نیوێک لە ڕووداوی یەکەم بە بەرچـاوی خۆیەوە لە مزگەفتـدا؛ هەر دوا بەدوای ئەوەی بــاوکی نوێژ تەواو دەکــات.. بکوژ بروســکەئاســا لەناکاو بەخەنجەر ســادق-ی باوکی یەشــار دەکوژێــت و هەڵــدێــت.. دوا دەنگێــک کە لە بــاوکییەوە دەیبیســـتێت، هـاواری کوژراوێکە دەڵێت؛ کوڕینە منیـان

کوشـــت... تا بەیانی بە کۆڵی دایکییەوە هاواری کردووە و گریـاوە و کـاتێکیش ڕۆژ بۆتەوە، زانیویەتی کە ئیتر لاڵ بووە و ئەم لاڵ بوونەشی حەوت هەشت ساڵ دەخایەنێت و بە شـــێوەیەکی چاوەڕواننەکراویش، بە ســـتران وتن و بەستەبێژی دێتەوە نێو دنیای ئاخافتن!

وریا باقر: بۆ ئەوەی لای خوێنەر ڕوون بێت، مەبەســـتتان چییە کە دەڵێن بە بەستەبێژی دێتەوە نێو دنیای ئاخافتن؟

یوســـف عزەدین: نـاوچەی ئەنـادۆڵ بەگشـــتی و بەبێ جیاوازی جۆری ڕەگەز و مەزهەب و درەنگ و زووی ئەو خەڵکانەی تێیدا نیشـــتەجێ بوون، هەر هەموویـان وەک خۆیان خاوەن چەندین داســـتان و ســـەرگوزشـــتە و بەســـەرهات و گێڕانەوە و هۆزان و بەســتە و ســترانن.. تا دەگاتە ئەو میللەتانەی لە ڕێی جینۆســـاید و ڕاگوازتنەوە خاکی لە مێژینەی خۆیانیان پێ چۆڵ کرا وەک ئەرمەنەکان. ئەمە جگە لەو هەموو قەومـانەی بە درێژاییی شـــەڕ و شـــۆڕەکان هەر لە ســـەردەمی مەغۆلەکانەوە، لەتاو گیانی خۆیـان لە شـــوێنـانی ترەوە بەرەو ئەنـادۆڵ هـاتوون،

خانەوادەی مەولانای ڕۆمی، یەکێکن لەو نمونە دیارانەی کە لە ترسی هێرشەکانی مەغۆل؛ گەیشتوونەتە ئەو ناوچەیە. هەروەها بە درێژاییی مێژوو، بەپێی بەرژەوەندیی هێزە دەسەڵاتدارەکان؛ چەندین نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جودای تێدا جێ بۆتەوە.. وەک ئەبخازیی و چەرکەس و لاز و گورجی و یەهودییە هەڵهاتووەکان لە ئیسپانیا و دەیان و سەدان چیچانی و ئۆزبەکی و داغستانی و قرغزی و تەنانەت ئۆروپایی هەڵهاتووش، یان بەدیل گیراو لە جەنگەکاندا، لە جوگرافیای ئەنادۆڵدا جێی خۆیان کردەوە و ئەمەش جۆرە مۆزایکێکی بێوێنەی لە تێکەڵە کولتوور و داب و نەریت و ئەدەبیاتی ئۆرێنتاڵ و گێڕانەوە و داستان و ئەفسانەکانی ئەو پانتاییە جوگرافیەدا دروست کردووە.. هاوکات ناشبێت شارستانییەتی گریکی و ڕۆمانی و میدیی و میتانی و زیلانی و هەخامەنشی و پاشان بێزەنتییە ئەرسەزۆکس مەزهەبەکانی ناوچەکەش لەبیر بکەین. ناکرێت هۆمیرۆس- ی نابینا و ئەلیادە و ئۆدیسەکەشی بە فەرامۆشی بسپێرین؛ بۆیە بەخۆڕا بە یەشار کەمال-یان نەدەوت هۆمیرۆسی سەدەی بیستەم!

هەر لە سەرەتاوە سالانی بێدەنگی و لالێتییەکەی لە کۆکردنەوەو سەیڤکردنی چەندین داستان و بەند و بەستەی دێرینی ناوچەکەدا بەکار دەهێنێت و کاتێکیش دەنگی لێوە دێت، بە شیعری ئیرتیجالی و سازژەنین و سترانبێژی دەست پێ دەکات. یەکێک لەو سترانبێژە بەناوبانگانەی ئەو سەردەمەی یەشار تێیدا پانزە شانزە سالان بووە، کەسێک بووە لە ناوچەی یاپۆزی مەراشەوە، بە ناوی عاشق ڕەحمی هاتۆتە ناوچەی چقورئۆواوو شەوێک تا بەیانی لەگەڵ یەشار کەمال بە وتنەوەی داستانە شیعرییە کۆنەکان و گۆرانییە میللییەکان دەباتەسەر.. کاتێکیش ڕۆژ دەبێتەوە، عاشق ڕەحمی سازەکەی خۆی پێشکەش بە یەشار دەکات و داوای لێ دەکات پێکەوە گوند بە گوند بگەڕێن و کەسایەتیی داستان بێژ و شاعیری میللی، قەرەجەئۆغلانی نیمچە ئەفسانەیی پێکەوە زیندوو بکەنەوە. پێش ئەوەی ئەم زاتەش بناسێت، لەگەڵ بەستەبێژی میللی، ئاشق کەمال ناو، گوند بە گوندی چقورئۆوا دەگەڕێت و بە دیداری داستان بێژی وەک "مورتەزا ئەمە" و "کوچک مەمەد" و "گویلەمەن ئەحمەد" دەگات و لەسەر دەستی "گویلەمەن ئەحمەد"ی داستان

بێژی گوندی قەزمەجا، داستانی کوێر ئۆغڵی بەتەواوی فێر دەبێت و تەنانەت لە تەمەنی حەڤدەســـاڵیدا توانیویەتی بە ستایلێکی جیاوازتر سەرلەبەری بڵێتەوە.

وریا باقر: ئەی چۆن لەم ســـتران بێژییەوە دەچێتە ناو دنیای نووسینەوە؟

یوســـف عزەدین: لێرەوە ڕۆڵی عــابیــدین دینۆ، گەورە ئەنتەلەکتوێل و ســـیناریســـت و دەرهێنەری ســـینەمایی و هونەرمەنـدی شـــێوەکـاری؛ هـاوڕێی نـازم حیکمەت و تریســـتان تزاراو پاپلۆ بیکاسـۆ و سـێرگی ئایزنشـتاین و ئەندرێ مارلۆ دەســـت پێ دەکات. ئەم و نازم حیکمەت بە گەنجی و لە گەرمەی شـــەڕەکـانی ئەتـاتورکـدا لەگەڵ ســـەرجەم هێزەکانی ســـەر خاکی ئەنادۆڵ، ئەتاتوورک دەبینین و ئەویش پێیان دەڵێت، دەبێت بۆ میللەت بنووسـن و کاتێکێش نازم حیکمەت پێی دەڵێت؛ پاشـــام مەبەســـتتان چییە؟ ئەتاتوورک دەڵێت وەک مایکۆفســـکی بن. ئیتر هەر ئەمەیە ئەو ســـەرەتایەی ئەو دوانە دەگەیەنێتە ســـۆڤێتی جاران و هەردووکیشـــیان بەپێی ناونانی ســـەردەمەکەیان

دەبنە دوو کەسـی چەپخواز و ڕادیکاڵ، ئیتر نازم حیکمەت بە سـاڵانێکی دوور و درێژی زیندان باجەکەی دەدات و لە مابەینی چل و پەنجاکانی سەدەی پێشووشدا، ئابیدین دینۆ و عاریفی برا گەورەی و گوزین دینۆی هاوسـەریشـی بە دوورخسـتنەوەیان بۆ شـاری ئەدەنە لە زینـدانکردن ڕزگـاریـان دەبێت و لەوێ کەمـال سـادق کە دواتر لە نووسـیندا بۆ چەواشـەکردنی پۆلیس ناوی خۆی دەنێت یەشـار کەمال، دەناسـن و خودی یەشـار کەمال-یش لەبـارەی هەردوو برا؛ عـابیـدین دینۆ و عـاریف دینۆ-وە وتویەتی: "دوو مرۆڤی ڕۆح مەزن؛ سـەبارەت بە فیکر و دنیابینیشیان پێشـەنگی پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سـەردەمە بوون. من یەکێک بووم لە کەسـە ڕەش و ڕووتەکانی گەل، بەڵکوو لە خراپترین بـارودۆخی کۆمەڵگەدا، بە میراوی و کشـتکارییەوە خەریک بووم. لە کاتێکدا ئەوان بـاڵاترین ڕۆشـنفکر و بیرمەند بوون.. منیان گرتەخۆ و گۆشـیان کردم، بەرەو فیکر و ئەدەبی جیهانی ڕەهبەرییان کردم و دۆن کیخۆتە و مـارکس و ئەنگلز و لینین و گۆرکی-یـان پێناساندم".

دواتریش هەر خودی عابیدین دینۆ، وا لە یەشـــــار کەمال دەکات بە یەکجارەکی ئیستانبووڵ بکاتە شوێنی نیشتەجێ بوونی و لە هەمووشی گرنگتر دەبێتە هۆکاری وەرگرتنی وەک ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی جمهورییەتی تورکی و ئیتر ســـــەرەتای کارە جدییەکانی یەشـــــار کەمال، لەو ڕیپۆرتاژانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە ســـــەبارەت بە کێشـــــەی خەڵکانی زەحمەتکێش و لانەوازانی ناوچەی چقورۆئوواو قاچاخچییەکانی سنوور و زۆر بابەتی کاریگەر؛ بەو زمانە سەرنج ڕاکێشەی خۆی دەنووسێتەوە.

وریا باقر: وەک هەر خوێنەرێکی کورد ئاگاداری ئەوەین یەشـــــار کەمال، دەرفەتێکی وای لە قۆناغەکانی خوێندنی فەرمیدا بۆ نەڕەخســـــاوە و مەگەر هەر قۆناغەکانی ســـــەرەتایی تەواو کردبێت؟ بەڵام ئاشـــــکرایە ئەو ڕۆشنبیرانەی ناوتان هێنان، توانیویانە دڵسۆزانە گۆشی بکەن!

یوسف عزەدین: بەڵێ خۆی مایەی ئیعجابە، کاتێک زانکۆی ئەدەنە، بەو پەڕی شـــــانازییەوە دکتۆرای فەخری دا بە

یەشـــار کەمال و بە حەقیقەتیش شـــایانییەتی. ئەم جۆرە کەسە بلیمەتانەی وەک یەشار کەمال، هیچ کات پێویستیان بە تەواوکردنی ســـەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی فەرمی و تەقلیـدی نییە! لە دەرەوەی ئەو دنیـا داخراوەوە دەتوانن شـــتانێک بکەن، بە هەموو خاوەن بڕوانامەکانی بەشــــە جیاجیاکانی ئەدەبیات نەکرێت. بێجگە لەوەی بە دڵنیاییەوە ئەو چەند ســـاڵ خوێندنە فەرمییەی یەشـــار کەمال لەو زەمەنە ڕابردووەی گوندێکدا، بەشی ئەوە فێری خوێندنەوە و نووســـینی کردووە، کە بتوانێت لە بەردەم مزگەوتێکی ئەدەنەدا ببێتە عەرزوحاڵچی و تەنانەت یەکێک لەو حاڵەتە دەگمەنانەی کە بەتووشـــییەوە دەبێت، هاتنی کەســـێکە بۆ لای بە ناوی ئەحمەد دۆغان تا عەریزەیەکی بۆ بنووسێت. بەڵام هێندە بەسەرهاتی کەسەکە کاریگەر و سەرنجڕاکیش دەبێـت، کـابـرا لەگەڵ خۆی دەبـاتە مـاڵەوە و لەوێ بەدووردرێژی بەسەرهاتی ئەحمەد دۆغان دەنووسێتەوە و لەماوەی پانزە ڕۆژیشـدا دەسـتنووسـەکەی دەبێتە پێنج سـەد لاپەڕە و بەتاسـەوە پیشـانی عابیدین دینۆی دەدات و پێی دەڵێـت؛ دەمەوێـت ئەم بـابەتە بکەمە ڕۆمـان.. بەڵام کاتێک عابیدین دینۆ دەیخوێنێتەوە، بە سـەرسـامییەوە پێی

دەڵێت؛ چی دەکەیتە ڕۆمـان، خودی ئەوەی نووســـیوتە ڕۆمانە!؟

وریا باقر: پێمان باشـە زیاتر خوێنەران بەسـەرەتاکانی ئەو گۆشـکردن و ئاڕاسـتەکردنە فیکری و ئەدەبیانەی یەشـار کەمال ئاشنا بکەیت؟

یوســف عزەدین: حەتمەن هەموو شـتێک لەبارەی جۆر و شـــێوەی ئەو گۆشـــکردنەوەوە نەزانراوە و بەشـــە هەرە زۆرەکەی شـاراوە و پەنهانە. بەڵام ئەوەی ئاشـکرایە هەر لە سەرەتای ئەو ناسینەی نێوانیانەوە، عاریف دینۆی برای عابیدین دینۆ گوێنییەک کتێب دەداتە یەشـــار کەمال و پێی دەڵێت؛ بیبە و بیخوێنەرەوە، ئەویش کاتێک دەگاتە ماڵەوە و گوێنییەکە هەڵدەڕژێت، دەبینێت پێنج نووسخە لە ڕۆمانی دۆن کیخۆتەی تێدایە و پێدەچێت وای زانیبێت، بە هەڵە پێنج نوســـخەیان داوەتێ، یان لەوانەیە تاقی بکەنەوە. ئیتر هەرچۆنێک بێت، چوار نوسخەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ عاریف دینۆو پێی دەڵێت؛ بەهەڵە پێنج نوســـخەتان لەم ڕۆمانە بۆ دانـابووم. ئەویش لە وەڵامـدا پێی دەڵێـت؛ نەخێر بەهەڵە

دامنەناوە، چونکە ئەگەر لە داهاتوودا مەبەستتان بێت، ببنە نووسەر، بەردەوام پێویستان بە خوێندنەوەی دۆن کیخۆتە دەبێت! تۆ بڕوانە ئەو کاتەی ئەوان یەشار کەمال لە ئەدەنە دەدۆزنەوە، دەبینین گەنجێکی شاعیر و بەستەبێژە، وەک هەر شاعیرێکی میللی ئیریتجالی، توانای شەڕەشیعری درێژخایەنی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا هەبووە، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا لەگەڵ یەکێک لە ناسراوەکانی ناوچەی یاپوزی شاری مەراش توانیویەتی تا بەیانی بێ وەستان پێکەوە ببنە تەواوکەری یەکتر، واتە ئەو جۆرە کەسە میللیانەی کەناچارن ڕاستەوخۆ بە بەرچاو خەڵکەوە بەستە و داستان و ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی شیعریی و بەگۆرانی بڵێنەوە، ئەو جۆرە کەسانە توانایەکی بێسنووری ئیمەیجنەیشین و داهێنانی گێڕانەوەی نوێیان هەیە.. هەر ئەمەشە وا لە نووسینەکانی داهاتووی یەشار کەمال دەکات، هاوشێوەی کەم بێت لە توانای وەسفی و ئیرتیجالییەتی بەدواداچوونی ڕووداوەکاندا.

وریا باقر: باشـــە ئەو شـــیعرە ئیرتیجالی و گۆرانییە میللیانەی کە لە گەنجیدا وتوونی، بە چ زمانێک بووە؟

یوسف عزەدین: دەتوانین لەم پرسیارەوە، بچینە نێو زۆر وردەکاریی دنیای یەشـــار کەمال-ەوە، لە ئەسـلّدا ناوی کەمال ســـادق گۆیکچەلی-یەو دایکیشـــی نێوی نیگار-ەو یەشـــار لە گوندی حەمیدی تورکمەن نشـــین، هەر لە منداڵییەوە لەدەرەوەی ماڵەوە بە تورکی قسەی کردووە و لە ماڵیشـــەوە بە کوردی و وەک خۆشـــی دەیگێڕێتەوە، کاتێک لە قسەکردنی نێو ماڵەوەیاندا یەک وشەی تورکی لەدەم دەرچووە، دایکی بە شـــەپازلەیەک تەختی عەرزی کردووە و هەر ئەمەشە وا لەیەشار کەمال دەکات، هەرگیز کوردی لەبیر نەچێتەوە و پاش ساڵانێکی دوور و درێژ لە ئاخافتن و بیرکردنەوە و نووسین بە زمانی تورکی، کەچی هەر زمانی دایکی لەبیر بمێنێت.

ئەوەندەی ئاگاداریشین یەکێک لە شیعرە کۆنەکانی یەشار کەمال، کاتێک هەڤدەســـاڵان بووە، بە زمانی تورکی نووسیویەتی و شیعرێکی ئەنتۆلۆژیی جوانیشە؛ باس لە بوونی تەنهایانەی خۆی دەکات. دیمەنی کاریگەری تێدایە،

چۆن بە چیایەکدا هەڵدەزنێ و ئارەق دەکاتەوە، ماندوو شـــەکەت دەگـاتە ئەو بەرزیـیەی هەورەکـانـی لـێ وەدیاردەکەوێت و لە کۆتاییی شـیعرەکەشـیدا داوا لە خوا دەکات؛ تەنهایی لەو چەشـنەی ئەو بەکەس نەدەدات. ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی هەر لە سـەرەتاوە زمانی تورکی لە نووسـیندا بەکار هێناوە و جا مەسـەلەیەکی تریش هەیە، هەر خودی یەشـار کەمال لە زۆر شـوێندا ئاماژەی بەوەداوە؛ ئەمـان تـاکە مـاڵیکی کورد بوون، لەو گونـدە تورکمەن نشینەی ناوچەی چقوورئۆوای سەر بە ئەدەنەی پێنجەم شـارى گەورەی تورکیـا لەڕووی ژمـارەی دانیشـتووانەوە، لەوێ جێی خۆیان کردۆتەوە و تەنانەت لە هەموو ئاخافتن و ئاماژەپێدانەکانیشـدا، بەڕێزەوە باسـی خەڵکی گوندەکەی بەتایبەتی و ناوچەی چقورئۆواشـی بەگشـتی کردووە و بە درێژاییی تەمەنیشـی هێندەی دەرفەتی هەبایە ساڵانە سەردانی دەکردن و ئەوانیش وەک کەسـێکی ئەزیزو بگرە وەک پاڵەوانێک پێشـوازییان لێ دەکرد. ناشـێت ئەو دەمەی دەسـتی داوەتە بەسـتەوتن، بە کوردی گۆرانی بۆ خەڵکە تورکمەنەکەی ئەو نـاوچەیە و دەوروبەری وتبێت.. بۆیە دەبێت بە دوور لەو نەخشـە

پۆلەتیکەی دەخرێتە پێش چاومان؛ لە قووڵاییی قسـەو باسـەکانی خودی نووسـەر و هاوڕێکانییەوە، شـتگەلێکی نوێ هەڵبهێنجین. لە زاری نووسەرەوە بەسەرهاتی داستان ئـامێزانەی کوێرئۆغڵو داسـتـانێکی تورکییە و هەروەهـا بەسەرهاتی حەمەدۆک و زۆر بابەتی تریشی. بەڵام جێگەی باسە کاتێک لە مەراسیمی مەرگی، مەمەد ئۆزون-دا دەڵێت؛ بەتەما بووین پێکەوە داسـتانی کۆنی کوردی، مەمۆئالان بنووسینەوە، بەڵام مردنی ڕێی نەدا ئەم پرۆژەیەمان سـەر بگرێت. ئەم یەکێکە لە ئاماژە ئیجابییەکانی یەشـار کەمال بە بوونی کولتوورییـانەی کورد لە ئەنـادۆڵـدا، بەڵام نەنووسـینەوەی دواتری ئەو داسـتانە لەلایەن خودی ئەو نووسـەرەوە، جێگەی پرسـیارە و لەوەش گرنگتر ئەو پرسـیارەیە کە لام دروسـت دەبێت؛ ئاخۆ ئەگەر مەمەد ئۆزون نەمردایە، یەشـار کەمال ناوی خۆی دەخسـتەپاڵ ئەو و وەک بەشـدارێک لە نووسـینەوەی هەمان داسـتاندا، کتێبێکی هاوبەشـیان بڵاو دەکردەوە. پێناچێت و بەڕای من هەر بۆ ئیستیهلاکی محەلی و ڕاکێشـانی خوێنەرانی کورد، قسـەوباسـێکی لەو جۆرەی وروژاندووە.. چونکە هێندەی کەسـێکی کارێزمایی شـارەزاو قاڵبوو لە دنیای سیاسـەتدا،

شـــــارەزاو بەڵەد بوو، لەڕێی عابیدین دینۆ-ەوە نەک هەر تێکەڵ بە دنیـای ئەدەبیـات و کەڵچەڕی جیهـانی بووە، بەڵکوو تێکەڵ بە فیکر و ئـایـدیۆلۆژیـای چەپخوازانەی سەردەمەکەشی بووە و هەر لە سەرەتای دەستپێکیشییەوە، بە گەنجی لە ئەدەنە دەگیرێـت. لەڕووی ڕێکخســـتن و پێشـڕەوێتی جەماوەری زەحمەتکێشـەوە، کەسـێکی کردەو بەتوانا بووە لە جووڵاندنی شـــەقامدا. هەمیشـــە خاوەن جموجۆڵ و چالاکی کۆمەڵایەتی و ســیاســی بووە و ئیتر کـاروکردەوەکـانی چەنـدی هەڵقووڵاووی ڕاســـتەقینـانەی ناخی خۆی بوون و چەندیشـــی گەمە و نمایشـــێک بوون کـردوونـی، ئەوە مەســـەلەیەکـی تـرەو ڕەنـگە لـێـرەدا ساغکردنەوەی ئاسان نەبێت.

وریا باقر: باشە نووسەران بەگشتی، جۆرێک لە تەکتیک و سیاسەتیان نییە بۆ ڕاکێشانی خوێنەران!؟

یوسـف عزەدین: دروسـتە، بەڵام دەبێت بپرسـین چ جۆرە تەکتیک و سیاسەتێکە؛ دۆستۆیڤسکی بۆ ڕاکێشانی خوێنەر دەیکات، کەســێکە دەبرێتە بەردەم لیژنەی گوللەبارانکردن

و پـاشـــــان لەپڕ بە لێبووردنێـک لە مەرگ دەگەڕێتەوە! کەسـێکە کاتێک قەرزدار دەبوو، پێشـوەخت بڕە پارەیەکی لە خانەی چاپکردنێک وەردەگرت و بەڵێنی دەدا لەماوەیەکی کەمدا ڕۆمانێکی ئەوەندە لاپەڕەییان بخاتە بەردەســـت و بەحەقیقەتیش بە چەشـنێک کە جێگەی سـەرسـامییە، لەو ماوە دیاریکراوەدا، بۆ نموونە توانی لەماوەی پانزە ڕۆژدا یەکێک لە ڕۆمانە باشەکانی خۆی تەواو بکات. یان چ جۆرە سـیاسـەتێکە؛ کافکا بۆ ڕاکێشـانی خوێنەر دەیکات، پیاوێکە بە بێـدەنگی دەژی و بە گەنجی دەمرێـت. گەورەترین داهێنان لە بواری نووســـینی نۆڤێللا و ڕۆماندا دەکات. چ جۆرە ســـیاســـەتێکە؛ وا لە نابیانەیەکی وەک بۆرخیس دەکات، لەپێناو بەردەوامی لە داهێنان و جدیەتی نووسیندا، ناچار بێت لە تەمەنێکی هەڵکشـــاوی ژیانیدا بە وتنەوەی موحازەرە و داهاتی کتێبەکانی بژی؟!

لە کاتێکدا گابریل گارســـیا مارکیز، دەبێتە هاوڕێی چەند دیکاتۆرێکی وەک عومەر تۆریخۆس و فیدڵ کاســـترۆ و هەروەهـا لە زۆر بـگـرە و بەردەی ســـەردەمەکەیـدا شـــوێنپەنجەی دیاربووە. حەتمەن نووســـەران دابڕاو نین،

لەهەموو ئەو جموجۆڵە کۆمەڵایەتی و ســـیاســـییانەی کە شـــەقام دەوروووژێنێت، بەڵام جۆری بەشـــداربوون و ئامانجی ســـەرەکیی بەشـــداربوونەکە گرنگە. بۆ نموونە لە ئان و ساتێکی مێژوویدا گۆنتەر گراس، ددان بەوەدا دەنێت بەگەنجی و لە ســاڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ســەر بە هێزەکانی بروسکەی ئێس ئێسی نازییەکان بووە. هەرچەند سەرپێی وا دێتەپێشچاو وەک کەسێکی ئاشق بە شوهرەت و بە مەبەستی ڕاکێشانی زیاتری خوێنەران، ئەمەی وتبێت، بەڵام بەو پێیەی ئەم ئیعتیرافەی پـاش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و لە تەمەنێکی هەڵکشاویدا بوو، پێناچێت بە مەبەستی ڕاکێشانی زیاتری خوێنەران بووبێت.

زۆربەی ئەم بگرە و بەردەیەش کە ژمــارەیەکی زۆری نووســـــەرانی دنیای ناشـــرین کردووە، دەرئەنجامی ئەو کردەی بەبـازاڕکردنی کتێبەیە.. تۆ نووســـــەرێکـت هەیە نووسـین بۆتە پیشـەی و ناچارە بنووسـێت تا بژی. کەواتە ناچارە ئەوە بنووســـێت کە بازاڕی کتێب لێی داوا دەکات. ناکرێت شـــتێکی موخالیف بنووســـێت، بەوەی تەوژمەکە دەیخوازێـت، چونکە بۆی بڵاو نـاکرێتەوە. یـان بەدەگمەن

شـــوێنێکی دەســـــت دەکەوێت، بۆی بڵاو بکاتەوە، بۆیە ســـەردەمانی پێش داهێنانی چاپکردن! کاتێک نووســـین دەســـتخەت بوو، نەســـاخەکان دەیاننووســـییەوە و وەک گەوهەرێکی گرانبەها نرخ و بەها بۆ نووسـین دادەنرا، ئەو دەمە نووســین خۆی بوو، وەک خۆی، دەربڕی ئەوە بوو، دانەرەکەی دەیویست.

وریا باقر: کێن ئەو نووســەرە جیهانی و تورکانەی کاریان کردۆتە سەر نووسینەکانی یەشار کەمال؟

یوسـف عزەدین: ئەم پرسـیارەتان ئەو پرسـیارەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی گالیمار-ی فەڕەنسیم بیر دەخاتەوە، بەڕێوەبەری گالیمار لەڕێ و ڕەسـمی خەڵاتکردنی یەشـار کەمال-دا، ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێت: دەبێت منەتباری ئەو دوو خانمە بیت؟

ئەو خانمانە یەکێکیان خاتوو منەوەر، هاوسـەری پێشـووی نازم حیکمەت بووە و وەرگێڕی نزیکەی بیســـت ڕۆمانی یەشـــار کەمال-ە بۆ فەڕەنســـی. دووەمیشـــیان یەکەمین

هاوســـــەری یەشـــــار کەمال-ە خاتوو تیلدا-ی بە ڕەگەز جوولەکەی زمـانزان و ئەنتەلکتوێـل و نەوەی یەکێکە لە پزیشـــکە تایبەتەکانی ســـولتان عەبدولحەمید و ناوبراو نزیکەی هەڤدە ڕۆمانی یەشـــاری کردۆتە ئینگلیزی و جگە لەوەی هەر ئەویش بووە یەشـــار کەمالی لە نووســـەرێکی لۆکاڵییەوە کردە جیهانی. جێگەی باســـە کاتێک تیلدا، پێش مردنی بۆ مـاوەی حەوت ســـــاڵێک نەخۆش و دەردەدار دەبێت، یەشـار کەمال بە پارەش کەسـی دەسـت ناکەوێت، ڕۆمـــانەکـانی بکـاتە ئینگلیزی. چونکە ئەو هێنـدە بە تورکییەکی تـایبەت و تـاڕاددەیەک کۆن و جـار جـارەش، داهێنراو و جیاواز دەنووســـێت، لەگەڵ ئەو هەموو ناوە نەبیســـتراوە دەگمەنانەی ســـەبارەت بە ناوهێنانی گوڵ و گوڵزار و ڕووەکە کێویلییەکـان بەکـاریـان دەهێنێت، وای کردووە نووسەرێکی وەک عەلی پسکولئۆغلۆ، فەرهەنگێکی تایبەتی، تورکی تورکی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی یەشار دابنێـت، تـا خوێنەری تورک لەکـاتی خوێنـدنەوەیـانـدا لە تێنەگەیشتنی هەندێک وشە و دەستەواژە و زاراوەدا دۆش دانەمێنن. بابچینەوە بچینەوە ســـەر باســـەکەمان، کاتێک بەڕێوەبەری گـالیمـار، بە یەشـــــار کەمـال دەڵێت: (دەبێت

منەتبـاری ئەو دوو خـانمە بیـت؟!) بە شــــێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لەگەڵ ئەوەی هەردوو خانمەکە بەرانبەری دانیشتوون، یەشار کەمال لە وەڵامدا دەڵێت: (من مەمنوونی هیچ کـامێکیـان نیم و نـابێـت مەمنوونیـان بم، چونکە من مەمنونی یونس ئیمرەو قەرەجەئۆغڵان و چیخەف و چاڕلی چـاپلنم...) دیـارە بەمەش وەفـاداری خۆی بەرانبەر بەو هەموو مـانـدووبوونەی ئەو دوو خـانمە دەردەبڕێـت و چاکەی مـاندوبوون و شــــەونخوونی و شــــەکەتبوونی ساڵانێکیان دەداتەوە.

وریا باقر: کەواتە یەشـار کەمال، وەفای بۆ ئەو دوو خانمە وەرگێڕە نەبووە، باشــە هەر هیچ نەبێت هاوســەرەکەی بێ هیچ بەرانبەرێک و لە خۆشــــەویســــتییەوە بە درێژاییی تەمەنی ڕۆمانەکانی وەرگێڕاوە؟

یوســـف عزەدین: جا شــتێکی تریش هەیە، خۆ دەکرا هەر هیچ نەبێت. لەپاڵ نـاوی یونس ئیمرەو قەرەجە ئۆغڵانـدا، ناوی ئەحمەدی خانی-یشــــی لە ڕیزی ئەو ناوانەدا هێنابا.. لە کاتێکدا شــایانی ناوبردنە و مەم و زین-یش تێکســتێکی

ناسـراو و وەرگێڕدراوە بۆ زمانە ئۆروپاییەکان.. هەرچەند ئینکاری توانای یونس ئیمرە ناکرێت، وەک شـــاعیرێکی قووڵ لە دنیای تێڕامان و تەســـەوفدا؛ ئێمە وەک خۆمان، ئەوەی بەلامانەوە گرنگە کاریگەری و جدییەتی دەقە، ئیتر هەر کەسێکی سەر بەکامە ڕەگەز نووسیبێتی، مەسەلەیەک نییە. بەڵام ئەمەی یەشـار مەســەلەیەکی ترە و کۆمەڵێکی مەحروم لە بەکـارهێنـانی زمـانی خۆی، چـاوەڕێی دەمی نووســـەرێکە کە قەولە کورد بێت، ئەمە جگە لە خودی ئاماژەدانەکەی بە دوو ناسراوی دنیای ئەدەبیاتی ئۆرێنتاڵی تورکی، لە کاتێکدا کەسێکی خاوەن تێکستێکی نووسـراوی وەک مەم و زین، پشـــتگوێ دەخـات.. هەروەهـا مەلای جزیری-ش یەکێکە لە ناوە دیارەکانی دنیای نووســین. لە هەمووشـی سـەیرتر دواتر لەکەناڵە ناوخۆییەکانی تورکیادا لەپـاڵ ئەدەبیـاتی ڕەنگـاوڕەنگی جوگرافیـای دەوڵەتی تورکیـادا، لەژێر لێوەوە نـاوی ئەحمەدی خـانی و مەلای جزیریش دەهێنێـت، بەڵام حەتمەن وتنی ئەو نـاوانە لە شـوێنێکی کولتووری و هەستیاری وەک گالیماردا شـتێکی تر بوو، دەیتوانی لەمیـانی کەمترین ئـامـاژەپێـدانییەوە،

دنیایەک پرسـیار و مەراقی ئامادەبووانی ئەو مەراسـیمە بەلای کولتووری کوردیدا ڕابکێشێت.

وریا باقر: بەڵام لە میدیای کوردیدا، بە جۆرێکی تر یەشار کەمال-مان پێ ناسـێنراوە و زیاتریش وەک داکۆکیکار لە کولتووری میللەتێک ناسیومانە؟

یوسف عزەدین: لەپرۆگرامی ٣٢گوین-ی پێشکەشکاری ناوداری تورک؛ مەمەد عەلی بیراند-دا، کاتێک بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشـتی لە ئەڵمانیا، لە یەشـار کەمال دەپرسـێت؛ ئەوەی ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە، یەشـار کەمال-ی کوردە یان یەشـار کەمال-ی تورک؟ لە وەڵامدا یەشـار کەمال پێدەکەنێت و دەڵێت کوردی چی؟ من لە هەموو ژیانمدا یەک ڕستە کوردیم نەنووسیوە؟ من هەموو نووسـینەکانم بە تورکییە و چەند مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی نووسـەرێکی تورکە، منیش ئەوەنـدە کوردم.. لە درێژەی قسـەکانیدا دەڵێت، مەولانا لە لوتکەی ئەدەبیاتی فارسیدایە و نووسەرێکی فارسە.. مەبەستی ئەوەیە مادام بە فارسـی نووسـیوویەتی کەواتە فارسـە، بەو پێیەش ئەم

بە تورکی نووســـــیوویەتی، کەواتە تورکە و ڕاســـــتە لە درێژەی قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە دەبێت شەڕ لەگەڵ کورد ڕابگیرێت و درێژەی پێ نەدرێت و هۆکارەکەشـــــی دەباتەوە بۆ ئەوەی نایەوێت بە هیچ شـــێوەیەک تورکیا دابەش بکرێت و هەوڵەکانی ئەو بۆ مانەوەی ســانتڕالیزمی دەوڵەتی تورکییە. خۆی لە ڕاســتیدا یەکێک لە نووســەر و ڕۆماننووســەکانی تورک کە ناوی ســەعید فایەقە و یەشــار بە ئوســتادی خۆی لە ڕۆمانووســیندا وەســفی دەکات، هەر لە ســــەرەتای دەرکەوتنی یەشـــــار کەمالەوە، لەبارەیەوە وتوویەتی: (یەشـــــار کەمال؛ تورکترین کورد و کوردترین تورکە)

ســــەرنــج: لە ئەدەب و هــونەری کــوردســـــــتـــانــی نوێ/ژمارە٨٢٥٦ی٢٠٢٠وژمارە٨٢٦١ی٢٠٢١بڵاوبۆتەوە

## گفتوگۆیەکی ئەدەب و کلتووری ڕۆژنامەی ڕووداو

سازدانی: پێشەوا محەمەد

پێشەوا محەمەد: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟

یوسف عزەدین: هەرچەندە لەو جۆرە خوێنەرانە نیم، ڕۆژانە و بە هەمان ڕیتم، تا کۆتایی؛ تەنها یەک کتێب بخوێنمەوە.. مەبەستم ئەوەیە پێکەوە، زیاد لە کتێب و بابەتێک دەخوێنمەوە. بەڵام ڕێک لەم کاتەدا کە وەڵامتان دەدەمەوە، پاش تەواوبوونم لە موتاڵاکردنی کتێبی "پەنهانەکانی تەورات"ی "کەمال سەڵیبی"، وا خەریکی خوێندنەوەی کتێبی "ئەگەر موسافیرێک لە شەوێکی زستاندا"ی "ئیتالۆ کالڤینۆ"م، ئەم ڕۆمانەی هاوشێوەی ڕۆمانەکانی تری و بگرە زیاتریش یەکێکە لەکارە جدییەکانی ئەو نووسەرەی کە توانی لە دنیای نووسیندا؛ پێودانگە تەقلیدییەکانی فانتازیا و خەیاڵکردنەوە تێپەڕ بکات. ئەم ڕۆمانەی"کالڤینۆ"کە لە ئێستادا، وا سێهەمین

جـارە بیخوێنمەوە، بریتییە لە زنجیرەیەکی –ســـــەرد–ی پێکەوەگرێـدراوی داهێنەرانە و توانیویەتی هـاوکێشـــــەی کردەی نووسین و خوێندنەوە بگۆڕێت و جۆرە خوێنەرێکی جودا لە خوێنەری دەرەوەی تێکســـــت، یـان خوێنەری شـــــاراوە، یان لەو جۆرە خوێنەرەی کە بۆی دەگێڕێتەوە؛ بەڵکوو جۆرە خوێنەرێکی تری ئـافەریـدە کردووە. چونکە لای ئەو ڕۆمان هونەری بینراوە و هەر وەک خۆی ئاماژە بەوە دەدا کە هونەری بینراو لە ڕۆمــانــدا، لە بلزاک و ســـتاندال–ەوە دەســـــت پێ دەکات و لەفلۆبێر–دا دەگاتە لوتکەی پێوەندی نێوان؛ پەیڤین و وێنە.

پێشەوا محەمەد: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟

یوســـــف عزەدین: پێنـاچێت کتێبێکی لەو جۆرە لە دنیـادا هەبێت! بەڕەهـایی؛ توانســـــتی گۆڕینی ژیـانی من و تۆی خوێنەری هەبێت. دەشێت بڵێین ئەوەی من و تۆ و ئەوانەی تر لە مەنزڵێکی تێڕامــان و وردبوونەوە و تێفکرینەوە، دەبـاتە مەنزڵێکی تر؛ بیرۆکە بێت. بیرۆکەش لە قووڵاییی کـردە ئەزمـونـئـامـێـزەکـانەوە هەڵـدەقـووڵـێـت.. وەک

ئەزمونکردنەکانی بودا و غەزالی و عەتتار و شـــــەمسـ‍ـــــی تەبریزی و مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و ســـــەدرەددینی شـــــیرازی و زۆرێکی تر لەوانەی، هــاوکــات بە بوونی بــاکگراونــدێکی مەعریفی، توانیوویــانە بە ئەزمونکردن، شتێکی نوێ؛ بخەنەڕوو و دواتریش لەوانەوە بپەڕێتەوە بۆ موریدان و سالیکانی ڕێگەکەیان.

بە مەبەســـــتـی دوورنەکەوتـنەوە لەو وەڵامەی ئـێـوە مەبەســـتتانە وەچنگی بهێنن، دەتوانم بڵێم کۆمەڵێک کتێبی زۆر کاریگەر هەبوون و هەن لە ژیانمدا، لەوانە؛ "فیهی ما فیهی" و "مەســـنەوی" مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و "چوار ســـەفەرە ئەقڵییەکەی" ســـەدرەددینی شـــیرازی و هەردوو کتێبەکەی "ئیبن قرناس" کە ناوێکی خوازراوی کەســـێکی تائێســـتا نەناســـراوە و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی "جەمەل- کۆڵۆنیــا"، دوا بەدوای زنجیرە کتێبێکی زۆر کریتیک و پڕ ئیشکالدا ئەمانیشی چاپ کردووە... هەروەها لەکتێبە کاریگەرەکان؛ هەردوو کتێبە گرنگەکەی تۆڵســتۆی "ددان پێدانان" و " مەلەکوتی خودا لەناختاندایە" و سەرجەم نووســـینەکــانی غەزالی و ئیبن ڕوشـــــد و فــارابی و

ئیبنوئەلعەرەبی و ویڵ دیۆرانت و زۆری تر و دەبێت ئەو ڕاســـــتییەش لەیاد نەکەین، هەرگیز نووســـــین ناتوانێت، بەتەواوی و ڕەهـایی ئەزموونە قووڵەکـانی بنیـادەمـان لە زیندەگیدا بگوازێتەوە بۆ نێو دنیای نووســـــین. یەکێک لە ســـــۆفییە مێینەکانی چاخی نۆزدەیەم دەڵێت:( تێکســـــتی چاپکراو ناکرێت لەگەڵ ئەزموونەکانم یەکبگرنەوە).. پێش ئەم و ئەوانەی دیکەش، سـوکرات یەکێکە لە پێشـەنگی ئەو فەیلەسـووفانەی باوەڕیان وابووە، کتێبی نووسـراو ڕێگرە لە بەردەم کردەی فێربووندا، تا دەگەینە لای نووســـــەر و ڕەخنەگری ئەڵمانی "هانس ماگنۆس ئینســـنســـبێرگەر" کە داکۆکی لە ئەدەبی شـــــەفەهی کردووە و هەروەهـا لای زۆری تر لە نووســـــەران، دیاردەی ئەم دژە نووســـــینە دەبینینەوە؛ چونکە لەبنەڕەتدا ئاخافتن بنەچەیی و ڕیشـەیی ترە، لەچاو بنیاتنانی بیرۆکەکان و گێڕانەوەکان؛ لەکردەی نووسینەوەی نێو تێکستیاندا.

پێشەوا محەمەد: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟

یوســــف عزەدین: ڕەنگە ســــەرجەم ئەو کتێبانەی کە بە درێژاییی مێژووی خوێنەربوونم.. خوێندومنەتەوە؛ دواجار بووبێتنە باکگراوند و هەبوونە مەعریفییەکەی ئێســــتام، بەتایبەتیش وەک خۆم حەزم بە خوێندنەوەی کتێبە دژەباو و پڕئیشـکالەکانە.. وەرە کتێبە هەشـت سـەد لاپەڕەییەکەی "عەبدوڵڵا قوسەیمی" بە ناوی "عەرەب دیاردەیەکی دەنگییە" بخوێنەرەوە.. یان کتێبەکانی ڕەشید ئەلخەیون و کتێبەکانی ســــتیڤان تســــڤایگ و بە تایبەتیش کتێبی" کاتژمێرەکانی قەدەر لە مێژووی مرۆڤـایەتی"دا.. یـان کتێبەکـانی ئەلبێرتۆ مانگوێل و سیۆران و زۆری تر لەو نووسەر و بیرمەندانە بخوێنەرەوە کە دەشــــێت، هەندێکیان تاڕادەیەکی بەرچاو، زانراوەکانی پێشــــووترت لا بکەنە نەزانراو و ڕاســــتییە ســـەلمێنراوەکانیشــت بخەنە ژێر پرســـیارەوە و هەروەک "ئەمیل سیۆران" ئەڵێت: (کتێبی حەقیقی دەبێت سوێ بخاتە زامەکـانەوە و بەڵکوو دەبێت هەر خۆشــــی هۆکـار بێت. دەبێت کتێب ببێتە مەترسی)

پێشـــــەوا محەمەد: کتێبێـک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟

یوسف عزەدین: کتێبێکی لەو چەشنە شک نەبام، بەشێکی هۆکارەکەشـــی پەیوەســـتە بەوەی هیچ کاتێک نووســـین نەگـاتە ئـاســـــت کـامڵبوونی ڕەهـا؛ هەر تەســـــەور و پێداهەڵدانێکیش بۆ هەر کتێبێک کە گوایە گەیشـــتۆتە ئەو ئاستە.. کارەساتە و سیۆران ئەڵێت؛ ئاماژە و باسکردن لە کتێبە پێرفێکت و کامڵەکان دەمرشـــێنێتەوە. ئەوەی کردەی نووسـینیشـی تا ئەمڕۆ هێناوە، نیسـبییەت و ناکامڵبوون و ناپیرۆزبوونی نووســـینە.. نموونەیەکی ســـادە بهێنینەوە، کاتێک شـــەفەندەفەر لە ســـەرەتاکانی وەکارخســـتنیدا، وەک هۆکارێکی گواســـتنەوە دنیا ســـەرســـام دەکات.. زۆرێک لە نووســـەران، هەر بۆ نموونە نووســـەرە ئەڵمانەکان دەکەونە ژێر کـاریگەریی جـادوو و ســـیحری ئەو داهێنراوە و "لۆدفیک بۆرنە" پێی وابووە، شـەمەندەفەر دەبێتە شکێنەری زوڵم و زۆر و جەنگ کردن دەگەیەنێتە ئاســـتەم بوونی و لەوەش هەزەلیتر شـــاعیرێکی ڕۆمانســـی وەک "فۆن ئێرنیم"، چامەیەک بە ئەڵمـانی لە مەدح و ســـەنـای

شـەمەندەفەردا دەنووسـێت. بەڵام هەر لەو سـەروبەندانەدا "گۆتە" و دواتریش "هـاینریش هـاینە" پێچەوانەی تێڕوانینی تەقلیدی و باوی سـەردەمەکەی خۆیانیان سـەبارەت بە شـەمەنـدەفەر وتووە، هەر بۆ نموونە "هـاینە" ئەڵێـت: (شـەمەندەفەر بەشـێکی نوێیە لە مێژووی مرۆڤایەتی.. ئەو شوێن دەکوژێت و بێجگە لە زەمەن هیچی تر نامێنێتەوە)

پێشـەوا محەمەد: کتێبێک کە کاری لە سـتایلی نووسـینت کردووە؟

یوسف عزەدین: نازانم هەیە یان نییە؛ لام ڕوون نییە؟!

پێشەوا محەمەد: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟

یوسـف عزەدین: کتێـب چەنـد کـاریگەر و تراژیـدی و سـەرسـامکەر و پڕئیشـکال بێت؛ نامخاتە گریان.. بەڵکوو دەشـێ ماوەیەک ئاخافتنم لەبیر بباتەوە و ڕاپێچی دنیای بێدەنگبوونم بکات.

پێشەوا محەمەد: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟

یوسف عزەدین: کتێبەکانی تۆڵستۆی بەگشتی و بەتایبەتیش کتێبی "ددان پێدانان" و " مەلەکوتی خودا لەناختاندایە".

پێشەوا محەمەد: "ساڵی ١٨٨٦ ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئاییندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە تا وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپیانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا.. بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم: چاکە لای تۆ کامەیە؟"

یوسف عزەدین: لەم ساتەوەختەدا؛ بەلامەوە ماهییەت و شوناسێکی دیاریکراوی نییە.

پێشەوا محەمەد: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟

یوسف عزەدین: پێ ناچێت تەواو دیاریکراو و سەقامگیر و ڕەها بێت.. بەڵام با بڵێین؛ هەمان تایبەتمەندییە باشـــەکانی مرۆڤە بەگشتی.

پێشەوا محەمەد: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟

یوسف عزەدین: هەمان وەڵامەکەی پێشووترە...

پێشـــەوا محەمەد: بەنرخترین تـایبەتمەنـدیی هـاوڕێکـانت کامانەن؟

یوسـف عزەدین: هەمان ئەو وەڵامە دووبارە دەکەمەوە کە لە دیــالۆگێکی بڵاوکراوەی" ئەدەب و کلتووری ڕووداو ٢٠١٧"دا وتومە: "مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، تەســەوریێکی جوان و ناوازە و دانسقەی هەیە کەدەفەرمووێت: (هاوڕێی

هەمووان بە، بەڵام وەک ئەوانەی بت دروســـت دەکەن، لە بەرد هاوڕێیەک بۆ خۆت دروســت بکە).. واتە تەنها لەڕوو و بەنـاچـاری هـاوڕێی هەمووان بەو خەڵکی بنـاســـە!؟ بەڕاســتی و بەدڵ، ڕاز و نهێنییەکانت، تەنها لای هاوڕێ لە بەرد دروســـــتکراوەکەت بدرکێنە و تەنها هـاوڕێی ئەوبە.. ئەویک لە هیچ ئان و ســاتێکدا ناتوانێت ئێرەیت پێ بەرێت.. نـاتوانێـت ببێتە نـاحەز و دوژمنـت.. نـاتوانێـت زیـانـت پێ بگەیەنێـت.. نـاتوانێـت هەموو شـــتێکـت لێوە فێر بێـت و پاشــــانیش خیانەتت لێبکات. ناتوانێت چەندین گێڕانەوەی ناڕاســـت و درۆت لەبارەوە دروســـت بکات.. ئەو هاوڕێ لەبەر دروســتکراوەکەتە؛ نەدەبێتە تۆ و نەدەبێتە وێنەیەکی ناحەزو دوژمن، ئەو هەر ئەوە، هاوڕێ ڕاســـتەقینە لەبەرد دروستکراوەکەتە".

پێشەوا محەمەد: حەزت لە چییە؟

یوسف عزەدین: تەنهایی...

پێشـــەوا محەمەد: بەختەوەریی ئـایدیاڵ چۆن پێناســـە دەکرێ؟

یوســـف عزەدین: یەکێکە لەپرســـیارە پڕ ئیشـــکالەکان و بەگومانەوە تێی دەڕوانم.

پێشەوا محەمەد: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟

یوسـف عزەدین: تێنەگەیشـتن و کێشـمانکێش و پێکدادانی، ئەندامانی کۆمەڵێک لە خەڵکی هاوچارەنووســی؛ دەرەوەی خولگەکـانی مێژوو. دەرئەنجـامەکەشـــی دەبێتە مـایەی کلۆمـدانی بچووکترین دەرکەیەکی مێژوو؛ بۆ چوونە نێو مێژووی ڕاستەقینە و هەمیشـەش لەدەرەوەی مێژوو وەک ســەیرکەر و لەنێو مێژووشـدا وەک کۆمەڵە جەنگاوەرێکی ئازای ئامادەباشـــی مەرگ؛ لەپێناو ئەوانەی ترداو وەک خۆشـــیان بەبێ شـــوناســـیی و لەدەرەوەی کیانێکی ســـەربەخۆدا، وەک بەدبەخترین ســـولالە لەکۆیلەکـانی مێژووی بنیادەمان دەمێننەوە.

پێشەوا محەمەد: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟

یوسف عزەدین: هەر شوێنێک.. بتوانم؛ بە تەنهایی ڕۆژەکانی تێدا بەڕێ بکەم.

پێشەوا محەمەد: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟

یوسف عزەدین: دیاریکراو نییە.. گوڵێکی دزێو و ڕەنگێکی ناشیرین شک نابەم!

پێشەوا محەمەد: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟

یوسف عزەدین: یەک و دووان نین.. چ بە ژمارە کەم نین و چ مەرجیش نییە، ڕەهاو جێگیربن.

پێشەوا محەمەد: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟

یوسف عزەدین: هەموو ئەو شاعیرانەی مەبەستیان نەبووە شیعر بڵێن.. بەڵام کەوتویانە؛ وەک سەنائی و عەتار و

مەولانا و شـــەمســـی تەبریزی و حەللاج.. تەواو قووڵ و کاریگەر شیعریان وتوە.

پێشـــەوا محەمەد: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟

یوسف عزەدین: کۆمەڵێکن...

پێشـــەوا محەمەد: کـام پـاڵەوانە ژنەی ئەدەبیـات لای تۆ دڵخوازە؟

یوسف عزەدین: کۆمەڵێکن...

پێشەوا محەمەد: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟

یوسف عزەدین: زۆرن یەکێک لەوانە؛ ئەلێکس گارۆبێ...

پێشەوا محەمەد: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟

یوسف عزەدین: کاراڤاجیۆ، ڕۆفائیل، داڤینچی و کۆمەڵێکی تر...

پێشەوا محەمەد: حەزت لە کام ناوانەیە؟

یوسف عزەدین: هیچ جیاوازییەک لەنێوان ناوەکاندا نابینمەوە.

پێشەوا محەمەد: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟

یوسف عزەدین: پێناچێت ڕکم لەشتێکی دیاریکراو ببێتەوە!

پێشەوا محەمەد: حەزت لێ بوو چ تایبەتمەندییەکت هەبوایە؟

یوسف عزەدین: حەزێکی لەو چەشنەم نییە.

پێشەوا محەمەد: حەزت لێیە چۆن بمریت؟

یوسف عزەدین: حەزم لێیە بە تەنهایی و لە خامۆشی و بێدەنگییەکی تەواودا، وەک هەر درەختێکی دوورەپەرێزی نێو جەنگڵستانێکی سامناک، بە نەناسراوی و بەپێوە بمرم؛ دوور لە دنیای ڕەنگاوڕەنگی لافیتە هەڵواسین و چلەگرتن و هەندێک بۆنەو مەراسیم کە کارێکی زۆر دزێو و ناقۆڵا و هەڵاوگێڕە. ئەوەی کە لە دوای نووسەران جێ دەمێنێت تەنها ئەو نووسین و کتێبانەیە کەساڵانێکی تەمەنیان سەرقاڵی بوون؛ بەڵام ئەو نووسەرانەی دەزانن پاش خۆیان ئیمکانی مانەوەیان زەحمەتە، هاوکات لەگەڵ نەرجسییەتبوون وتەنانەت هەندێک کات ناتەواویشیان لەڕووی دەروونییەوە، بەتایبەت لەکاتی ئامەدەگی بیرۆکەی سامناکانەی مەرگ و نزیکبوونەوەیدا؛ ڕەنگە هەبن لەبەر هەر هۆکارێک، زانراو یان نەزانراو؛ ناچاربن، داوای ناشتن لەشوێن و پارکی تایبەت و دروستکردنی باڕ نزیک مەزاریان و هەندێک داواکاری لەو جۆر و تەرزە هەزەلییانە بکەن؟! مەرگ کردەیەکی ئاساییەو پێشتریش هەر بەگەنجی

ئەزموونێکی بەراییم لەگەڵ مەرگـدا هەبووەو بەشـــێوە مەجازییەکەی لەنزیکەوە دیالۆگم لەگەڵی هەبووە، مەبەستم ســـەردەمی پێش ڕاپەڕینە، ئەو دەمەی وەک زیندانییەکی سیاسی چاوەڕێی گوللەبارانکردن بووم؛ دەرئەنجامی ئەو پێکدادان و ململانێ ناوەکییەی ناوەوەی خۆم، گەیشـــتمە فـامکردنی ئەوپەڕی ئەوەی ئەگەر بمرم و بمێنم چی ڕوودەدات، وەک ســـۆفۆکلیس-یش ئەڵێت؛ نەهاتنە بوون باشترین بارودۆخە بۆ مرۆڤ.

پێشەوا محەمەد: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟

یوســـف عزەدین: ئاســـاییە و بەتایبەتیش ئەو دەمەی دەتوانیت بگەیتە ئەوەی تۆڵســـتۆی و هاوشـــێوەکانی لە ئەزمونکردنی ژیاندا پێی گەیشتوون.

پێشەوا محەمەد: دروشمی تۆ چییە؟

یوسف عزەدین: هیچ دروشمێکم نییە و ناشمبێت.

پێشەوا محەمەد: ئەگەر بتگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟

یوسف عزەدین: بەڵی هەر بەوەی ئێتسا قایل و ئاسوودەم.

پێشەوا محەمەد: مامۆستای بەڕێز، سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، ئیش لەسەر چ کارێک دەکەی، هەندێ وردەکاریمان لەسەری پێ بڵێ، کارەکەت لە چ قۆناغێکدایە؟

یوسف عزەدین: ناشێت؟! هەر وەک مارکیز ئاماژەی پێ دەدات؛ دەبێت بە چاوی بەزەییەوە بڕوانینە ئەو نووسەرانەی، پێش تەواوبوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکانیان، لە میدیاکانەوە باسی لێوە دەکەن.

سەرنج: لە"ئەدەب و کلتوور"ی ڕۆژنامەی"ڕووداو"ژمارە١٢٧ی٢٠١٩/٨/٥بڵاو بۆتەوە.

**کورتەیەک سەبارەت بە نووسەر:**

لە ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١یەکێک بووە لە زیندانە سیاسییەکانی مودیریەتی ئەمنی سلێمانی، ناسراو بە"ئەمنەسوورەکە"، دوای ئەوەی خۆی و کۆمەڵێک هاوڕێی، فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچێت، تا لە بەرواری ٢١-٣-١٩٩١دا لە مەلعەبەکەی سلێمانی بە بەرچاوی خەڵکەوە گوللەباران بکرێن. بەڵام لە نیوەڕۆی ٨-٣-١٩٩١ پاش شالاوی خەڵکی ڕاپەڕیوو بۆ سەر ئەمنەسوورەکە و سەرکەوتنی زیندانییەکانی هۆڵی ژمارە یەکیش،لە شکاندنی دەرکەی هۆڵەکەیاندا لە نێوەوەڕاو دواتر یەکگرتنەوەیان لەگەڵ خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی دەرەوەدا؛ ئەم و سەرجەم زیندانییەکان ئازاد دەبن.

یەکەمین بابەتی بڵاوکراوەی؛ شیعرێکی تایبەتە بە موعاناتی زیندان و پاش ئازادبوونی نووسیویەتی و لەساڵی ١٩٩٢ لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن، لەنێو کۆمەڵێک شیعری تری نێردراودا، هەڵبژێردراوە و لە ڕۆژنامەی مەڵبەند-یاندا بڵاو کراوەتەوە.

ژمارەیەکی بەرچاو بابەتی لە زمانی تورکی و عەرەبی و جار جارەش لە ئینگلیزییەوە کردۆتە کوردی و کۆمەڵە بابەتێکیشی لە جۆری لێکۆڵینەوە و گێڕانەوەی بە زمانی عەرەبی نووسراوی، لە هەندێک سایت و گۆڤار و پێگە ئەلکترۆنییەکاندا؛ بەتایبەتیش مەغریبییەکاندا بڵاو کراونەتەوە.

لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی مەغریبی "سەعید بلغربی"، کۆمەڵێک تێکستی کراونەتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکدا بەناوی "ئەنفارار"، لەمەغریب ٢٠١٥چاپ و بڵاوکراونەتەوە و ئەمەش نموونەی یەکەمین ماتەڕیاڵێکی ئەدەبیاتی کوردییە وەرگێڕدرابێتە سەر ئەو زمانە. هەروەها دەقی لەلایەن کەسانی تریشەوە وەرگێڕدراون وەک؛ عەلی ئەشرەف دەروێشیان و موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی و...

ئەندامی هیچ یانەو کۆڕو کۆمەڵێکی ئەدەبی و فیکری و فەرهەنگی و سیاسی نییە.

لەکتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

ئەودیوی حیکایەتە نەنووســـراوەکان/ڕۆمان/چاپخانەی شڤان-سلێمانی ٢٠٠٦

پێخەفێک لەخوێن/ گێڕانەوە /دەزگەی ئاراس/هەولێر٢٠٠٨

تەنها ڕۆژێکی ســـــارد/ڕۆمــان /دەزگەی موکریــان /هەولێر٢٠٠٨

مــاجەڕاکــانی ســـەلمــانی فــارســـی/ڕۆمــان/یــانەی قەڵەم/سلێمانی٢٠٠٩

وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان/ڕۆمان/ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە/سلێمانی٢٠٠٩

وەهم و شـوناس/ دیالۆگ و وتار/ چاپخانەی یاد/سـلێمانی ٢٠١٢

ئەنــفــارار-کــۆتــایــی/ گــێــڕانەوە /خــانەی کەبەدانــی/ مەغریب٢٠١٥

هەمیشـــــە جەللادو هەردەم قوربـانی/دیـالۆگ و وتـار و وەرگێڕان/ چاپخانەی کارۆ/سلێمانی٢٠٢٠

نهێنییەک لەنێوەڕاستی ڕووبارێکدا/ ڕۆمان و گێڕانەوە/چاپخانەی کارۆ/سلێمانی ٢٠٢٠

